

# سەردانەکانی سەرۆکی کوردستان جارێکی

بەرنامەی سەردانەکانی سەرۆکی کوردستان لە بۆنەیەکی مێژوویی گرنگدا کە یۆبیلی زێڕینی شۆڕشی ئەیلول بوو لە زاخۆی دەلالەوە دەستی پێکردو بە خانەقینی لەیلا قاسم کۆتایی هات، دەسپێکی ئەم سەردانانە لەم بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەدا سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەو گیانی تەبایی و یەکڕیزییە بوو کە لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ئەیلولدا سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، ئەمجارەش سەرۆك بارزانی لەیادی یۆبیلی زێڕینی ئەو شۆڕشە مەزنەدا لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەیامی یەکڕیزی و ئاشتی و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و پەیامی دیموکراتی و ئاشتیخوازانەی خۆی دووبارە کردەوەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت لەم وڵاتەدا جارێکی دیکە کورد شەڕی کورد بکات و دەبێت بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەروو هەموو شتێکەوە سەیر بکرێت.

سەرۆك لەهەموو وتارەکانیدا جەختی لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش کردەوەو هاووڵاتیانی کوردستانی دڵنیاکردەوە کە جارێکی دیکە کێشەی کورد بەرەو دواوە ناگەڕێتەوەو هەر دەبێت بەرەو پێشەوە بچێت و بەهەموو لایەکیشی ڕاگەیاند، ئەو بۆ ئەوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی قبوڵ نەکردووە تا پێی بگوترێت سەرۆکی کوردستان، بەڵکو بەڕێزیان مەبەستی بووە لەم پێگەیەوە ئەو ئامانجانە بۆ کورد بەدەست بێنێت کە لەم قۆناغەدا دەکرێت بەدەست بهێنرێن و ئامانجەکانیشی بەمجۆرە پۆلێن کرد:

١- ڕێکخستنیماڵی کورد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت.

٢- بۆ ئەوەی وڵات لەسەربنەمای دامەزراوەیی بونیادبنرێتەوەو ببینە خاوەنی دەوڵەتی دامەزراوەیی و یاسا.

٣- پێگەیەکی وا بۆ کوردستان دروست بێت کە شایستەی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان بێت.

٤- چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان دەبێت ئەوەی لەدەستووردا هاتووە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە جێبەجێ بکرێت.

٥- هەوڵدانی جددی بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی زمان و نووسین.

ئەم پێنج ئامانجەی سەرۆك ئاماژەی پێکردن، هەر پێنجیان لەماوەی سەرۆکایەتی بەڕێزیان هەنگاوی جددی بۆ هەڵگیراوەو لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەنگاوەکان بەردەوامن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەتەواوەتی، بەڵام هەموو هەوڵەکانی سەرۆکی کوردستان بەو ئاراستەیەن ئەم ئامانجانە بەدیبهێنرێن، بەتایبەتی خاڵی یەکەمیان کە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردو کوردستانە، بۆ ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك پێویستر و گرنگترەو لەهەموو وتارەکانیشدا سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان بە پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە لەسەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێستن و جیاوازی بیربۆچوونی سیاسیی نێوان لایەنەکانیش مەسەلەیەکی زۆر ئاساییەو نەك نەبۆتە ئاستەنگ بۆ کۆدەنگی لەسەر ئەو پرسە نیشتمانی و نەتەوەییانە، بەڵکو بۆتە هۆکاری ئەوەی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلانە جەخت بکەنەوە.

سەبارەت بە بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی و سەروەریی یاساش

**سەرۆک بارزانی لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەیامی یەکڕیزی و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و پەیامی دیموکراتی و ئاشتیخوازانەی خۆی دووبارە کردەوە**

**ڕێکخستنی ماڵی کورد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت ، یەکێکە لەو ئامانجانەی کە سەرۆک بارزانی مەبەستیەتی وەدیبهێنێت**



# دیکە زاخۆ و خانەقینی پێکەوە گرێدایەوە

کە ئامانجێکی دیکەی سەرۆکی کوردستانە، لەهەموو وتارەکانیدا بەڕێزی جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە ئەو پرۆسە چاکسازییەی لەم پێناوە ڕاگەیەنراوە بەردەوام دەبێت و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش بەندە بەهاوکاری هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە.

لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی پێگەیەکی وا بۆ کوردستان دروست بێت کە شایستەی خەبات و قوربانیدانی میللەتەکەمان بێت، دیسان جێگەی شانازییە لەماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانیدا زیاتر لە ٢٠ کونسولخانەی ولاتان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە کە چواریان کونسولخانەی ولاتانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن و ئەم ڕێژەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندایەو مەزندە دەکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا زۆربەی دەوڵەتانی جیهان کونسوڵخانەی خۆیان لەهەولێر بکەنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیهان بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و ئامادەیە پێوەندی بازرگانی و دۆستانە و دیپلۆماتی لەگەڵ دروست بکات.

خاڵێکی دیکە کە مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانە لە شەنگار تا جەلەولا سەعدیە، سەرۆکی کوردستان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە چارەسەری کێشەی ئەم ناوچانەو گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان سازشی لەسەر ناکرێت و دەبێت بەپێی دەستووری عێراق ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، ئەوەشی نەیەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت مانای ئەوەیە نایەوێت عێراق جێگیر و سەقامگیر بێت، ئەم پەیامە ڕاشکاوەی سەرۆکی کوردستان کە خاڵێکی گرنگی هەموو پەیامەکانی بووە لە زاخۆوە تا خانەقین مانای ئەوەیە ئەگەر کێشەی ئەم ناوچانە چارەسەر نەکرێت ئەوا نەك هەر قبوڵ ناکرێت، بەڵکو عێراقیش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت و ئیرادەی ئێستاش هەمان ئیرادەی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی نەمرە کە هەموو شتێکی کرد بە قوربانی کەرکوك و ئەو ناوچانە، لەمەش زیاتر تا کێشەی ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بەشێوەیەکی ئاشتی و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر دەکرێت، سەرۆك بارزانی جەختیکردەوە کە وەك پێشمەرگە بەرگری لە هاوولاتیانی کوردستانی ئەو ناوچانە دەکات و ئەو هێزەی پێشمەرگەیەش کە بۆ پاراستنی کورد لە جەلەولا و سەعدیە چۆتە ئەو دەڤەرە ناکشێنەوەو هاوولاتیانی کوردستان دەپارێزن.

لایەنێکی دیکە کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ داهاتوو هەوڵدان و کاری جددیە بۆ ئەوەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان ببێتە خاوەنی زمانی خوێندن و نووسین، کە ئەم زمانە یەکگرتووەش فاکتەرێکی دیکەی گرنگە بۆ گرێدانەوەی هەموو کوردی ناوچە جیاجیاکان و پارچەکانی دیکەی کوردستان پێکەوە.

ئەگەر لەم ئاستەوە سەرنجێکی ورد لەو ئامانجانە بدەین کەسەرۆکی کوردستان جەختی لەسەرکردنەوەو بە هاوولاتیانی کوردستانی ڕاگەیاند، دەبینین ئەم ئامانجانە هەر هەموویان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا بناغەی بۆ داڕێژراوەو سەرۆکی کوردستان لەسەر ئەو بناغەیەوە هەوڵدەدات ئەو کارانە تەواو بکات کە بارزانی نەمر پێش ئەو نەخشەی بۆ کێشاوە، ئەمەش زیندووکردنەوەو بەرز ڕاگرتنی ئەو ئیرادەیەی بارزانی نەمرە کە لەشۆڕشی ئەیلولدا ڕەنگیدابۆوەو هەموو کوردستانی پێکەوە گرێدابۆوە.

**سەرۆکی کوردستان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە چارەسەری مەسەلەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەر لە شەنگار تا جەلەولاو سەعدیەو گەڕانەوەیان سازشی لەسەر ناکرێت و دەبێت بەپێی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن**

**لە پەیامەکەی سەرۆکی کوردستان ڕاشکاوانە ئەوە هاتووەو دەڵێت ئەوەشی نەیەوێت کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەر بکرێت مانای ئەوەیە نایەوێت عێراق جێگیر و سەقامگیر بێت**



مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ گوڵان:

# بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی مانگی داهاتوو کاتی گۆڕینی حکومەتە و تا کۆتایی ئەم مانگەش ئەم پرسە یەکلایی دەکەینەوە



مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێکە لە کاراکتەرە دیارەکانی بواری سیاسەت لەکوردستان و ئەندامی شاندی دانوستاندنی نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنە، هەروەها بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتیشە، بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها ئەو تەحدیانەی ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە وەك هێرشی فڕۆکە و بۆمباران بۆ ناوچە سنوورییەکان و پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و چەندین پرسی هەنووکەیی دیکە، سەردانی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیمان کرد و ئەم پرسانەمان لەگەڵ تاوتوێ کرد و بەڕێزی بەسوپاسەوە پێشوازی لێکردین و ڕاشکاوانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی ئەو دیمانە تایبەتەیە لەگەڵ گوڵاندا.

## بەرپرسیارێتی هەمووان لەبەرانبەر چارەنووسی نەتەوەیی کورددا

*** سەرەتای گفتوگۆمان لەگەڵ بەڕێزتاندا لەپرۆسەی سیاسی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، ئەمڕۆ دەروازەیەك کراوەتەوە بۆ یەکریزی و لێکگەیشتن و خەریکە لە گفتوگۆکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا جۆرە کرانەوەیەك دروست دەبێت، بەتایبەتی دوای چوار بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی، بەڕێزت یەکێکیت لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنەکە، بۆیە حەزدەکەین بزانین سەبارەت بەم لایەنە چ دەڵێیت؟**

- پێش ئەوەی داوەش بکرێین بەسەر لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، ئێمە هەموومان پێکهێنەری ئەم پێکهاتەیەی کۆمەڵگەی کوردستانین و بەرپرسیارین بەرامبەر بە چارەنووسی وڵاتەکەمان و نەتەوەکەمان، کەواتە ئەگەر لەهەندێك شتیشدا لەیەك جیاوازبین و بیرکردنەوەمان وەکو یەك نەبێت، بەڵام لە زۆر شتدا لێك نزیکین و دەبێ یەکهەڵوێستانە یەکریزی نێومالی کوردی بپارێزین.

لەم چوارچێوەیەدا لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا پێویستمان بەجۆرە ئاراميیەك هەیە، بۆ ئەوەی هەموو هێز و تواناکانمان بە ئاراستەیەك بێت تا بتوانین ئەو دەستکەوتانەی مەبەستمانە بەدەستیان بهێنین، هەروەها هەوڵی ئەوە بدەین پێکەوە شێوازێکی گونجاوی حوکمڕانی لە کوردستان دروست بکەین کە نموونەیەکی باش بێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** بەڵام پێشتر ناکۆکییەکان قووڵ بوون، بەو سیفەتەی بەڕێزت لەنزیکەوە لەناو پرۆسەکەدایت، حەزدەکەین بزانین چۆن گەیشتنە ئەم قۆناغەی ئێستا؟**

- لە سەردانێکماندا بۆ لای لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن باسمان لەوە کردووە ئەگەر بێت و گفتوگۆکانیشیان هەڵنەپەساردبایە، ئەو بابەتانەی ئەوان باسیان کردبوو، دەبوایە وەك پێویستییەك چارەسەر بکرێن، لەلایەکی دیکەوە بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ کە لە ٢٠١١/٤/٣ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێك لەو خاڵانەی ئەوان باسیان کردبوو، فەرمانی پێ دەرکردووە، هەربۆیە لەو بڕیارانەشی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم دواییە دەریکردووە، ئاماژەی بەو بڕیارانە کردووە کە لە ٤/٣ دەرچووە جەختی کردۆتەوە کە دەبێ هەموو لایەك ئیلتیزامی پێوە بکەن، زیاد لەمانەش لەسەر هەموومان پێویستە بەشێوەیەکی بابەتیانە واقیعی کوردستان بخوێنینەوە، لەگەڵ هەندێك ڕووداوی دیکە کە لە دەوروبەردا هەیە یان لە شوێنی تر هەیە و دەبینرێت و دەبیسترێت، تێکەڵاو نەکرێت، بەڵکو دەبێ بەو شێوەیە لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان بکرێت کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری چەند هەڵدەگرن و چەند دەتوانن لەگەڵ واقیعی کوردستان گونجاو بن، بۆیە ئەمە وایکردووە کە ئۆپۆزسیۆنیش بە هەرسێ لایەنەوە واقعییانەتر بارودۆخەکە بخوێننەوە، هەروەها دەسەڵاتیش بەهەمان شێوە، هەربۆیە وەکو باسمکردن هەموومان بەشێکین لەو وڵاتەو کەسمان لێرە میوان نین، کەواتە دەبێ شێوازێکی پێکەوە گونجان دروست بکەین، ئێمە کاتێك باس لە پێکەوەژیانی سیاسی دەکەین، کەواتە دەبێ جیاوازییەکانی یەکتریش لەڕووی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونەوە قبوڵ بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە هیچ لایەك هەوڵ نەدات بیروباوەڕەکانی خۆی بەزۆر بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێت یان وا بیر بکاتەوە کە ڕاستییەکان تەنیا لای ئەوەو لای کەسی تر نییە، بۆیە ئەگەر واز لەمجۆرە بیرکردنەوانە بێنین، دەتوانین بگەینە ئاکامێك، پێموایە لەچەند مانگی پێشوودا زۆر شت ڕوویداوە توانراوە خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت.

**لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا پێویستمان بەجۆرە ئاراميیەك هەیە. بۆ ئەوەی هەموو هێز و تواناکانمان بە ئاراستەیەك بێت تا بتوانین ئەو دەستکەوتانەی مەبەستمانە بەدەستیان بهێنین. هەروەها هەوڵی ئەوە بدەین پێکەوە شێوازێکی گونجاوی حوکمڕانی لە کوردستان دروست بکەین**

*** ئەو چوار بڕیارەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ بوون و لە هەموو لایەکیشەوە پێشوازی لێکرا، بەڵام لایەنی ئۆپۆزسیۆن پێیانوایە تەنیا یەك بڕیاریان جێبەجێکراوەو سێیەکەی تریان جێبەجێ نەکراوەو دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانیش بەستراوە بەو سێ خاڵە، بۆچی ئەو سێ خاڵە جێبەجێ ناکرێت؟**

- هەموو ئەو بڕیارانەی جەنابی سەرۆك دەریکردون بۆ جێبەجێکردن بوون و دەبێ جێبەجێ بکرێن، بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی هەر یەك لەو خاڵانە جیاوازی هەیە، یان لە هەندێك شوێن هەیەو لە هەندێك شوێنی تر نییە، یەك لەو خاڵانە ئەوەیە کە کەسانێك لەسەر بیروڕای سیاسی نانبڕاو کرابێتن پێویستە بگێڕدرێنەوە، ئەمە پێویستی بە لیژنەیەك هەبوو و لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش باس کرا، تا لیژنەکە میکانیزمەکەی لەلایەن حکومەتەوە دیاری بکرێت، چونکە بابەتێکی حکومییەو ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی یان ئۆپۆزسیۆن ناکرێ لیژنە پێکبهێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، بابەتەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بڕیاریان بۆ دەرچووە لایەنی پەیوەندیدار ئەنجامی دەدات و حکومەتیش لەلایەن وتەبێژی خۆیەوە ڕایگەیاندووە کە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو دەدات بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەو بڕیارانە.

*** یەکێك لەبڕیارەکانی دیکەی سەرۆك بارزانی، تایبەتە بە ڕادەستکردنی ئەو کەسانەی کە هاندەر بوون یان تەقەیان لەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی کردووە، ئەم خاڵە کە ڕووبەڕووی دادگا کراوەتەوە تا چەند ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان وەك یەك ئەم خاڵەش جێبەجێ بکەن؟**

- پێموایە کە بڕیار دەرچووە، واتە ئامادەباشییەکە هەیەو زەمینەی بۆ دروستکراوە بۆ ئەوەی ئەوانەی کە هاندەر بوون یان کەمتەرخەم بوون لە ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیان و ئەوانەی کە تەقەیان کردووە لە پۆلیس و پێشمەرگەو لەوانەیە هێرشیان کرابێتە سەر، ئەمانە هەمووی وەکو پاکێجێك وایە کە لەلایەنی دادگاوە داوا دەکرێن و دادگا بەپێی ئەو ڕێوشوێنانە کە لە یاسا بۆی دانراوە، ئیجرائاتی خۆیان لێ وەردەگرێت.

*** ئەگەر ئامادەباشی هەیە بۆچی تا ئێستا کۆبوونەوەکان دەستی پێنەکردۆتەوە؟**

- ئێمە چاوەڕێی ئەوەین ئۆپۆزسیۆن لەلای

**کەسانێك لەسەر بیروڕای سیاسی نانبڕاو کرابێتن پێویستە بگێڕدرێنەوە. ئەمە پێویستی بە لیژنەیەك هەبوو. لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش باس کرا تا لیژنەکە میکانیزمەکەی لەلایەن حکومەتەوە دیاری بکرێت. بابەتێکی حکومییەو ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی یان ئۆپۆزسیۆن ناکرێ لیژنە پێکبهێنین**

خۆیەوە کۆتایی بە هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکان بهێنێت و ئەوەی بیستوومانە لە میدیاکان گوایە هەرسێ لایەنەکە لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بابەتە دوا بڕیار بدەن، پێش دەرچوونی بڕیارەکانی جەنابی سەرۆك لەگەڵ هەرسێ لایەن باسمان کردووەو چاوەڕوانین کە ئەوان ئامادەیی خۆیان دەرببڕن بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان، ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە کە هەر کاتێك ئەوان ئامادە بن ئێمە ئامادەین بۆ دانیشتنەکان.

*** بۆچی ئەوان ئامادە نابن و هۆکاری ئامادە نەبوونیان چییە؟**

- من لەو ماوەیەدا لەوانەیە ڕاستەوخۆ قسەم لەگەڵیان نەکردبێت، بەڵام لە میدیاکان بیستوومە کە وتوویانە لە کۆبوونەوەی خۆیان ئەم بابەتە یەکلایی دەکەنەوە، ئێمە هیچ پەیامێکمان نەناردووە، بەڵام گوێمان لە پەیامی ئەوان بووەو یەکێك لە ئەندامانی شاندەکەیان قسەی کردووە گوایە لە کۆبوونەوەکەیان بڕیاری یەکلایی کەرەوەی خۆیان دەدەن.

*** باشتر وا نییە پێوەندییەك لەنێوانتاندا هەبێت نەك لەمیدیاکانەوە پەیام بۆ یەکتری بنێرن؟**

- بێگومان باشترە ئێمە لە دوایین پێوەندی وتوومانە ئەو بابەتانەی ئێوە دەیڵێن قبوڵمانەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی دەرکردووەو کەی ئێوە بڕیارتان دا بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان ئێمە ئامادەین.

*** ئایا پێت وانییە ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەکاتە بۆیە بەمجۆرە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان دوادەخات؟**

-لەو بڕوایەدا نیم مەبەستیان سوود وەرگرتن بێت لە کات، بە بۆچوونم پێدەچێت ئەوانیش هەندێك گرفتی تایبەتییان لەنێو ڕێکخستنەکانی خۆیاندا هەبێت و دوای چارەسەرکردنیان دەست بە کۆبوونەوەکان بکەنەوە، دیارە بەرچاو ڕوونییەك لەنێوان هەردوو لایەن (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن) دروست بوویێت، چونکە ئەم وڵاتە دەبێ بە شێوەیەکی باش و سەردەمیانە بەڕێوە بچێت، بەشێوەیەك بێت کە خۆشگوزەرانی خەڵك و ئاسایش و سەقامگیری دابین بکرێت. بە بڕوای من هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە ئەو وڵاتە پێکەوە بەڕێوە بەرین.

*** بۆ بەڕێوەبردن مەسەلەی حکومەتیش دێتە ئاراوە، یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنرێت یان ئەم حکومەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئایا ئەمەش یەکێك بووە لە خاڵەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن؟**

- سەبارەت بەوەی چۆن دەکرێت پێکەوە کاربکەین، ئێمە سێ پێشنیارمان خستۆتە بەردەمی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، یەکەم دەکرێت حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنین و بە هاوبەشی وڵات بەڕێوە بەرین و میکانیزمێکیش بۆ ئەو چاکسازییە دابنێین کە هەردوو لامان لەسەری ڕێکدەکەوین، ڕێگەی دووەم ئەوەیە کە ئەوان ئۆپۆزسیۆن بن، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنێك کاری ئۆپۆزسیۆنی خۆیان بکەن و ئێمەش دەسەڵاتی خۆمان بەڕێوەبەرین، سێیەمیشیان ئەوەیە دەکرێ داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، بەڵام تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی و ئەو حزبانەی لە دەسەڵات بەشدارن دەسەڵاتەکە بەڕێوەبەرن و وڵاتێك نەکەوێتە نێو بۆشاییەکی یاساییەوە.

**ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەشداری لە حکومەتدا بکەن ئەوا ئاسانکارییەکی یەکجار زۆریان بۆ دەکرێت و کابینەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کابینەیەك دروست دەبێت کە هەموو لایەنەکان پێکەوە دروستی دەکەن**

## دەستاو دەستکردنی حکومەت بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی

*** هاوکات هەر لەسەر مەسەلەی حکومەت، بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوولاتان، پارتی بۆی هەیە چاو بخشێنێتەوە بە وەرگرتنەوەی حکومەت، ئایا لە مەکتەبی سیاسی باسی ئەوەتان کردووە یان بە نیازن لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی باسی چارەنووسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- ڕەنگە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە.

*** ڕای ئێوە وەکو مەکتەبی سیاسی پارتی چییە؟ ئایا پێتانوایە پارتی حکومەت وەردەگرێتەوە یان وەرنا گرێتەوە؟**

- لێرەدا مەسەلەکە حەق و ناحەق نییە، ڕێککەوتنێك لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە کە گۆڕینی دەسەڵاتەکان دوو ساڵ جارێك بێت، واتە دوو ساڵ لە دەست پارتی و دوو ساڵی تر لە دەست یەکێتی بێت، لە مانگی داهاتوو بەدواوە کاتی ئەم گۆڕینەیە، مەسەلەکە وەکو ئیستیحقاق ئیستیحقاقی پارتییە، بەڵام تا کۆتایی ئەم مانگە کۆتایی بەم گفتوگۆیانەش دەهێنین.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە ئەم دەستاودەست کردنە لەوانەیە لایەنی باشی تێدا هەبێت، لەلایەك وەك ئەو ڕێککەوتنەی لەسەری ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی خۆمان ڕابهێنین لەسەری، لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەناو خەڵکیش مەقبول بێت.

***گریمان پارتی حکومەتی وەرگرتەوەو ئێوەش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوون لە گفتوگۆکان، ئایا دیسان ئەگەری حکومەتی بنکە فراوان، کراوە دەبێت؟**

-ئەمانە دوو شتی لێك جیاوازن، بەڵام ئەگەر بکرێنە یەك مەسەلەو تێکەڵاویش پەیدا ببێت، لەوانەیە ئاسانکاری بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تریش.

***ئەگەر جێگۆڕکێ بە سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان بکرێت پێت وانییە ئەمە ببێتە ئاستەنگێك بۆ زیاتر لێکگەیشتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا؟**

- دەمێنێتەوە سەر ئەو بڕیارەی کە لە کۆتاییدا ئۆپۆزسیۆن بە هەرسێ لایەنەوە دەیدەن، ئایا ئارەزووی بەشداری کردنیان لە حکومەتدا هەیە یان دەیانەوێ هەر وەکو ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، ئەگەر بەشداری لە حکومەتدا بکەن، ئەوا ئاسانکارییەکی یەکجار زۆریان بۆ دەکرێت و کابینەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کابینەیەك دروست دەبێت کە هەموو لایەنەکان پێکەوە دروستی بکەن و ئەگەر پارتی حکومەتی وەرگرتەوە، ئەوا کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت داوا لە ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ بەشداری کردن لە حکومەت.

## هێرش و هەڕەشە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان

*** هەر سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحددییەکان، حاڵی حازر ناوچە سنوورییەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی فڕۆکەو تۆپبارانی وڵاتانی دراوسێوە، ئایا لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستتان چییە؟**

- مەسەلەی تۆپباران کە چەندین ساڵە دووبارە دەبێتەوە، زەرەرمەندی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا خەڵکی سڤیل و بێ گوناهـ و کەمدەرامەتی سنوورنشینەکانە، ئەمە ڕەگوڕیشەیەکی دوورودرێژی هەیەو بیانوو و

بیانوودۆزیش هەن، لە ڕاستیدا ئەم بارگرژییەی کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری و دەروونی خەڵکی کوردستان کردووە جگە لە خودی ئەو خەڵکەی کە ڕاستەوخۆ ئامانجی هێرشەکانن و لەڕووی جەستەیی و دەروونی و ماددییەوە زەرەرمەند دەبن، خەڵکی کوردستانیش جۆرێك بێزاری و ناخۆشیی بۆ پەیدا بووە کە هەموو ساڵێك لە کاتێکی دیاریکراودا ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە.

بێگومان کێشەیەك لە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بەناوی کێشەی کوردەوە هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێت، ئاشکرایە دەبێت هەموو لایەك بگەنە ئەو ڕاستییەی ئەم کێشەیە بەهێزی سەربازی و لولەی تفەنگ چارەسەر ناکرێت، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە تەنیا برا کوردەکانمان نابێ تفەنگ بەکار بهێنن، بەڵکو دەبێ حکومەتەکانیش تفەنگ بەکارنەهێنن بەرامبەر بەکورد و ڕێگەچارەکەی تەنیا سیاسییانەیەو دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بێت.

ئێستا لە دنیادا ڕێگەی چۆنیەتی پێکەوە ژیانی جیاوازەکان زۆر ئاسان بووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ بتەوێت چارەسەری بکەی، من زۆر خۆش بین بووم بەوەی کە لە تورکیا باس لەوە دەکرا کێشەیەك هەیە بەناوی کێشەی کورد و پێویستە چارەسەر بکرێت، هەروەها سەرۆك وەزیرانی تورکیا هاتە دیاربەکر و وتی کە مەسەلەی کورد هەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت، لەم بارەیەوە هەنگاوی زۆریش نراوە، پێمانوایە پێشوازی لایەنی کوردیش لەوەی کە ئێستا هەیە زیاتر بێت، لە ئێرانیش دەبێ هەنگاو بنرێت بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە، چونکە بە زۆرو بە کوشتن نە چارەکراوە نە چارەش دەکرێت.

*** بەڵام ئێستا شەڕێك لەسەر خاکی ئێمە دەکرێ کە ئێمە حەزمان لێ نییە، ئایا ڕای بەڕێزت لەسەر چۆنیەتی دوورخستنەوەی ئەم شەڕە لەهەرێمی کوردستان چییە؟**

- ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەوڵێکی جددی هەیە لەلایەك لەگەڵ پژاك و پەکەکە، لەلایەکی دیکەش لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، خەریکە جۆرە لێکتێگەیشتنێك لەگەڵیاندا دروست دەکەین، ئومێدەوارم کە ئەمە لێکحاڵیبوونی کۆتایی بێت و ڕێخۆشکەر بێت کە بەرەو دیالۆگ و چارەسەرکردنی کۆتایی کێشەکە بچن بەشێوەیەکی یەکجارەیی و چارەسەرێکی کاتیی نەبێت، ئێمە لە کوردستانی عێراق بەو کێشەیە نیگەرانین و لەڕووی نەتەوەیی زۆر پێوەی ماندوو دەبین، بەڵام کێشەیەکی گەورەیە بە نیسبەت ئێمەوە، ئومێد دەکەین ئەو هەوڵانەی کە دراوە سەر بگرێت و کێشەکان چارەسەر بکرێن.

*** تا چەند پژاك و پەکەکە گەیشتوونەتە قەناعەت کە لە کوردستان خەباتی سیاسی بکەن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان نەخەنە ژێر مەترسییەوە؟**

- ئێمە دەبێ ئەو واقیعە لەبەر چاو بگرین کە ئەوان ئێستا کێشەیان لەگەڵ ئێران و تورکیا هەیەو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە نین کە ڕازین لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بژین، ئەوانەی ڕازین لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمدا بژین ئەوانە دیارن و هیچ کێشەیەکیان دروست نەکردووە هەمیشە کردەوەکانیان جێگەی سوپاسە بارودۆخی ئێرەیان زۆر بە ڕوونی لەبەرچاو گرتووە و خەباتی سیاسی و ئیعلامی و دیپلۆماسی خۆیان دەکەن و تا ئێستاش لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوون، چونکە ئێستا کاتی ئەوەیە کە بەو شێوازە خەبات بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت کە هەردوو لایەنەکەی تر(پژاك و پەکەکە) کە بەرهەڵستی ئێران و تورکیا دەکەن تا ئێستاش کەمتر لە ئێمە نزیکن و کەمتر سازگاریان هەبووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو شوێنانەی کە ئەوانی لێن دوورە دەست بووەو کەوتۆتە نێوان ئێمەو ئەو وڵاتانەو ئێمەش خۆمان پاراستووە بۆ ئەوەی تووشی هیچ کێشەیەك نەبین لەگەڵیان و ئومێد دەکەین هیچ کەس تووشی کێشە نەبێت و پێویستە ئەوانیش ڕەچاوی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەیە چ لەلایەنەکانی ناو هەرێمی کوردستان یان لایەنەکانی گشت پارچەکانی دیکە کە کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ئەگەر هەموویان پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکەن سوودێکی زۆری دەبێت بۆیان و دەبێتە بنەما و پشتیوانییەك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئەوانیش لە ئایندەدا.

**کێشەیەك لەهەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بەناوی کێشەی کوردەوە هەیەو ڕێگەچارەکەی تەنیا سیاسییانەیەو دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بێت نەك بەهێزی سەربازی و لوولەی تفەنگ. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە بە تەنیا برا کوردەکانمان نابێ تفەنگ بەکار بهێنن. بەڵکو دەبێ حکومەتەکانیش تفەنگ بەکارنەهێنن بەرامبەر بەکورد**

*** هەر لە چوارچێوەی باسکردنی کوردانی پارچەکانی دیکە، ئێستا خەریکە دەروازەیەکیش دەکرێتەوە بۆ کوردەکانی سوریا، سوریا لەبەردەم شاڵاوێکی گۆڕانکارییدان، دەتوانین بڵێین کوردەکانی سوریا چەند ئەگەرێکیان لەبەردەمدایە ئێوە ئەگەر هاوکاریشیان نەکەن، ڕێنماییان دەکەن، پێوەندیتان لەگەڵ کوردانی سوریا چۆنەو بە چ شێوازێك دەتانەوێ لەو بارودۆخەدا سوودیان پێ بگەیەنن؟**

- لەڕاستیدا ئەو ستەمەی کە چەند ساڵە لەسەر خوشك و براکانمان لە سوریا هەیە هەموومان لێی ئاگادار بووین و دەزانین تا ڕادەیەکی زۆر ئینکاری بوونی ئەوان کراوە، هەندێکیان ناسنامەی باری شارستانییان پێ ڕەوا نەبینیون، بەڵام کوردەکانی سوریا چەند حزبێکیان هەیە کە دەتوانن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا نزیك بن و هەوڵ بدەن کە مافەکانیان لەچوارچێوەی ئەو بەرنامانەی کە دادەنرێت بۆ ئایندەی سوریا جێی بکرێتەوە، هەرچەندە بەداخەوە ئەوەی تێبینیمان کردووە لەنێو ئۆپۆزسیۆنی سوریا هێشتا ئەقڵیەتی بەعسیە ئاساکان زاڵە، بۆیە دەبینین دروشمەکانیان و ئەو بابەتانەی کە ئەوان بەدواوەین کەمتر بەلای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سوریا دەچێت، هەرچەندە خۆڕاگری خوشك و برایانی کورد لە سوریا جێگەی خۆی هەیەو بەشداری ئەوانیش لە ڕاپەرینەکاندا ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە.

لەبەر ئەوەی کە گرنگە بۆ ئەوان پێویستە زۆر بە حیکمەت و لێزانییەوە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن و بەشێك لە پرۆسەکە بەڕێوەبەرن و هەوڵ بدەن ئەو بەرنامانەی کە هەیانە بچێتە ناو ئەو بەرنامانەی کە بۆ ئایندەی سوریا دادەنرێن چ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێستای سوریا چ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لەو ئۆپۆزسیۆنە دەکەن و دەبێ لە پێوەندییەکی چڕوپڕدا بن و ئەوەی لە دەست ئێمەش بێت دریغی ناکەین لەڕووی سیاسییەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن لە ئاستی پێویستدا بن بۆ چۆنییەتی گفتوگۆ کردن و بەرەو پێشچوونی داخوازیەکانیان.

*** پێتوانییە پێویستە پشتیوانییەکە زیاتر بکرێت لەڕووی وشیارکردنەوەو ڕێگەی زیاتریان پێبدرێت کە ئەوان بەتایبەتی**

**خەڵكانێك هەن كە ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسی بەشدارن، خۆیان بەخاوەنی هەموو عێراق دەزانن، ئەم ئەقلیەتە لەناو شیعەو سوننەش هەیە، دەبێت هەموو لایەك لەو ڕاستییە تێبگەن كە لەمەودوا عێراق لەلایەن كەسێك، حزبێك، ئایینێك، تائیفەیەك، نەتەوەیەك، مەزهەبێك بە تەنیا بەڕێوە ناچێت**

**لەڕێگەی تەلەفزیۆنەكانی هەرێمی كوردستانەوە پەیامی خۆیان بگەیەنن، ئایا لەم خاڵەدا تۆزێك كەمتەرخەم نەبووین؟**

- لەوانەیە بۆ هەر قۆناغێك شێوازێكی تایبەت لە ئیعلام پێویست بێت، واتە قۆناغەكان بۆ ئەو بابەتانە تەحەكوم دەكەن، كەی گەیشتینە ئەوەی پێویست بێت، بێگومان ئەوەش دەكرێت.

## كێشەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵی عێراق

*** كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو مەترسی هەنگاو هەڵبگرێت، جۆرە ناحاڵی بوون و دەستدرێژییەك هەیە بۆ سەر كورد بەتایبەتی لە ناوچە دابڕێنراوەكان، مەیلێكی دیكتاتۆری هەیە، ئەم ئاڵۆزییە بۆچی لە پرۆسەی سیاسی عێراق دروستبوو، بەتایبەتی لەنێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا؟**

- ئەو ئاڵۆزییە لە پاشماوەی ئەو هزرە كۆنەی پێشوو كە دەبێت هەموو شتێك لە بەغداوەو لای تائیفەیەكی دیاریكراو بكرێت و خەڵكانێك هەن كە ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسی بەشدارن، خۆیان بەخاوەنی هەموو عێراق دەزانن، ئەم ئەقلیەتە لەناو شیعەو سوننەش هەیە، هەندێك جار هەڵكشان و داكشان بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ئەوەی گرنگەو دەبێت ئێمە بیڵێین، ئەوەیە كە دەبێت هەموو لایەك لەو ڕاستیە تێبگەن لەمەودوا عێراق لەلایەن كەسێك، حزبێك، ئایینێك، تائیفەیەك، نەتەوەیەك، مەزهەبێك بە تەنیا بەڕێوە ناچێت، دەبێت عێراق لەلایەن هەموو پێكهاتەكانی و لایەنە سیاسییەكانی پێكەوە بەڕێوە بچێت، بە ئەزموونیش دەركەوتووە بێجگە لەم ڕێگەیە هەر ڕێگەیەكی دیكە تاقیبكرێتەوە سەركەتوو نابێت، هەربۆیە ئەگەر لەمەودواش هەر لایەنێك لە لایەنە سەرەكیەكانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراقدا بیانەوێت تاكڕەوانە دەسەڵات بەڕێوەبەرن، بە دڵنیاییەوە سەركەوتوو نابن.

دوای ئازادی عێراق ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەكان لەسەری ڕێككەوتووین ئەوەیە، دەبێت عێراق بە هاوبەشییەكی ڕاستەقینەوە بەڕێوە بچێت نەك بەشداری پێكردنی كارتۆنی، هەروەها ڕێككەوتووین ئەو گرێیانەی لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە دروست بوون، دەبێ ئەو گرێیانە بكرێنەوە، یەكێك لە گرێیە هەرە سەرەكییەكانیش مەسەلەی كوردەو چۆنیەتی بەشداری كردنیەتی لەناو پرۆسەی سیاسی و چۆن كورد لەناوعێراقدا دەمێنێتەوە، دیارە بەدرێژایی زیاتر لە ٨٠ ساڵ مامەڵەیەكی نادروست لەگەڵ كوردو كێشەكەی كراوە، هەر لە ئەنجامی ئەو جۆرە بیركردنەوەیەش عێراق بەو ئاڕاستەیە چووە كە ئێستا دەیبینین، بەڵام لەدوای ئازادكردنی عێراقەوە قۆناغ و لێكدانەوەكانیش جیاوازن لەگەڵ ئەو كات و ئەو تاكانەی كە ئێستا دەسەڵات بەڕێوە دەبەن جیاوازن لەگەڵ ئەوانی پێشوو، بۆیە دەبێت بیركردنەوەكان هەمان بیركردنەوەی پێشوو نەبێت و جیاواز بێت و هەموو بەیەكەوە هەوڵی ئەوە بدەین عێراقێكی نوێ دروست بكەین، ئەگەر بمانەوێت لە عێراقدا پێكەوە بمێنینەوە، دەبێ ئەو گرێیانەی چەندین ساڵە دروست بوون چارەسەریان بكەین، ئەگینا عێراق لە بارێكی بێهێزییەوە بۆ بێهێزییەكی زیاتر دەڕوات.

*** جەنابت ئاماژەت بە هاوبەشییەكی ڕاستەقینە كرد، بەڵام ئێمە ڕۆژانە دەسەڵاتی دیكتاتۆری و تاكڕەوی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەبینین، بەتایبەتی لە تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمان، هەروەها دەستدرێژییەكانیان بۆ سەر ناوچەكانی جەلەولاو سەعدیەو دەشتی نەینەوا كە تا ئێستاش بەردەوامە، ئایا ئێوە چۆن ئەم كێشانە چارەسەر دەكەن؟**

- ئەگەر كەسێك یان ڕێكخستنێك لە عێراقدا پێی وابێت دەتوانێت بە تەنیا هەموو عێراق بەڕێوە بەرێت هەڵەیە، چونكە ئێمەو جیهانی دەرەوەش گەیشتووینەتە قەناعەت كە ئەم وڵاتە بە هاوبەشی نەبێت بەڕێوە ناچێت، ئەگەر لەلایەكی دیكەش كێشە دروست بكەن ئەمەشیان باوەڕ نەبوونە بەو دەستوورەی كە بڕیاری لەسەر دراوە، ئەگەر باوەڕیان بە دەستوور هەبێت، ئەوا لە دەستووردا چارەسەری هەموو كێشەكان دانراوەو دیاریكراوە، ئەگەر هەموومان پابەند بین بە ماددەكانی دەستوورەوەو ئەوانەی پێویستیان بە یاسا هەیە یاسایان بۆ دابنێین و پیادەیان بكەین، پێموایە تووشی كێشە نابین، بەڵكو كێشەكان كەم دەكەینەوە، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە سیاسەتمەدارانی كە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن باوەڕیان وایە كە دەستوور پێویستی بەگۆڕانە، بەڵام حەق بەخۆیان دەدەن كە هێشتا دەستوور نەگۆڕاوە وەكو باوەڕەكەی كە خۆیان باوەڕیان پێیەتی دەبێ دەستوور بگۆڕێت وا ڕەفتار دەكەن، نەك بەو شێوەیەی كە ئێستا لەدەستووردا هەیە، ئەمەش كێشەیەكی گەورەیە كە تۆ دەستوورێكت بۆ وڵات هەبێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی باوەڕیان پێی نەبێت و جێبەجێی نەكەن لە هەر وڵاتێكدا ئەمە ڕوودات ئاستەنگی گەورە لەڕووی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و تەنانەت پێشكەوتنەكانیش كەمدەكاتەوە، ئینجا ئەم كێشانە ڕەنگدانەوەی دەرەكیشیان دەبێت بەتایبەتی لە عێراقێكی فرە نەتەوە و

**بەشێك لە سیاسەتمەدارانی كە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن باوەڕیان وایە كە دەستوور پێویستی بەگۆڕانە، بەڵام حەق بە خۆیان دەدەن كە هێشتا دەستوور نەگۆڕاوە وەكو باوەڕەكەی كە خۆیان باوەڕیان پێیەتی دەبێ دەستوور بگۆڕێت وا ڕەفتار دەكەن**

ئایین و مەزهەب كە كۆمەڵێك دەست تێیدا بەشدارە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان، بۆیە ئەگەر سەرۆك وەزیران بیەوێت وڵاتەكە بەشێوەیەكی سەردەمیانە بەڕێوە بچێت، دەبێت پشت بە دەستوور ببەستێت و هیچ كێشەیەكی بۆ دروست نابێت، هەروەها لەنێو میللەتی عێراقیش پشتیوانی زۆری دەبێت، بەڵام ئەگەر بە قەناعەتەكانی خۆی مامەڵە بكات و نەیەوێت دەستوور جێبەجێ بكات پێموایە تووشی كێشەی گەورە دەبێت، بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت ئەوەیە بەزۆر دەسەڵات سەپاندن و بێهێزكردنی دەزگا شەرعیەكانە كە بەشێوەیەكی یاسایی دامەزراون، ئەمانە سەركەوتوو نابن و دەكەونە بواری ڕەخنە لێگرتن و لە ئاكامیشدا ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەنگە عێراق لە زۆر ڕووەوە

بەرگەی ئـــەم ڕووبەڕووبوونەوەیە نەگرێت، چونکە زەمینەیەکی لەبار بۆ لێکهەڵوەشـــان و لێکترازانـــی ئەم بارودۆخـــە هەیە، کەواتە ئەوەی لە خەمی عێراقدایە، دەبێ لە خەمی جێبەجێکردنی دەســـتووردا بێت و بەپێی ئەم دەســـتوورە مامەڵە بـــکات و دەبێ لە خەمی ئەوەدا بێت کە ئەم پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییانـــەی لە عێراقـــدا هەن تا پێکەوە عێراق بەڕێوەبەرن و دەبێ حیساب بۆ هەموو لایەنەکان بکرێت نەك هەندێکیان پشـــتگوێ بخرێن.

**هاوپەیمانێتییەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی پرسەکان**

*** ئـــەوەی ئێمـــە ڕووبـــەڕووی دەبینەوە پێشـــێلکردنی دەســـتوور و دەرکەوتنـــی تاکڕەوییە، هەســـتیش دەکەین لەنێوان لیستی**

**هیچ هاوپەیمانێتیەك هەتا هەتایە بوونی نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتیی یان بۆ ڕووداو و قۆناغێکی دیاریکراوە. هاوپەیمانەتیەتەکانی کوردیش بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی عێراقی پێك بێت و لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی عێراقیدا ئەو بابەتانەی بە نیسبەت کوردەوە گرنگن بخرێنە نێو بەرنامەکەیەوەو جێبەجێ بکرێن**

**هاوپەیمانی کوردســـتان و لیستی ئەلعێراقییە جـــۆرە لێکنزیکبوونەوەیـــەك هەیـــە، ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە، کورد بە نیازە چاو بە هاوپەیمانێتیەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە یاخود بە نیازە لە حکومەت بکشێتەوە؟**

- هیچ هاوپەیمانێتیەك هەتا هەتایە بوونی نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتیی یان بۆ ڕووداو و قۆناغێکی دیاریکراوە، هاوپەیمانەتییەکانی کوردیش بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی عێراقی پێك بێـــت و لەگەڵ پێکهاتنـــی حکومەتی عێراقیدا ئەو بابەتانەی بە نیســـبەت کوردەوە گرنگن بخرێنـــە نێو بەرنامەکەیەوەو جێبەجێ بکرێـــن، بەڵام ئـــەوەی کە ئێســـتا دەیبینین ســـەرۆك وەزیران تاکڕەوانـــە کارەکان بەڕێوە دەبات کۆمەڵێك شـــوێن هەیە کە دەستی بۆ بردووەو بەتاڵی کردووە لە بوونی کوردو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی سوننە تەنانەت شیعەش جگە لە حزبی دەعوە، نیازپاکی لە پشت ئەم بابەتانەوە نابینین، بۆ نموونە مەسەلەی سوپا

من ئامارێکم هەیە سەبارەت بەو کەسانەی کە مالیکی وەك کەس دایناون لە شوێنە گرنگەکان کە بەشێکیان مەسەلەی (مسائەلە و عدالە) دەیانگرێتەوە، بەڵام دیســـان دایناون و ئەگەر سەر بە لایەنێك یان مەزهەبێك یان نەتەوەیەکی تر بووان، بێگومان دەمێـــك بوو هەوڵی دەدا بیانداتە دادگا بۆ ئەوەی موحاســـەبە بکرێن، بەڵام ئەو دەسەڵاتیشی پێداون، لە دەستووردا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێ سوپا ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکان بێت و یەکسانییەکی پێوە دیـــار بێت، ئەوەش بەگوێرەی دانیشـــتووانی عێراق، ئێســـتا ئەو هاوســـەنگی و فرەییەی پێوە دیار نییە، باڵانســـەکە زۆر بەلای حزبی دەعوەدا شـــکاوەتەوە، واتە لەنێو شیعەشـــدا جیاوازی کردووە، بۆیە پێویســـتە هەڵوێستێك بەرامبەری هەبێت، ئەویش ئەو هەڵوێستە بوو کە سەرۆك بارزانی بەناوی کوردەوە وەریگرت و ڕایگەیاند: عێراق نابێ بەو شـــێوەیە بەڕێوە بچێت، دەبێ هەموومان لە خەمی ئەو وڵاتەدا بین نەك کەسێك خۆی بە هەموو شتێك بزانێت و کەس بە خاوەنی هیچ شتێك نەزانێت.

*** لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی هەست دەکەین جموجۆڵێکی سیاسی کەتۆتە ناو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی سەردانی دکتۆر ئەیاد عەلاوی و ئوســـامە نجێفی، لەوانەیە هەندێك لایەنی ناو هاوپەیمانی نیشـــتمانی بەتایبەتی وەك ئەنجوومەنی باڵاو ڕێکخراوی بەدرو تەنانەت ســـەدریش هەڵوێستی خۆیان هەبێت، تا چەند ئەمانە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەگەر مالیکی ئامادە نەبێ دەقی ڕێککەوتننامەی هەولێر ئەوەی کە تایبەتە بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق جێبەجێ نەکات، ئەوا هاوپەیمانیەتی نوێ دێتە ئاراوە، نیەتێکی وا هەیە متمانەی لێ بسەنرێتەوە؟**

- ئەگـــەر هەندێـــك بگەڕێینـــەوە دواوە، دەبینـــن ســـەرۆك بارزانی لەمیانـــەی ئەو دەستپێشـــخەرییەی کـــردی، هەوڵیـــداوە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێرەوە بەشداری پێکردنی هەموو پێکهاتەکان مسۆگەر ببێت، نابێت هیچ لایەنێك هەبێت پەراوێز بخرێت، بۆیە دەبینین هەوڵەکان بۆ ئەوە بووە کە پێکهاتەکان بە یەکەوە بەشـــدار بن، هەربۆیە ســـەردانی عەلاوی و نوجێفی یان لایەنی سوننی بەشێك بووە لەو هەوڵانەی کە کوردو سەرۆك بارزانی داویەتی بۆ ئەوەی لە پرۆســـەی سیاســـیدا ڕۆڵیان هەبێت هەر لە ســـاڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئێستا، ئەوکات بانگەوازی ئەوە کرا کە سوننە بێن و بەشـــداری بکەن لە هەڵبژاردن ئەوەبوو بەشـــدارییان نەکردو دواتر پەشـــیمان بوونەوە لە بەشـــداری نەکردنیان، لەگەڵ ئەوەی کە

**لە ساڵی ١٩٧٥ بارزانی ئەمرو پارتی خۆیان کردە قوربانی بۆ کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان. ئەگینا چەندین چارەسەر هەبوو کە چارەنووسەکە بەو شێوەیە نەگات و شۆڕش تووشی نسکۆ نەبێت**

ئوسامە نوجێفی و ئەو خەڵکەی لەگەڵی بوون ســـەرەتا زۆر دژایەتی کوردو مافە ڕەواکانی کوردیشـــیان دەکرد، بەڵام کاتێك کە هاتنە ناو مەسەلە سیاسییەکان کورد هەوڵی نەدا پەراوێز بخرێن، بەپێچەوانەوە وایکرد کە ڕێکخستنێك و ڕێکخستنەوەیەکی نێو ماڵی عێراقی دروست بکرێت کە ئەوانیش تێیدا بەشدار بن ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە کورد لـــەو ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە عێراق کە ئەو پێکهاتانە پێکەوە لەم وڵاتـــەدا بژێین و ئەم وڵاتـــە بەڕێوە بەرن بۆ ئەوەی کە ژیان ئاسایی بێت.

هاتنی عـــەلاوی و نوجێفـــی ئەمجارەش کۆمەڵێك شـــتی بـــەدواوە هەیـــە، بەڵام ئەم هاتنـــە تازە نییـــە و بەردەوام بـــووەو دەبوایە بەشـــێك لەو شتانەی ئەوان باسی دەکەن پاش دەسپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی جێبەجێ کرابان، زۆرجار کە دێن بۆ ئێرە بۆ بەدواداچوونی ڕێککەوتننامەکەیە کە ناوەڕۆکەکەی جێبەجێ نەکراوە، بێگومـــان دەبێ حکومەت جێبەجێی بکات کە مالیکی تێیدا دەسەڵاتدارە، کەواتە گرفتـــەکان زۆربەیان ئاڕاســـتەی مالیکی دەکرێن لەو بابەتەوە، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە هـــەوڵ بدرێت پێکهاتـــە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە هەڵوێســـتێکیان هەبێ کە لەمەودوا لە عێراق دیکتاتۆریەت نابێ ســـەرهەڵ بداتەوەو نابێ دەسەڵات بەشـــێوازێك بەڕێوە بچێت کە لە خزمەتی کەســـێك یان تائیفەیەك یان تەنیا لایەنێکی حزبیدا بێت، بەڵکو دەبێ لە خزمەتی هەمـــوو هاووڵاتیانـــی عێراقـــدا بێت بەبێ جیاوازی، ئەم ڕێککەوتننانە میســـداقیەتی خەڵکەکـــە دەردەخات کە چەند پێوەی پابەندن جـــا ئەوانەی ڕاگەیەنرابن یـــان ئەوانەی کە ڕانەگەیەنراون، بۆیە دەبێ میسداقیەتی خۆیان بپارێزن و ڕێـــز لە ئیمزاکانی خۆیان بگرن بۆ ئەوەی شـــەفافیانەتر و باشتر حکومەتی پێوە بەڕێوە بچێت، ئەگەر میسداقیەتیان نەبێت و ڕێز لـــە ئیمزاکانی خۆیان نەگرن ئەی خەڵك چۆن باوەڕیان پێ بکات و چارەنووســـی ئەو وڵاتەیان بداتە دەست.

*** هەڵچوونی مالیکی بەرامبەر بە سەردانەکەی عەلاوی و ڕاگەیاندنی کە عەلاوی کەسێکی ویستراو نییە لە پرۆسەی سیاسی، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە هاوپەیمانیەتی لەنێوان عێراقییەو کورد هەبێت بۆ ئەوەی کە مەسەلەی هەست کردن بە دیاردەی دیکتاتۆریەت سنوورێکی بۆ دابنرێت؟**

- بێگومان هەست دەکەین کە شتێك لای مالیکی دروست بووبێت وەك ئەوەی دەتوانێت عێراق بەڕێوە بەرێت و خۆی دروستکەرەوەی عێراق بێت، لەوانەیە هەندێك لەو خەیاڵانەی لەلا دروست بووبێت، هەروەك پێشتریش لەلای سەرکردەکانی دیکەی عێراقیش ئەو خەیاڵە دروست ببوو کە ئیتر ئەو نەبێت ئەو وڵاتە بەڕێوە ناچێت، لەوانەیە ئەو بۆچوونەی مالیکی دەربارەی عەلاوی، نوجێفی، عەمار ئەلحەکیم، یان حزبی فەزیلە هەیەتی ئێمە نەمانبێت و هیچ ناچار نەبین بیروڕاکانی ئەو تەبەننی بکەین، ئێمە ڕایەکانی خۆمان بە لێکدانەوەیەکی سیاسییانە پێیگەیشتووین، بەو شێوازە ڕەفتار دەکەین کە بەڕاستی دەزانین، ئەوەی گرنگە ئێمەی کورد لە بەغدا لەمەودوا بیکەین، ئەوەیە بەو شێوەیە پیشان نەدرێت کە کورد تەنیا کێشە کوردییەکانی لا گرنگەو کێشە عێراقییەکانی بەلاوە ناوە، چونکە هەندێك جار لەلایەنەکانی دیکە باس لەو لایەنە دەکرێت، بۆیە دەبێ نوێنەر و وەزیرەکانمان کێشەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی عێراقی بە هەندەی کێشەکانی پەیوەست بەکوردەوە لەلا گرنگ بێت، ئەویش ئەو یاسایانەیە کە دەردەچێت بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەم گرنگیدانەیە کە وا دەکات لایەنەکانی دیکەش گرنگی بە کۆمەڵێك شت بدەن کە ئێمە لەلامان گرنگەو کۆنتاکتێك دروست دەکات کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕێ لە دیکتاتۆریەت بگیرێت.

**لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان ڕەچاوی شەقامی عەرەبی و تورکی و لایەنەکانی دیکەیان دەکرد، زۆر لە کێشەکانی کورد بێ چارەسەرو بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و نەیانهێشتووە وەکو ئەوەی پێویستە بچێتە پێشەوە**

## چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوەکان

*** بەپێی ماددەیەکی دەستووری دانراوە کە پێویستە ناوچە دابڕێنراوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، تا ئەم ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام زوڵمیان لێدەکرێت و جیاوازی نەتەوەییان بەرامبەر دەکرێت، ئایا تا ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ئێوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، هەروا بەجێیان دەهێڵن یان نیەتێکتان هەیە بیانپارێزن؟**

-چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لەگەڵ بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان باسمان لەو ناوچانە کرد، گلەیی ئەوەم لێکرد کە ئەوان بۆچی ئەوەندە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی دەرەوەی عێراق سەبارەت بە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان، قسەیەکی زۆر سیاسییانەی کرد، وتی: ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا دەبوایە بیکات نەیکرد، ئێستا ئەگەر کورد چاوەڕێی ئەوە بێت نەتەوە یەکگرتووەکان بیکات زۆر ئاسان نییە بیکات، من لە مەبەستەکەی گەیشتم، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی کە گرنگە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەهیچ شێوەیەك پشت لە ناوچە دابڕێنراوەکان ناکەن، ئێمە ئەوەمان لە بیرە کە ساڵانێکی زۆر لەپێناوی خاك و خەڵکی ئەم ناوچانە شەڕکراوە، قوربانی دراوە، من زۆر جار وتومە ئەگەر تا ساڵی ١٩٧٠ شەڕ لەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان بووبێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە شەڕ لەسەر کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی وەك شێخان و سنجار و خانەقین و سەعدیە و جەلەولا و ئەو شوێنانە بووە، چونکە لە ساڵی ١٩٧٠ حکومەتی عێراق ئیعتیرافی بە هەولێر و سلێمانی و دهۆك کرد کە ئەوانە کوردستانن و ئۆتۆنۆمییان هەیە، تەنیا کەرکوك و ناوچەکانی دیکە بوو کێشەیان لەسەر بوو کە ئێمە بە کوردستانیمان دەزانی و داوامان دەکرد بێنەوە سەر کوردستان و ئەوانیش باوەڕیان وا نەبوو یان پێداگیرییان دەکرد کە نەگەڕێنەوە.

ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو ئەو ناوچانە قوربانی زۆرمانداوە، کە دەڵێین ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە ڕۆڵی حزب و لایەنەکانی دیکە ون بکەین، بەڵام بە حوکمی زووتر دامەزراندنی پارتی، بێگومان زیاتر لە حزبەکانی دیکە هەم خەباتمان کردووە و هەم قوربانیشمان داوە، لە ساڵی ١٩٧٥ بارزانی نەمر و پارتی خۆیان کردە قوربانی بۆ کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەگینا چەندین چارەسەر هەبوو کە چارەنووسەکە بەو شێوەیە نەگات و شۆڕش تووشی نسکۆ نەبێت، بۆیە دەبێت هاووڵاتیانمان لە ناوچە دابڕێنراوەکان خۆڕاگر بن و دڵنیابن لەوەی ئەم ناوچانە بەشێکی دانەبڕاون و هەموو شێوازەکانی خەبات تاقی دەکرێنەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی جددی بە خەڵکی ئەو ناوچانە بدەن، سەبارەت بە لایەنی ئەمنیش ئەوەی من ئاگادارم بڕیار دراوە کە نەهێڵین ئەو زوڵم و زۆردارییە کە تا ئێستا کراوە بەتایبەتی ئەوەی لە ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولا دژی کورد کراوە، دووبارە بکرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە پێشمەرگە ڕەوانە کراو بۆ ئەوەش نەچووە کە بچێت و بگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی کورد لەو ناوچانە دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی سوپای عێراقی ئاگادارکراوە هەستمان کرد کە بەشێك لە سوپای عێراقی

**جگە لە سەرۆکایەتی هەرێم موئەسەساتی دیکەمان هەیە کە ئۆپۆزسیۆن تێیدا بەشدارە وەکو پەرلەمان کە موئەسەسەیەکی زۆر گرنگی ئەم وڵاتەیەو ئۆپۆزسیۆن ٣٦ کورسی تێدا هەیە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشداری کردنە و زۆریش ئاساییە کە ئۆپۆزسیۆن لەژێر چەتری سەرۆکی هەرێمدا بن**

لەگەڵ لایەنە تیرۆریستیەکان تێوەگلاون بۆ لێدانی خوشك و برا کوردەکانمان لەو ناوچانە، بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن ئەوێ بەجێ بهێڵن، ئەو هەموو شەهید و دەربەدەرکردنەی کوردیش نیشانەی ئەوەن و کۆمەڵێك بەڵگە لە دەستدایە، هەروەها هەوڵدراوە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکانەی کە شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە، چونکە بەشێك لە خوشك و برایانمان کە شیعە مەزهەبن بەداخەوە نەهاتوونەتە کوردستان و ڕوویان لە خوارووی عێراق کردووە و هەندێکیشیان هاتوونەتە دەوروبەری گەرمیان و لەوێ نیشتەجێ بوون، پێویستە کارێکی وا بکەن ئەمانە هەموویان بگەڕێنەوە و ئەمن و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت و ماددەی ١٤٠یش ماددەیەکی دەستووریە و جێبەجێ دەکرێت وەك هەموو ماددەکانی دیکەی ناو دەستوور کە ئەوان حوکمی پێدەکەن، کەواتە دەبێ ئەوە



بزانین کە ئەم ناوچانە بەشێکی دانەبڕاون، بەڵام هەوڵمان داوە بەڕێگەیەکی یاسایی و دەستووری بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەوەی من ئاگادار بم لە کۆبوونەوەکانی خۆمان و کۆبوونەوە هاوبەشەکانمان لەگەڵ یەکێتی هەردوو لا سوورین لەسەر ئەوەی دەبێ ئەم ناوچانە پارێزراو بن و نابێ دەستدرێژییان بکرێتە سەر.

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق**

*** ئێستا قسە و باسێکی زۆر لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەیە، بەڵام وەك خۆشت دەبینیت عێراق ناسەقامگیرە و بێجگە لەباری ناسەقامگیری کۆمەڵێك کێشەی سیاسیشی هەیە، ئایا کشانەوەی هێزەکان لەم کاتەدا چ قەیرانێك دروست دەکات؟ ئایا هەوڵتان نەداوە لەگەڵ لایەنەکانی عێراق لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆ بکەن؟**

- شێوازی مامەڵە کردنی ئەمریکا لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لە عێراقدا هەن زۆر سیاسییانە نەبووەو لەگەڵ پێشهاتەکاندا هەنگاوی ناوەو شتی پێشوەختەو وردی نەبووە بۆ ئەوەی چۆن ئەو کێشانەی لە عێراقدا هەن چارەسەر بکرێن، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشێك لەو ئەمریکیانەی هاتن حوکمی عێراق بکەن پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی عێراقیان نەدەناسی، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکرد، بۆیە کۆمەڵە کێشەیەك کۆبۆوە و نەیانتوانی وەکو پێویست هەنگاو بنێن و یەك لە دوای یەك کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەم کێشانەیان پێ چارەسەر نەکراو ئەوان بەدوای هەندێك شتەوە بوون کە زیاتر لە ڕووخساری بابەتەکان دەگەڕان لە جیاتی ئەوەی بچنە نێو ناوەڕۆکیانەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە چارەسەریان بکەن، لەبەر ئەوە دەبینین کۆمەڵێك کێشەی لەسەر یەك کەڵەکە بوو ماوەتەوە بێ ئەوەی هیچ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە لە کاتێکدا بارو بارگەی خۆیان بەستووە بۆ ئەوەی بڕۆن ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە شتێکی وایان نەکردووە کە (بێجگە لە کورد) خەڵکانێك خوازیاری ئەوە بن لە عێراقدا بمێننەوە، لەوانەیە بەشێکی زۆری کوردیش ئەو پرسیارەی لا دروست بوویێت کە ئەوانە بۆچی بمێننەوە؟ بە مانەوەی ئەوان چی دروست دەبێت و چ گۆڕانکارییەك دێتە ئاراوە؟ تا لێرە بوون بەو هەموو هێزو دەسەڵاتەوە چییان بۆ کورد کرد؟ لێرەوە مەبەستمان ئەوە نییە کە هیچیان نەکردووە، بەڵام زۆر شتی سەرەکی هەبوو دەبوایە چارەسەر بکرێت نەیانکرد کە ئێستا بە سوودی ئەمریکییەکانیش دەگەڕایەوە،

**ئەمریکییەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا هەمیشە بەدوای ئەوەوە بوون لایەنە بێهێزەکان بێهێزتر بکەن و ئەولایەنەی بەهێزە یان ئەوەی لە دەرەوە پشتیوانی زیاتری هەیە ڕەچاوی ئەویان دەکرد**

بەڵێ کورد لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەمریکییەکان بمێننەوە و پێیوایە سوپای عێراقی لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت بەرگری لە سنوورەکانی عێراق بکات، هەروەها هێزە ناوخۆییەکانی عێراقیش لەو ئاستەدا نین بتوانن ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری عێراق بپارێزن.

بەشێوەیەکی گشتی لەناو حزبە شیعی و سوننییەکان زۆریان لایەنگری ئەوە نین کە ئەمریکییەکان بمێننەوە لە عێراق یان بە لایەنی کەمەوە لە ڕووخساردا لایەنگری مانەوەیان نین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمریکییەکان کارێکی وایان نەکردووە خەڵك ئارەزووی مانەوەیان بکات تەنانەت ئەگەر مانەوەیان پێویستیش بێت ئەمریکییەکان وایان نەکردووە کە خەڵك لە میدیاکان داوای مانەوەیان بکات، لەوانەیە لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا مانەوەیانیان پێ پەسەند بێت، بەڵام لە میدیاکاندا حزبەکان لە ترسی خەڵك ناوێرن داوای مانەوەیان بکات جگە لە کورد نەبێت، چونکە کورد بە ئاشکرا لە میدیاو لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا دەڵێت: هێشتا عێراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە خۆی پێ بپارێزرێت، بۆیە پێویستە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی مانەوەیان باشە ئەگەر بمێننەوە، بەڵام ئەم مانەوەیە ئەگەر هەر سیمبولێك بێت پێموایە هیچ ئەنجامێکی نابێت جگە لە زیادکردنی ڕق و کینەی خەڵك نەبێت، بۆیە دەبێت کاراییان هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکلایی کردنەوەیان، ئەمریکییەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەمیشە بەدوای ئەوەوە بوون لایەنە بێهێزەکان بێهێزتر بکەن و ئەو لایەنەی بەهێزە یان ئەوەی لە دەرەوە پشتیوانی زیاتری هەیە ڕەچاوی ئەویان دەکرد، بۆیە دەبینین تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان ڕەچاوی شەقامی عەرەبی و تورکی و لایەنەکانی دیکەیان دەکرد، زۆر لە کێشەکانی کورد بێ چارەسەر و بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و نەیانهێشتووە وەکو ئەوەی پێویستە بچێتە پێشەوە.

## دروستکردنی گوتاری هاوبەش

*** ئەوەی کە باستان کرد دەردەکەوێ کە پێویستە زیاتر جەخت بکەینەوە لەسەر یەکڕیزی ماڵی کوردی، تا چەند ئومێدت هەیە کە وەك هەموو لایەنەکان لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان هاوهەڵوێست بین و نەکەوینە نێو ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بتوانین ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخەی کوردستان ببینەوە؟**

- ئێمە دەبێ هاوهەڵوێست بین لە کۆمەڵێك مەسەلەی پەیوەست بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمانەوە، زۆریش ئاساییە لەسەر هەموو مەسەلەکانی تر جیاوازیمان هەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات یان لە یاساکان، بەڵام دەبێ لە یەکتری قبوڵ بکەین تەنانەت بە ئێمەو یەکێتیشەوە هەرچەندە ڕێککەوتنی ستراتیژیشمان هەیە، چونکە ڕێککەوتنی ستراتیژی بۆ ئەوە نییە کە ئێمە هیچ جیاوازیمان نەبێت، بەڵکو پێویستمان بەوەیە کە گوتارێکی هاوبەشمان هەبێت بۆ مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، پێویستە جیاوازی یەکتر قبوڵ بکەین، کە ئەمانەمان لە یەکتری قبوڵ کرد ئێمە دەبین بە یەك هێز و بڕیاری ئەوەش بدەین ئێمە لەسەر ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕێنراوەکان، دەسەڵاتەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لەسەر فیدراڵیەتی عێراق و دەستووری عێراق بە گشتی و لەسەر دیموکراتیزە کردنی ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و لەهەر مەسەلەیەکی دیکە کە پەیوەندی بە ئێمەو خەڵکی دەرەوەی هەرێمەوە هەبێت دەبێ یەکهەڵوێست بین، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکانی ناو زەوی خۆی بکات، دەبێ یەك هەڵوێست بین، چونکە ئەمە بۆ هەموومانە.

## یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی نێوماڵی کوردی


*** پێتوایە ئەم یەکڕیزییە لەژێر چەتری سەرۆکایەتی هەرێم دروست دەبێت؟**

**دەبێ هاوهەڵوێست بین لە کۆمەڵێك مەسەلەی پەیوەست بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمانەوە. زۆریش ئاساییە لەسەر هەموو مەسەلەکانی تر جیاوازیمان هەبێت ج لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات یان لەسەر داڕشتنەوەی یاساکان**

**پێویستە هەمووومان هەست بە بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و هەوڵ بدەین ئاسانکاری بۆ چاکسازی و پێشکەوتنەکان بکەین و هەوڵ بدەین بەشێك بین لەو خەڵکەی کە گرێیەکان دەکەینەوە**

- سەرۆکایەتی هەرێم وەك موئەسەسەیەکی شەرعی و سەرۆکی هەرێم وەکو سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی ئەم وڵاتە، تا سەرۆکایەتی هەیەو تا سەرۆك هەڵبژێردراوە، دەبێ چەترێك بێت بۆ هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی بە سیاسی و بە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و هەموویانەوە، بۆ ئەوەی کە هەمووان لەژێر ئەو چەترەدا خەبات بکەین و بە ئامانجەکانمان بگەین و هەوڵ بدەین بگەینە ئاستێك کە لە دەرەوەش حیساب بۆ یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی نێوماڵی کوردی بکەن، چونکە چەندی ئێمە لەناوەوە بەهێز بین لە دەرەوەش حیسابێکی تایبەتیمان بۆ دەکرێت، بەڵێ دەکرێ لەژێر چەتری سەرۆکی هەرێمدا هەموو لایەنەکان کۆببنەوە، چونکە سەرۆکی حزب دەسەڵاتدارەکان و خەڵکەکەی ناو حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و سەرۆکی خەڵکی لایەنگری ئۆپۆزسیۆنیشە، بێگومان هەبوونی ئەو چەترە دەبێتە هێزێك بۆ هەموو لایەك، سەرەڕای ئەوە ئێمە موئەسەساتی دیکەشمان هەیە کە ئۆپۆزسیۆن تێیدا بەشدارە وەکو پەرلەمان کە موئەسەسەیەکی زۆر گرنگی ئەم وڵاتەیە و ئۆپۆزسیۆن ٣٦ کورسی تێدا هەیە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشداری کردنە و زۆریش ئاساییە کە ئۆپۆزسیۆنی لەژێر چەتری سەرۆکی هەرێمدا بن. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پێویستە هەموومان هەست بە بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و هەوڵ بدەین ئاسانکاری بکەین بۆ چاکسازی و پێشکەوتنەکان و هەوڵ بدەین بەشێك بین لەو خەڵکەی کە گرێیەکان دەکەینەوە و ئاسانکاری دەکەین بۆ چاکتر کردنی ژیانی خەڵکەکەو بەشێك بین لە ڕەگەزەکانی خێر و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی ئیجابی بکەین بۆ ئەوەی کە ئەم وڵاتە بەرەو پێشەوە بەرین و بیگەیەنینە ئاستێك کە لە پێشکەوتنەکانی دنیاو ئەم قۆناغەدا دوانەکەوێت و ئەو پەیامەمان هەبێت کەخەڵك شایەنی ژیانێکی ئاسوودەو کامەران و شایەنی ژیانێکی پڕ لەئاشتی و سەقامگیرە.

# کوردستان: دۆسیەی ناسنامەی کەلتووری



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی*

کیانی ڕاستەقینەی هەر نەتەوەیەك دەبەسترێتەوە بە چۆنیەتی هاوبەشی کردنی شارستانیانەی ئەو نەتەوەیە لە تۆمارکردن و چەسپاندنی زمانی ڕەسەن و هاوبەشی کردنیان لە ئەفراندنە فیکری و ڕەفتارە مرۆییەکانی ناوخۆو جیهاندا، بە شێوەیەکی وا کە شوێن پەنجەیەکی ویجدانی کارا جێبهێڵن و ناسنامەی کەلتوورییانەی مێژوویی خۆیان گوڵاوڕژێن بکەن، پێوەندییەکی زیندووانە لە نێوان دەوڵەمەندێتی زمان و کەلتووری میللەتێکدا هەیە، کە هەردوو خەسڵەتەکە پێکەوە ناسنامەی ڕۆشنبیری بۆ ئەو میللەتە دەستنیشان دەکەن و تایبەتمەندییەکی مێژوویی پێ دەبەخشن.

ناسنامەی کەلتووری کە بە پێی ڕەوتی مێژوویی ئەو میللەتە درێژ دەبێتەوە، بۆ داهێنانی نەتەوە وەك گەواهیدەرێکی ویجدانی وایە، ئەمەش دیاردەیەکە بە پارە ناکڕدرێت، هەروەها بە دەسەڵاتی پلەو پایەو زەمەنەکەی وەدەست نایەت. ئێستا لەم زەمانی جیهانگیرییەدا بەچەندین دەرفەتی جیاوازەوە، ئاسۆکان لەبەردەم گەلانی جیهاندا واڵابوونەتەوە، لە پاڵیاندا زنجیرەیەك کۆسپ و تەگەرەی چارەنووسسازیی ڕووبەڕووی گەلانی دنیا دەبێتەوە، ئەوەش لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە فاکتەری هەڵئاوسان و زۆر بوونی دانیشتووانەوە دروست دەبن، هەروەها ئەوانەشی کە پێوەندییان بە تەکنەلۆجیای تازەوە هەیە، جگە لەمانەش ئەو پەرەسەندنە خێراو زۆرانەی کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دروست دەبن و چەندین کۆسپی چارەنووسساز دێتەبەردەمی زمانی نەتەوەکانی جیهان، بە شێوازێك لە نێوان چەندین هەزار زمان و زاراوەدا بە بیستراو و نوسراوەوە، ئەمڕۆ لە جیهاندا تا دەگاتە کۆتایی ئەم سەدەیە نیوەی ئەو زمانانە بەرەو نەمان دەچن و زۆریان نامێننەوەو نابووت دەبن، سەرچاوەی نیگەرانییەکە لەوەدایە کە هەندێ لەو نەتەوانە زمان بۆ گفتوگۆ و تێگەیشتن و پێگەیشتن بەکارناهێنن، بەڵکو وەك دەربڕینێك بۆ ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بەکاری دێنن، وەك زانراویشە کەلتووری نەتەوەکان جێ پەنجەی خۆی بە ئاشکراو بە ڕوونی لە یادەوەری مێژوودا جێ دەهێڵێت، بەڵام ئەو زمانانەی کە بەرەو نەمان دەچن، هیچ لە دوای خۆیان جێناهێڵن، گۆڕانکارییەکانی فاکتەری دانیشتووانیش لە سەدەی بیست و یەکەمدا کارێکی یەکلاکەرەوەیە، هەر بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وەك زمانی دووەم، خانە و پلەیەکی بەرزی وەرگرتووەو کاری پێدەکرێت، بەڵام نەبۆتە زمانێکی باوی ڕۆژانە، زمانی هیندی لە زۆر جێگەدا دووەمین زمانی باوە لە دوای زمانی چینییەوە، بە گشتی چارەنووسی ئەو زمانە نووسراوانەی کە تۆمارکراون باشترن لە چارەنووسی ئەو زمان و زاراوانەی کە بیستراون و لە دووتوێی تێکست و نووسیندا تۆمار نەکراون.

چارەنووسی زمان لە کوردستان و کەلتووری پابەندبوو بەو زمانەوە، ئەمڕۆ پشت بە بناغەیەکی پتەو دەبەستێت، ئەویش لە چۆنییەتی بە بەڵگەنامەیی کردن و تۆمارکردن و چەسپاندنی زمانەکەوە وەدی دێت، هەروەها بە پەرەپێدان و یەکلابوونەوەی یەکێك لەو دوو زاراوە باوەی کە لە کوردستاندا بەکاردێت، چ بادینی بێت یان سۆرانی، تا بە تەواوی یەکێکیان ببێتە زمانێکی فەرمی ستاندارد بۆ نووسین لە کوردستاندا، کۆسپی دووەم کە ڕووبەڕووی زۆربەی زانایانی کورد دەبێتەوە، یەکلانەکردنەوەی شێوازی ڕێنووسە چ بە بەکارهێنانی پیت و تێکستی عەرەبی، یان پیت و تێکستی لاتینی ڕۆمانی بۆ ئەو تۆمارکردنە، واتە هەڵبژاردنی یەك لەو ڕێنووسانە لە پرۆسەی تۆمارکردن و بە بەڵگەنامەیی کردندا، ئەوەی زیاتر زانراوە بەکارهێنانی پیتی ڕۆمانی لەخۆیدا زمانی کوردی نزیك دەخاتەوە لە زمانە ئەورووپییەکان، بەتایبەت ئەوانەیان کە دروست بوونیان لە وڵاتانی هیندی ـ ئەورووپییەوە سەری هەڵداوە، ئەم ڕێنووسە لەلای ڕەوەندی کوردستان لە خۆرئاوادا، بەکاردەهێنرێت، ئەوەشی کە زیاتر وەك بەڵگەیەك لە ڕووی مێژووییەوە بەکار دێت ئەوەیە کە زمانی کوردی و هیندی بە گشتی بەستراونەتەوە بە زمانی سانسکریتی دایکەوە، چونکە زمانی کوردیش بە یەکێك لە زمانە هیندۆ ئێرانییەکان دادەنرێت یان زمانی حیکمەتی میدیاییە، کە لە پەندەکانی زەردەشت دایەو بە نزیکەی لەشەش هەزار وشەدا کۆکراوەتەوەو نزیکترە لە سانسکریتییەوە، زمانی سانسکریتیش بۆ کتێبی پیرۆزی «ڕەگڤیدا» بەکارهێنراوە، هەر ئەو پەندانەی زەردەشت بووە کە دواتر راڤەکارییەکانی وڵاتی فارسی لەسەر بونیاد نراوە، دواتر بە کتێبی «ئاڤێستای میدی-فارسی» ناسێنراوە، لەبەردەم ئەم هەموو کۆسپ و تەگەرە چارەنووسسازییەی کە باسمان کردن، لۆژیك وا دەخوازێت کە زمانناسانی کورد بەرەو خۆرهەڵات بڕۆن تا پردی پێوەندی لە نێوان کەلتووری هیندی گرێبدەنەوە، ئەوەش باشترەو لە بری ئەو مەتاهاتە زۆرەی کە لە زانکۆکاکانی خۆرئاوادا هەن ئەو پردەیان توندو تۆڵ بکەن، دووەمین خاڵی هاوبەشی کەلتووریی لە خۆرهەڵاتی سەروودا بەگشتی و بەتایبەتیش لەهیندوستانەوە کە سەرچاوە گرتبێت، ڕێبازی سۆفیگەری دێرینەیە کە لە کوردستاندا بوونی مێژوویی هەیە، وەك دەزانرێت بەر لە چوونە ناو ئیسلامیشەوە کەلتوورێکی ویژدانی کوردی لە مێژووی ئەم نەتەوەیەدا هەبووە، دواتر درێژبۆتەوەو ڕێگەی خۆش کردووە بۆ دروستبوونی سۆفیگەرییەتی و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازەش لە ناوهەردوو ڕێبازگەلی نەقشبەندی و قادریی، کەواتە لێبوردەیی ئایینی و دروست نەبوونی پێکدادانی کەلتووری لە نێوان ئایینەکانی کوردستاندا ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی بەرلەمێژوو، ڕێبازی نەقشبەندی زیاتر مەیلدارە بە لای فەلسەفەی تێڕامانکاری و پابەندە بە کەلتووری هیندی و بوزییەوە، بەڵام ڕێبازی قادری پابەندە بە ئەڵقەکانی زیکرو لە سەر ڕیتمی دەف و تەهلیلەی دەروێشەکان داڕێژراوەو کە بزاڤەکەیان هاوشێوەیە بە سوڕانەوەی گەردوون، تەماشاکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ جوانی گەردوون و سروشتدا پێویستی بە بڕوایەکی پتەو هەیە، بڕوا هێنان بە خۆشەویستییەکی بێگەرد و ئەبەدی، هەروەها پێویستی بە زەین ڕوونی هەیە.

وێڕای ئەوەی کە ناوەندەکانی زانست و ئۆرگانەکەلتوورییەکان لە خۆرئاوادا کێشێکی گەورە بۆ قووڵایی ڕەهەندی فیکرییانەی سۆفیگەرییەتی لای کورد دادەنێن، بەڵام تا ئێستا کورد کارێکی زۆری وای نەکردووە کە وا خۆی پێشکەش بکات میراتگری ڕاستەقینەی ئەم فەلسەفە ڕۆحییەن، سۆفیگەرییەتی فیکرێکی ناوەندخوازی میانڕەوە لە نێوان هەردوو دیالەکتیکی تازەگەری عیلمانی و گەرموگوڕی ئایینگەراییدا، کاتێك کە خۆشەویستی لەناو بڕوای سۆفیگەراییدا بەهایەکی جەوهەری وەردەگرێت و دڵیش و بۆ خاوێن بوونەوەو وەرگرتنی ئەو خۆشەویستییەی خواوەند بە چڕی و تێری ئامادە دەکرێت تاکو ئەو ئاستەی تەنیایی لە ناو سۆفیگەریدا واتای خۆشەویستی بگەیەنێ، خۆشەویستیش واتە تاك و تەنیایی.

تەنیا ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ لەناو کتێبخانەکانی خۆرئاوادا بۆ تێکستەکانی جەلالەدین ڕۆمی بگەڕێت، تاکو ئەوە بزانێت داخۆ خۆرئاواییەکان چەندە بە پەرۆشن بۆ زانین و ناسینی کەلتووری خۆشەویستی لەناو فیکری ڕۆمیدا، تەنانەت فیزیای تازە بەسەرسامییەوە لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی جەلالەدینی ڕۆمی قوڵ دەبێتەوەو دەیانبەستێتەوە بە زانستی زەمانەوە، هاوسۆزانەش لەگەڵ فیکری زەردەشتیدا ئێستا خۆرئاواییەکان بە شوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕێن کە فەلسەفەیەکی نوێی پێبدۆزنەوە، بەشێوەیەك بتوانن لەگەڵ سروشتی شێواودا زەمینەسازی بکەن و سەر لەنوێ خۆیان ساز بدەنەوە، ئەوەش لەچوارچێوەی فیکری سەوز دادەڕێژنەوەو فکرەکەیان بە سەوز ناودێر دەکرێت، دەبینین کە ڕەگەکانی ئەم فیکرە فەلسەفییە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەویترو لەگەڵ سروشتی شێواوی دەوروبەریدا دەگەڕێتەوە، دواجار پەلکێشمان دەکاتەوە بۆ ناو مەغزاو مانا شاراوەکانی کە لە پشتەوەی پەندەکانی زەردەشتی پێغەمبەرەوەن، ئەو پێغەمبەرەی داخوازی کردبوو بۆ بیری چاك و وتەی چاك و کردەوەی چاك، هەروەها داخوازی کردبوو بۆ ڕوونبینی و سافی لە زەیندا، بۆ ئەوەی مرۆڤ هاوسەنگی پێویست لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنێ، ڕەنگە لامان سەیر نەبێت، کە خۆگونجاندن و هاوسەنگبوون لە نێوان دانیشتووانی کوردستان و سروشتەکەی دەوروبەریان، بە درێژایی هەزاران ساڵ بەسەر لوتکەکانی زاگرۆسەوە هەروەها لەناو چروپری دۆڵ و دەشتاییەکانی کوردستان ڕاڤەی تەواوی ئەم کەلتوورە خۆرسکە بکاتەوە، هاووڵاتیانی زاگرۆس لە کۆنەوە تاکو ئێستا سیمایان لە ڕوخساری ئەو جوتیارەدایە کەناوی «هاڤاڵ»بووە، شمشاڵی ژەنیوەو میراتگری ئەو رۆشنبیرییە خۆرسکە بووە کە لە پێناویدا بۆی ژیاوە، ( گۆڤاری گوڵان لە ٢٠١١/٣/٢٨).

ئێستا پێویستە بڕیاری ئەوە بدەین و ڕەنگە درێژەش نەکێشێت گەر بێت و تیشکی ڕووناکی شارەکان «هاڤاڵ» پەلکێش بکات بۆ بەجێهێشتنی عیشقە پاکەکەی زاگرۆس و ئەو نەریتانەی کە لە گوندەکەیدا وەکو پەند سوودی لێ بینیوە، لە بەرامبەر نیفاق و دووڕوویی شاردا کە زەردەشت زۆر لێی دەترسا هەروەها لەدانیشتووانی شاریش سامی هەبوو، ناوی لێنابوون «ئاشا دروگ»، ئەوەی ئەم پێغەمبەرە لێی ترساوە و ئێستاش دەستەبژێری خۆرئاوا لێی تێگەیشتوون، هەمووی لەو دەستەواژەیەدا کۆدەبێتەوە، کە هەمووان وا دەخوازن چیمەنتۆ کۆچ بکات و قەرەباڵغی شارەکان و پیسبوونی ئاوهەوا و خاك و خۆڵ نەمێنێت، پێکەوە بەرەو ناو ئامێزی گوندەکان بگەڕێنەوە، هەر ئەمە بووە کە پێشتر بیرمەندێکی فەرەنسی وەك «ژان ژاك رۆسۆ» دەیخواست تا بە بەرائەتەوە ئاگایی مرۆڤ بۆ ناو گوندەکەی بگەڕێتەوە، بەرلەمیش زەردەشت ئەمەی لە فەلسەفەکەیدا درکاندووە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە مێژووی کوردستاندا چی قەوماوە، دوای ئەوەی دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام حوسێن، کەلێن و برینی قوڵی خستە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دێهاتەکانی کوردستانەوەو بە مەبەستی داڕوخانی ژێرخانە ئابوورییە کلاسیکییەکەی هەوڵی زۆری دا بۆ تێکدانی ئەم خاك و ئاوەی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ، نەخشە کەلتوورییەکەی کوردستانی پێداڕێژراوە (گۆڤاری گوڵان ژمارە ٨٠٠ لە ٢٠١٠/١٠/٤). ئەو پرسیارەی کە ڕووبەڕووی هەمووان دەبێتەوە ئەوەیە: کە ئاخۆ چ بکرێت بۆ داکوتانی دینگە فیکری و هونەرییەکان و بۆ دەوڵەمەند کردنەوەی ناسنامەی رۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردستانی، کە بە زەرورەت خزمەت بەخیتابی گشتی و دیالۆگی ناوخۆیی جیهانیی شارستانیی بگەیەنێت، بەو شێوەیە خۆی سازبداتەوە و ئاگایی گشتی بە میتۆدێك دەوڵەمەند بکات کە بڕوای بە بەها و میراتە مێژووییەکانی فیکر و رۆشنبیری هەبێت لە کوردستان، ئەوەش گرێ بداتەوە بە پێداویستییەکانی تازەگەری و بەرەو بونیادنانی هێزی نەرم و بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی ئاراستەیان بکات. (گۆڤاری گوڵان ٨٠٧ لە ٢٠١٠/١١/٢٩).

کەلتووری چاخەکان لە کوردستاندا نزیك بۆتەوە لەوەی مەترسی هەڵوەشانەوەی لێبکرێت، مەترسی جیهانگیری و جڵەو گیرکردنی دنیا، هەروەها مەترسی کەلتووری شارستانی زاڵ و پڤدراو بە سەنتەرەکانی سوپەرمارکێت و هاوشێوەکانی و زۆر مەترسی تریش، لێرەوە گەر تەنیا ئومێدێك بۆ زیندووکردنەوەی کەلتوورو نەریتی لادێ و شارۆچکەکان هەبێت ئەو گوندانەی کە هەمووانی ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی پەنجەی هاووڵاتیانی کوردستان پێویستە بە خاکەوە خۆڵاوی بێت، چونکە هیچ خێرێك لەنەتەوەیەکدا نابینرێت ئەگەر دەستەکانی ئەو نەتەوەیە بە خۆڵ وخاکەکەیەوە خۆڵاوی نەبووبوون، ئەم پەندو وانە مێژووییە لەلایەن ئەورووپییەکانەوە بە باشی پێشوازی لێکراوەو، پێش ئەوەی چاخی ڕێنیسانس لە نوێوە دروست بێت، ئەو پرسیارە ڕەوایەتی بەخۆی داوە کە تا ئێستاش لە چارەنووسی جووتیار و بەرهەمەکەی دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە چارەنووسی شمشاڵی «هاڤاڵ»ی شوان دەپرسێتەوە، داخۆ مەڕوماڵاتەکەی ون کردووەو فەوتاندویەتی یان نا؟ هەروەها ئەو پرسیارەی کە لە چارەنووسی پیشەسازی خواردنی تەقلیدی و ڕسق و رۆزی ئەمبارکراو بۆ هەر چوار وەرزی ساڵ دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ژیانی لادێ بەهۆی بەفری زستانی درێژەوە دابڕێنرابوو لە دەوروبەری، یان چارەنووسی ئەو کارو ئەرکانەی لادێ کە خەڵکەکەی پشت بەخۆیان دەبەستن لە چنینی جلوبەرگە تەقلیدییەکان و لە بەکارهێنانی دەرمانی گژوگیادا بۆ تەندروستی ژیانیان، یان ئەو پرسیارەی کە لە چارەنووسی پسپۆر و شارەزایانی ناوخۆ دەپرسێتەوە کە چۆن لە قوڕ خانووەکانیان دروست بکەن، لەناو خانووەکانیشدا هەوا بە فێنکی هەناسەیان پێ بدات، لەناو مەرکانەی ئاوەکانیشیاندا ئاوی خاوێن و سازگار نۆش بکرێتەوە، هەموو ئەمانە لە دێرینەیی ڕابردووەوە ماونەتەوەو و شاعیرانی کوردستان تۆماریان کردون و سەرچاوەیەك بوون بۆ سروشی قەڵەم لە زەمەنە دێرین و جوانەکاندا.

داخۆ لە چ ژینگەیەکی فیکریدا چۆن بۆنەو فیستیڤاڵەکانی ئەدەب و رۆشنبیری بۆ داهاتووسازو ئامادە دەکرێن. ڕاستە کە ناسنامەی کەلتووری و دابونەریتی کوردستانێکی دێرینە وەك چەندپارچە سەهۆڵێکەو لەناو کۆکاکۆلای پشت سنوورەکانەوە کە بەمدیودا دێن دەتوێتەوە، ئەوەتا ئێستا ئێمە لە تام و چێژی شەربەتی مێووژ و دۆشاوی هەنار بێ بەش بووین و لە زارماندا ئەو چێژە مزرانەی جاران هیچیان نەماون، دوای ئەوەی شووشەی کۆکا کۆلای هێنراومان لە پشت سنوورەکانمانەوە ئەمدیوکرد، ئیترچارەنووسێکی خراپ کە شایستە و شایەنی دانیشتووانی کوردستانی دێرینە نییە وا لە پێشمانە، ئەو کوردستانەی کە بە گوندی «چەرمۆ»ی داهێنەرەوە وەسفی دەکرێت، گوندێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمین جار تۆوی کشتوکاڵییان لە کێڵگەدا چاندووە و مەڕوماڵاتیان لە ناو سروشت بەخێوکردووەو نازناوی قوتابیانی ناو سروشت و مێژووییەکیان لە خۆگونجاندن لەگەڵ سروشتدا بۆخۆیان تۆمارکردووە، شوێنەوارەکانی ناو ئەشکەوتی شانەدەریش سەلماندویانە، کە گەلی کورد یەکەمین گەل بووە کە لە مێژوودا گوڵی بەخێوکردبێت.

*** راوێژکاری پەرەپێدانی بەردەوام**

**تەنیا ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ لەناو کتێبخانەکانی خۆرئاوادا بۆ تێکستەکانی جەلالەدین ڕۆمی بگەڕێت، تاکو ئەوە بزانێت داخۆ خۆرئاواییەکان چەندە بە پەرۆشن بۆ زانین و ناسینی کەلتووری خۆشەویستی لەناو فیکری ڕۆمیدا**

**چ بکرێت بۆ داکوتانی دینگە فیکری و هونەرییەکان و بۆ دەوڵەمەند کردنەوەی ناسنامەی رۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردستانی، کە بە زەرورەت خزمەت بەخیتابی گشتی و دیالۆگی ناوخۆیی جیهانیی شارستانیی بگەیەنێت**



دکتور فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (گوڵان):

# بەبێ دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز جەنابی مەسعود بارزانی نە پەرلەمان دەیتوانی کۆببێتەوەو ڕۆڵی خۆی هەبێت نە سەرۆک کۆمار دادەنراو نە حکومەتیش دادەمەزرا

**سەبارەت بە واقیعی سیاسی ئێستای عێراق و ئەو پرس و ڕاو بۆچوونانەی لەسەر چارەسەری هەندێك لەو گرفتانەدەرێن و چۆنیەتی کردنەوەی گرێیەکان و، کاریگەریێتی دەسپێشـــخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم لەســـەر کردنەوەی دەروازە بۆ چارەسەرەکان، هەروەها دەربارەی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەو دارشـــتنەوەی واتای هاوپەیمانێتی و پرسی کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق و چەند بابەتێکی تری سیاســـی و پەرلەمانیی لەم وڵاتەدا، تیمی گوڵان لە بەغدا ئەم گفتوگۆیەیان لەگەڵ بەڕێز د.فوئاد مەعســـوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**بەغدا ـ گوڵان**

*** پرۆســـەی سیاســـی عێراق ئێســـتاکە بەرێگایەکـــدا دەڕوات، وادەکات کـــە لایەنە سیاســـییەکان نەتوانن بەیەکەوە کاربکەن، کێشە لەنێـــوان دەوڵەتـــی یاســـاو ئەلعێراقییە هەیە، بەم دواییانەش کێشـــە دروســـت بووە لە نێوان هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا، ئایـــا پێتوایە ئیرادەیەك هەیە ئەم کێشـــانە بە دیالۆگێکی جددی چارەسەر بکات؟**

- من نەگەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە ناتوانن بە یەکەوە ئیـــش بکەن، ئێســـتاش بە یەکەوە ئیشـــکردن هەیە، ســـەرەڕای ئەو جیاوازییەو هەندێ جار ئەو ناکۆکییەی دروســـت دەبێت، بەڵام تا ئێستا پێکەوە ئیش دەکەین، هیچ شتێك نەگۆڕاوە، گەرچی دیارە هەندێ بابەت هەن، ئەگەر بێتوو چارەسەر نەکرێن بۆی هەیە وردە وردە بارودۆخەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی ببات، من وادەزانم ئیرادەی سیاسی شتێك نییە هەر کەسە بە ئـــارەزووی خۆی چـــۆن بیەوێت، ئیرادەی سیاسی واقیعە، واتە واقیع فەرزی دەکات، ئایا لە بەغدا هیـــچ پێکهاتەیەك بە تەنیا دەتوانێ حوکمڕانی بکات یا هیچ حزبێك بە تەنیا توانای هەیە حوکمڕانـــی بکات، دیارە ناکرێ، کەواتە ئیرادەی سیاسی دەبێت لە واقیعەوە بێت، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی بیەوێت خۆی فەرز بکات، ئەوە دڵی خۆی تیادا دەشکێ، بۆیەهیچ لایەنێـــك و کەســـێك و پێکهاتەیـــەك ناتوانێ بەتەنیا لەبارودۆخـــی ئەمڕۆی عێراقدا حوکم بکات، کەواتـــە دەبێت هاوکاری بکات لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقدا، ئـــەو هاوکارییە لە ڕێگای چییەوە دەبێت ؟ لە ڕێگای دیالۆگەوە دەبێت، بۆیە هەموو لایـــەك مەجبورن لەگەڵ یەك دیالۆگ بکـــەن و بەیەکەوە هەوڵی ئەوە بدەن عێراق بەرەوپێشەوە ببەن.

**لایەنی کوردی لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا هێزێکی گرنگ و گەورەیە. بە پێگەو سەرکردایەتییە سیاسیەکەیی و بەیەکێتی ڕیزەکانی. تەنانەت ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنیشن. لەبەغدا پێکەوە ئیش دەکەین**

*** بۆچـــی هەمـــوو کاتێك هەوڵـــی ئەوە دەدرێت ئەو مەســـەلانەی تایبەتن بە کوردو کە لە دەستووریش چەســـپێنراون کەم بکرێتەوە یا حکومەت هەوڵدەدات بڕیارەکانی بە تاکڕەیی بێت؟**

- تا ئێستا ڕۆشنبیری فیدراڵی و کەلتووری پێکـــەوە ژیـــان بەتەواوەتی لە عێـــراق جێگیر نەبووە، هێشـــتا عەقڵیەتی ئـــەوە هەیە دەڵێن گوایە ســـەدام هەڵەی کـــردووەو لە ئەنجامی هەڵەکانی خۆیەوە وایلێهات، من ئەمجارە دەبێت بە شـــێوەیەکی تر ئیش بکەم کە تووشـــی ئەو

**هیچ لایەنێك و كەسێك و پێكهاتەیەك ناتوانێ بە تەنیا لە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراقدا حوكم بكات، كەواتە دەبێت هاوكاری بكات لەگەڵ لایەنەكانی تری عێراقدا**

هەڵانە نەبمەوە، بەڵام كام هەڵە؟ بێگومان نەك هەڵـــەی لادان لە دیموكراتیەت، بەڵكو هەڵەكە ئەو جارە لەوەیە كە چۆن ئەو كون و كاژێڕەكان بگرێت و بـــە تەنیا هەرخۆی فـــەرز بكات، ئـــەو بیركردنەوانە هەموو كاتێـــك هەر هەیە، بەتایبەتی لە عێراق كە وڵاتەكە تازەیە لەوەی كە دیموكراتیەت ببینێت، چونكە لەو وڵاتەی ئێمە دیموكراتیەت نەبینراوە، لە مێژووی نوێدا گەر بـــۆ ســـەدەكانی ١٩ و ٢٠ بگەڕێینەوە، عێراق لەژێر حوكمی عوسمانیەكان بووەو والی عوسمانی بە ئارەزووی خۆی حوكمی كردووە، والی، ئەفسەرێكی گەورە سوپای كۆكردۆتەوەو هاتووە والیەكەی حوكمی دەكرد لێی ختسووەو برووســـكەی نـــاردووە بۆ ئەســـتەنبوڵ، والی پێشـــتریان دوورخســـتۆتەوەو والیەكی تازەیان داناوە، كە حكومەتی عێراقـــی دانرا، هەمان ئەو ئەفســـەرانە دایان نا كە پەروەردەی دەستی سوپای عوسمانی بوون و ئینگلیز هات حوكمی عێراقی كرد، دوای ئەوە كەوتینە ناو كودەتای ســـەربازی، دواجار حزبی بەعـــس هات، واتە ئێمە كەشوهەوایەكی دیموكراتیەتمان نەدیتووە، بۆیە كەلتووری دیموكراتیەت و ڕۆشـــنبیری ڕاوبۆچوون و ڕاوبۆچوونی بەرانبەر شـــتێكی تازەیە لە وڵاتمان.

## دیاریكردنی دەسەڵاتی ناوەندو دەسەڵاتی هەرێمەكان

*** هەندێ شت هەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دەســـتوورەوە هەیە، بۆ نموونە دەســـەڵاتی هەرێمەكان زیاترە لە دەســـەڵاتی ناوەند، بەڵكو دەسەڵاتی ناوەند دیاریكراوە بە پێی فیدراڵیەت و دەســـتووری عێراقیـــش فیدڕاڵیـــە، بەڵام حكومـــەت هەموو كات هەوڵی ئـــەوە دەدات كە دەســـەڵاتی ناوەندی خۆی زیاتر بكات لە دەسەڵاتی هەرێمەكان، هۆكارەكەی چییە؟**

- هۆیەكە ئەوەیە كە تا ئێستاكە هەرێمەكانی تر دروســـت نەبوون، بۆیە ئێستا تەماشا بكەین عێـــراق فیدڕاڵە، نەخێر، چونكە فیدڕاڵیەت بە تەواوەتی لەسەرتاســـەری عێراق نەچەسپاوەو مەركەزییـــە، ڕەنگـــە ئەوەی كە لـــە ناو ئەو عێراقـــەدا تایبەتمەندی خـــۆی هەبێت تەنیا هەرێمی كوردســـتانە، بەبۆچوونی من ئەگەر فیدڕاڵیەت بڵاوبێتەوە لە قازانجی ئێمەیە، لەبەر ئەوەی ئەوكات ئێمە بـــە تەنیا نابین، چونكە ئێســـتا هەر شتێك دەبێت دەڵێن كوردەكان، ئێمە وەكو هەرێم داوای شـــتەكانی خۆمان دەكەین، ڕاســـتە هەندێ ناوچەی زۆر هـــەن كە پێیان دەڵێن ناوچە ناكۆكی لەســـەرەكان كەهێشـــتا كێشـــەی ئەم ناوچانە چارەسەر نەكراوە، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی كە دەبێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە هەرشتێك دەبێت دەڵێـــن كوردەكان، مەبەستیشـــیان لە كوردەكان هەرێمی كوردســـتانە واتە ئـــەو حكومەتەی كوردستان، بەڵام كە حكومەتی تری مەحەلی لەسەرتاسەری عێراق دروستبوو ئەو كاتە ئێمە بـــە تەنیا ڕووبەڕووی ناوەنـــد نابینەوە، بەڵكو حكومەتی هەرێمەكانی تریشمان لەگەڵ دەبن، چونكە هەر هەرێمێك دەیەوێت تایبەتمەندیەكەی خۆی بپارێزێت، ئەوكاتـــە ئێمە بەتەنیا نابین، ئەمەش لە قازانجی ئێمەیە.

*** بەچی یا چۆن ئەم هەرێمانەش دروســـت دەبن؟**

- دروســـتبوونی هەرێمـــەكان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵكەكانی خۆیان، ســـەبارەت بە هەندی ناوچەو پارێزگاكان لـــە ناوخۆیان كۆك نین و ململانێیان هەیە، هەندێكیان وەكو لە سەرەتادا ئاماژەم پێكرد لە ڕۆشـــنبیری فیدڕاڵی نازانن و هەندێكیـــان وابیردەكەنەوەو ئومێدیان وایە كە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان بگەنە حوكم، بێگومان ئەوەی لە حوكمیش بێت حەز دەكات حوكمەكەی مەركەزی بێت، نایەوێت دابەش بێت بەسەر ئەو لایەنانە، هەر بۆیە چارەســـەری ئەوكێشانەی ئەمڕۆ لە ناو عێراق هەیـــە تەنیا فیدڕاڵیەتە و ئێستاش كە تەماشـــا دەكەیت كەشوهەوای فیدڕاڵیـــەت لە عێراق زۆر پێشـــكەوتووترە لە جـــاران، جاران كە باســـی فیدڕاڵیـــەت دەكرا دەیانـــووت ئـــەوە جیابوونەوەیە، بەڵام ئێســـتا كەتەماشـــای دەكـــەن، نەخێـــر بەتایبەتی كە دێنە هەرێمی كوردســـتان و ئەو بارودۆخە بە چاوی خۆیان دەبینن و بەو بارودۆخەی خۆیان بەراوردی دەكەن كە تێیدا دەژین، جیاوازییەكی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی ئەمڕۆ لە كوردستان هەیـــەو لەگەڵ ئەوەی ئەوان تێیدا دەژین، هەر بۆیە ئێستا بۆ بیرۆكەی فیدڕاڵیەت باوەڕێكی تەواو پەیدابـــووە، بەڵام لە هـــەر پارێزگایەك هەندێ ململانێی ناوخۆیی هەیە، ئەوەتە ئێستا ڕێگای دروســـت كردنی هەرێمـــی فیدراڵی گرتووە.

**كە حكومەتی عێراقی دانرا، هەمان ئەو ئەفسەرانە دایان نا كە پەروەردەی دەستی سوپای عوسمانی بوون و ئینگلیز هات حوكمی عێراقی كرد، دوای ئەوە كەوتینە ناو كودەتای سەربازی، دواجار حزبی بەعس هات، واتە عیراق كەشوهەوایەكی دیموكراتی نەدیتووە**

## تاكرەویی مالیكی بەسەر دەسەڵاتدا

*** هەموو كاتێك جەنابی ســـەرۆك بارزانی و مـــام جەلال جەخت لەســـەر ئـــەوە دەكەنەوە كە كێشـــەو گرفتەكان چارەسەر بكەن و پلانە سیاسیەكان ڕێك بخەن، بەڵام ئەوەی ئەمجارەو ئێستاكە ڕوویداوە ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ كوردە، ئەوەی لەگەڵ بەغدا و مالیكی ڕوویداوە، ئایا پێتانوایە ئەمجـــارە وەڵام و پێوەندی مالیكی**

**كە دەمانەوێت یاسای هەڵبژاردن بگۆڕین دەبێت لە ئێستاوە پرۆژەیەك ئامادە بكەین و لایەنەكانی تریش بۆ لای خۆمان ڕابكێشین و كە پرۆژەكە ئامادەبوو لەناو پەرلەمان و لەوێ گفتوگۆی بۆ بكەین**

**چۆن دەبێت لەگەڵ كوردەكان؟**

- نابێ بڵێیـــن لەگەڵ كورد، چونكە وتمان لەگەڵ كورد دەبێتە حاڵەتێكی تر، لەبەر ئەوەی ئەویـــش عەرەبـــە، بۆیە لەگەڵ كـــورد نییە، بەڵكو شەڕی دەسەڵاتەو دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمدا فەرز بكەن، بۆیە ئەوەی ئێستاكە ڕوویداوە، من وادەزانم چارەسەردەكرێت بە ئاسانیش.

*** پێتوایە مالیكی ئـــەو ڕێككەوتنەی لە هەولێر كرا جێبەجێ دەكرێت؟**

- ئێمە ڕێككەوتن لە نێوانماندا هەیە، ئێستا ئێمـــە داوای ئەوە دەكەین ئـــەو ڕێككەوتنەی نێوان ئێمەو ئەوان جێبەجێ بكرێت، ئێســـتاش ئەوانیش ڕایانگەیاندووەو دەڵێن ئێمە پابەندین بە ڕێككەوتنامەكـــەو ئێمەش پێش ئەوان وتوومانە ئەو ڕێكەوتنەمان دەوێت، جا بۆیە ئێستا باوەڕ دەكـــەم بەم نزیكانـــە لە نێوان هـــەردوو لایەن دانیشتن ئەنجام بدرێت .

## پێویستی بوون بە مانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا بۆ هاوكاری عێراق

*** سەبارەت بە كشانەوەی هێزە ئەمەریكییەكان لە عێـــراق ؛ زۆربەی لایەنـــەكان و كوردیش تەئكید لەوە دەكەنەوە كە ئەو هێزانە بمێنێتەوە**

ڕای بەڕێزتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟

- من نالێم مەترسی هەیە، بەڵام هێزە ئەمەریکییەکان بەرای ئێمە مانەوەیان لەبەرژەوەندی عێراقە، عێراق پێویستی بەم هێزانە هەیە، دیارە تا ئێستا هێزی هەوایی عێراقی دروست نەبووە، هێزی دەریایش تەواو نییە تەنانەت هێزی چەکداری خۆی کە پێی دەڵێن هێزی وشکایی بەپێی پێویست نییەو بەتەواوەتی پتەو نەبووە، وەکو میلیشیات تێکەڵ بووە، تەنانەت هێزی ناوخۆو ئاسایشی تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و پتەو دروست نەبووە، دەبینیت کاتێك شوێنێك پەلامار دەدرێت و هەندێك کەس دەسگیر دەکرێن کە دەچن ئەوەی گیراوە ئەوەی خەڵکەکەی کردۆتە ئامانج هەموویان بەیەکەوە لێدەدرێن، ئەمە چۆن وا دەبێت، بۆیە بە ڕای ئێمە ئەمڕۆ هێزەکانی ناوخۆی عێراق پێویستیان بە تەکنەلۆژیاو شتی تازە هەیە. هێزی سوپا پێویستی بە مەشق و ڕاهێنان و کەرەستە هەیە، ئێمە ڕای خۆمان بە ڕاشکاوی داوە بەڵام ئەوان کەوتوونەتە

**ڕێکەوتنامەی نێوان ئێمەو دەوڵەتی یاساو ئێمەو هاوپەیمانی نیشتمانی بەگشتی بەشێکی زۆری پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بە هەرشێوەیەك بێت دیموکراتیەت لە عێراق بچەسپێت**

موزایەدە لەسەر یەکتر، تەنانەت گەر ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ ویژدانی خۆیان و واقیعی عێراق تەماشا بکەن، دەبینن پێویستیان بە هێزەکانی ئەمەریکی هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەو عەقڵیەتە ماوە کە هی زەمانی عەبدولناسر و بەعسیەکانە کەپێیان وابوو ئەمەریکا مەترسی هەرە گەورەیە لەسەر جیهان. بەڵام ئێستا ئەم عەقڵیەتەی پێشان بەسەرچوو، ئێستا ئەمڕۆ ئێمە وەکو عێراق پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ ئەمەریکا هاوکاری بکەین لە چەندین ڕووەوە، بەتایبەتی کە ڕێکەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە، پەرلەمانی عێراق پەسەندی کردووە، بۆیە پێویستیمان بەوە هەیە هێزەکانیان بمێننەوە، بەڵام نەك هێزێکی گەورە وەکو هێزی داگیرکەر، بەڵکو هێزێك بێت بتوانێت یارمەتی سوپای عێراق بدات لە پێشکەوتنی هێزی چەکداری و ئاسایش، هاوکات ئەگەر کێشەیەك ڕوویدا بتوانن هاوکاری هەموو لایەك بکەن لە عێراق.

*** ئێوە وەکو هاوپەیمانی کوردستان ئەمە ساڵێکە ئەو ڕێکەوتنە ئیمزا کراوە لەگەڵ بەغدا بەتایبەتی لەگەڵ نوری مالیکی، ئایا ترستان هەیە ئەم ڕێکەوتنە جێبەجێ نەکرێت، یا ئەوەی ئێوە ویستووتانە نەبووە، تا ئێستا خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە ؟ئایا بەرنامەو ستراتیژییەتان داناوە گەر بێتوو ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکرا؟**

-بەڕاستی ئێمە ئەو ماوەیە زیاتر خەریکی ڕێکەوتنامەی هەولێر بووین، دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز جەنابی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کە بەڕاستی گەربێتوو ئەم دەستپێشخەرییە نەبوایە مەترسییەکی گەورە دروست دەبوو، چونکە بەبێ ئەم دەستپێشخەرییە نە پەرلەمان دەیتوانی کۆبێتەوەو ڕۆڵی خۆی هەبێت نە سەرۆك کۆمار دادەنراو نە حکومەتیش دادەمەزرا، بەڕاستی ئەم دەستپێشخەرییە دەستپێشخەرییەکی گەورە بوو، واتا هەموو لایەنێکی تێدا بوو، ئێمە هەر خەریکی ئەوە بووین ئەو خاڵانەی لە ڕێککەوتنامەکەی هەولێردا بوو هەمووی جێبەجێ بکرێت، دیارە ناکۆکییەکەی نێوان دەوڵەتی یاساو ئەلعێراقیەش تا دێت قووڵ دەبێتەوە، هەوڵی زۆرمان داوە کە بیانگەیەنینە یەکتر، بەڵام ناگەنە یەکتر، ئینجا بۆیە ئێستا با ئێمە بێین داوا بکەین لە مالیکی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوان ئێمەو ئەوان هەیە جێبەجێ بکرێت.

کاتێك بەشێك لەو ڕێکەوتنامەیە ڕێکەوتنامەی هەولێریشی تێدایە خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ڕێکەوتنەکە داواکاری کورد بێت، بەڵکو هەر لە دیموکراتیەتەوە تا شێوازی حوکمڕانی و سیستەمی ناوخۆیی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و چەندین بابەتی تریش لەم ڕێکەوتننامانە هەیە کە داواکاری هەموو لایەن و خەڵکی عێراقە، واتا ڕێکەوتنامەکە مانای ئەوە نییە کە تەنیا داواکاری و خاڵەکانی کوردی تێدایە هەر ئەوەندەمان بۆ جێبەجێ بکەن و هەقی پێکهاتەکانی دیکەمان نییە، بەڵکو ڕێکەوتنێکی گشتگیرەو بۆ بەرژەوەندی هەموو عێراقە، ئێمە بەشداری لە حوکمڕانی کەواتا بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، چۆن بەرپرسیارین لەوەی بەرگری لە مافەکانی خۆمان لە کوردستان بکەین هەرئاواش بەرپرسیارین بەرگری لە مافەکانی خەڵکی عێراقیش بکەین، ئەگینا ئێمەکاتێك بەخۆمان دەزانین گۆشەگیر بووین و دابڕاوین، نەخێر ئێمە نابێت دابڕێین، بۆیە دەبێت بەبەردەوامی لەکارو جووڵەدا بین، بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق و هێزە سیاسییەکان بەلای خۆماندا بێنین، نەك بڵێین ئێمە هەقمان بەسەریانەوە نییە، جا بۆیە ڕێکەوتنامەی نێوان ئێمەو دەوڵەتی یاسا و ئێمەو هاوپەیمانی نیشتمانی بەگشتی بەشێکی زۆری پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت دیموکراتیەت لە عێراق بچەسپێت، چونکە بەچەسپانی دیموکراتیەت، ئێمە دەتوانین مافەکانی خۆمان و دەستوور بپارێزین. ئەگەر ئێمە بەتەنیا ماینەوە ئەوە حاڵەتێکی تر دروست دەبێت.

## ئەگەری ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە

*** ئەگەری ئەوە هەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر ڕۆیشت ڕێکەوتنێکی وا بکەین لەگەڵ ئەلعێراقیەو حکومەت لەمالیکی وەربگرینەوە؟**

- جاری نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، جاری ئێمە لە قۆناغی سەرەتاین، هەردوولا باس لەوە دەکەین کە پابەندی ڕێکەوتنەکە دەبین، ئەوانیش دەڵێن پابەندین و ئێمەش دەڵێین پابەندین، جا ئێستا دەبێت دیالۆگ دەستپێبکات و کۆبوونەوەی هەردوولاو کۆبوونەوەی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی یاسا بەتایبەتی یاخود هاوپەیمانی نیشتمانی دێین هەنگاو بەهەنگاو خاڵ بەخاڵ گفتوگۆی لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، ڕاستە هەندێکی دەست بەجێ جێبەجێ ناکرێت و پێویستی بەکاتە، کە دەمانەوێت یاسای هەڵبژاردن بگۆڕدرێت، گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن بەکۆبوونەوەی ئێمەو ئەوان نابێت، پێویستە ڕێك بکەوین و پرۆژە یاسایەك هەبێت و لەسەری ڕێکبکەوین و بچێتە پەرلەمان، واتا هەندێك شت هەیە دەستبەجێیە و هەندێك شت هەیە پێویستی بەکاتە، مادام پێویستی بەکاتە، واتا پێویستە هەنگاوی بۆ بنێین، چونکە گەر پێویستی بەکات بوو، واتا پێویستە چەند هەنگاوێکی بۆ بنێیت و لە ئێستاوە دەست بە هەنگاوەکان بکرێت، بۆ نموونە کە دەمانەوێت یاسای هەڵبژاردن بگۆڕین دەبێت لە ئێستاوە پرۆژەیەك ئامادە بکەین و لایەنەکانی تریش بۆ لای خۆمان ڕابکێشین و کە پرۆژەکە ئامادەبوو لەناو پەرلەمان و لەوێ گفتوگۆی بۆ بکەین

**هەندێ ناوچەو پارێزگا لەناو خۆیان کۆك نین و ململانێیان هەیە. یان لە ڕۆشنبیری فیدراڵی نازانن و هەندێکیان وابیردەکەنەوەو ئومێدیان وایە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان بگەنە حوکم. بێگومان ئەوەی لە حوکمیش بێت حەز دەکات حوکمەکەی مەرکەزی بێت**

**تا ئێستا ئەو عەقڵیەتە ماوە كە هی زەمانی عەبدولناسرو بەعسییەكانە كەپێیان وابوو ئەمەریكا مەترسی هەرە گەورەیە لەسەر جیهان. ئەم عەقڵیەتەی پێشان بەسەرچووە ئێستا ئەمڕۆ ئێمە وەكو عێراق پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ ئەمەریكا لە چەندین ڕووەوە هاوكاری بكەین**

و بەهەمووومان هەوڵ بدەین دەنگی بۆ پەیدا بكەین تا سەربكەوێت، كەواتە ئەمە پێویستی بەكاتە.

سەبارەت بەماددەی ١٤٠ ئەوە نییە ماددەیەك بێت و یەك بڕیاری بۆ دەربچێت و تەواو، ئەمەش پێویستی بەكاتە، پێویستی بەوەیە هەوڵی ئەوە بدەین ئێمەو ئەوان كە ڕێككەوتین لەگەڵ لایەنەكانی تریش دابنیشین و داوایان لێبكەین و دەبێت بێن ماددەی ١٤٠ ئەوەی كە پێوەندی بەكوردستانەوە هەیە(چونكە ماددەی ١٤٠ تەنیا تایبەت نییە بەكوردستان) ئەو كێشەیەی كە ئێستا دروست بووە، بەشێكە لە ماددەی ١٤٠ بۆیە ئێستا قۆناغی دیالۆگە، دەبێت دەستی پێبكەین خوانەخواستە گەر نەگەیشتینە ئەنجام، ئەو كات دەبێت بیر لە شتی تر بكەینەوە.

### پرۆژەیاساكەی نەوت وغاز

*** ئەی سەبارەت بە پرۆژەی یاسای نەوت و غاز چی هەیە و ئایا ناكۆكی ئێوەو ئەوان لەسەر یاساكە چییە؟**

- ئەمڕۆ نەوت و غازیش بڕبڕەی پشتی ئابووری عێراقە بەشەپشكی ئابووری عێراقە، نە ئێمە دەتوانین بەتەنیا یاسا دابنێین نە ئەوان دەتوانن بەتەنیا یاسا دابنێن، كەواتە دەبێت پێكەوە ئەو یاسایە دابنێین و لەسەری ڕێكبكەوین، چونكە ئێمە لەسەر تەوافوق دەڕۆین، تەوافوق واتا هەموو ئەو لایەنانەی بەشداران لە نێوان خۆیاندا ڕێكبكەون، واتا بەڕەزامەندی ئەو لایەنانە بن كە بەشداران لە حكومەت، چونكە ئەگەر لایەنێك ڕەزامەندی نەبوو كێشە دروست دەبێت، بۆیە ئێمەش و دەوڵەتی یاسا كە ڕێككەوتین لەسەر پرۆژەی نەوت و غاز پێكەوە دەبێت لەگەڵ لایەنەكانی تریش قسە بكەین و دەیبەینە پەرلەمان و لەوێ دەنگی بۆ دەدرێت بەڵام هیچ لایەنێك نە ئێمە بەتەنیا دەتوانین فەرزی یاسایەك بكەین نە ئەوان، كەواتە دیسان دەبێت بۆ ئەمە دیالۆگ بكەین.

سەبارەت بە سیاسەتی نەوتی ئێمە دەڵێین ئەوەی كە بووە لەكاتی خۆی كۆنەكان ئەوە دیارە كە عێراق كردوویەتی بەڵام دەبێت ئێمەش تێیدا بەشدار بین، ناكرێت نەوتی كەركوك و شوێنەكانی ترو پارێزگاكانی تر یا لە خواروی عێراقە تەنیا لایەنێك یا حكومەتی ناوەندی بڵێت ئێمە تەنیا حەقمان بەسەریەوە هەیە، ئەمە نابێت چونكە وشەیەك هاتووە دەڵێت لەگەڵ هەرێمەكان و پارێزگاكان واتا لەگەڵ ئەوان دەبێت سیاسەتەكە جێبەجێ بكات، خۆی سیاسەتەكەی دارشتووە بەڵام دەبێت جێبەجێكردنەكەی لەگەڵ ئەوان بێت، بەڵام بەنسبەت ئەوانەی تازە دەبێت بەیەكەوە بێت شانبەشانی یەكتر ئەو لە خۆیەوە بێت و هەموو شتی خۆی فەرز بكات بەسەر ئێمەدا دەستوور ڕێگا بەمە نادات، چونكە دەستوور دەڵێت بەیەكەوە لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە بڵێت لەگەڵ ئەو یا بەیەكەوە، هەڵەكە لەوەدایە ئەگەر بڵێت بەیەكەوە یا لەگەڵ دەبێت جیا بكرێتەوە چونكە جیاوازیی و ناكۆكییەكە لێرەدایە . دیارە ئێمەش بەرگری لەسیاسەتی



خۆمان دەكەین و ئەو وشەیە لەكاتی دانانی دەستوور كێشەیەكی زۆری لەسەر بووە (لەگەڵ یا بەیەكەوە) دواتر لەكاتی دانانی دەستوور توانیمان جێگیری بكەین و ناشكرێت هیچ لایەنێك لە دەستوور لابدات.

*** زۆر لە شارەزایان و چاودێران و سیاسەتمەداران زۆر باسی ئەوە دەكەن لەكاتی هەڵبژاردندا كە نووری مالیكی سەرۆك وەزیرانی كوردستانی دەكردو پێویستی بە هاوپەیمانێتی و ڕێككەوتن هەبوو لە كورد نزیك بووەوە بەڵام كە گەیشتە ئامانجی خۆی و بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق بە بەردەوام ئەو بابەت و مەسەلانەی تایبەت بوو بە هەرێمی كوردستان لێی دوور دەكەوێتەوەو حەز دەكات تاكڕەوی لەبەرامبەر بكات، ئایا ئەمە هۆی ئەوەیە كە كورد دڵی سافەو چووە پێشەوە؟**

- لەو كاتەوەی ڕژێمی پێشوو ڕووخاوە، كورد لەپرۆسەی نوێ هەستی بەلاوازی نەكردووە، لەهەمان كاتیشدا وانە بووە كە هیچی پێ ناكرێت، ئەمڕۆ لەناو پێكهاتەكانی عێراق دوو پێكهاتەی گەورە هەیە شیعەو سونە، بەهێزیی كورد لەوەدایە توانیوێتی ئەو هاوكێشەیە ڕابگرێت، شیعەو سونە هەندێكجار پێویست دەكات هەندێ شتی خۆیان هەیە ڕایگرێت، چونكە ئێمە بەهەر لایەكدا دابشكێنین بە زیان بۆمان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوەی دەكەوێتە نێوبژێكردن هەندێكجار یەك دوو مشتەكۆڵەشی بەردەكەوێت، ئەمەش كارێكی سروشتیە. بەڵام ڕۆڵە سیاسیەكەی هەر بۆ دەمێنێتەوە ئەمە نە لە سادەییە نە لەلاوازیشە بەڵكو زیاتر ویستومانە ئەو ڕۆڵە ببینین كە ئەوە تەنیا ڕۆڵ چاكەو خێرخوازی بێت، نەخێر ئەمە بەرژەوەندییە، بەرژەوەندی ئێمە لەوەدا نییە بكەوینە پشتگیری لایەك و لایەكەی تر پشتگوێ بخەین، چونكە لە سیاسەتدا كاری پیاوچاكی و خێرخوازی نییە، ئەمە سیاسەتە، لە سیاسەتدا دەمانەوێت بارودۆخی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین و ئەو هاوكێشەیەمان بەباشی ڕاگرتووە، واتا ئێمە لەهاوكێشەی عێراقداو لە نێوان هێزەكاندا هەوێنی پرۆسەكەین. لەبەرئەوەی ئەگەر لەسیاسەتدا لایەنێك هەوێنی پرۆسەكە بێت ئەوە ناتوانێت كاریگەری خۆی هەبێت ئەگەر لاواز بێت، بۆیە لایەنی كوردی لەم پرۆسەیەدا لاواز نییە، لایەنی كوردی لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا هێزێكی گرنگ و گەورەیە، بە پێگەو سەركردایەتییە سیاسییەكەیی و بەیەكێتی ڕیزەكانی تەنانەت ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنیشن لەبەغدا پێكەوە ئیش دەكەین، جیاوازیمان لەو مەسەلانەی پێوەندی بەبەرژەوەندی گشتی و كوردستانەوە هەیەو یەكهەڵوێستین. هەربۆیە ئەوەی ئەرازووەكەی بەدەستەوەیە بەهێزەو دەشزانێت چۆن ئەم ئەرازووە ڕابگرێت و ئەمەش لە زیرەكی خۆیەتی.

# کشانەوەی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

### هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دۆخەکە بەرەو دواوە

لە ئێستادا، پێوەندی نێوان بەغداو هەولێر «پێوەندییەکی گوماناوی، دوژمنکارانەو پەنابردنە بەر سیاسەتی لێواری هەڵدێرە»[1] کە لەسەر ئاستێکی سیاسی زۆر قووڵ هەڕەشە لە سەقامگیری دەوڵەتی عێراق دەکات.[2] ململانێیەکە، کاریگەری وێرانکارانەی لەسەر مێژووی سەدەی بیستەمی وڵاتەکە جێهێشتووە، بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ئیفلیج بوونێکی سیاسی یان خراپتر، ڕەنگە ببێتە هۆی خێراتربوونی لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق، پێوەندی کوردو عەرەب پێوەندییەکە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی خراپتربوونی بارودۆخەکە[3] کاتێک حکومەتی بەغدا بە سەرۆکایەتی نووری ئەل مالیکی بەهێزترو بڕوابەخۆتر بوو، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵی دووبارە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا بەسەر بەشە کوردییەکەی باکووری وڵاتەکەدا.

**کەسانێك هەن لە هەرێمی کوردستاندا باوەڕیان وایە باشترە زووتر ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ بەغدا بکەن نەك ئەو کاتەی هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوولادا کەمتر لە بەرژەوەندی کوردەکان دەبێت**

دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە زەمانەتی فیدراڵیەتی ڕاستەقینەی دەکرد، بەو پێیە زەمانەتی نیمچە سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان دەکرد، لە ئێستادا تانەی ئەوەی لێدەدرێت کە لە ساتەوەختی لاوازیدا سەپێنراوە.

زۆرێك (نەك هەموو)[4] لەشیعەو سوونەکان لە ئێستادا هەوڵی ئەوە دەدەن هەلومەرجەکە بۆ دۆخی ڕابردوو بگەڕێننەوە- بە لایانەوە دۆخێکی ڕاست و دروست بووە-، ئەو دۆخەش بریتی بوو لە بوونی دەوڵەتێك کە مەرکەزیەتێکی زیاتری هەبوو، ئەگەرچی ئەمە پێویستی بەگۆڕینی دەستوور هەیە. لە ڕاستیدا ئەمە دۆخێکە کە پاساوێکی بەهێز دەداتە دەست مالیکی- و هەر جێگرەوەیەکی مالیکی کە عەرەب بێت- کاتێك کۆشش بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و کۆتایی هێنان بەناکۆکی تائیفی نێوان شیعە و سوننە دەکات.

به ڕەوچاکردنی باری دانیشتووان و هەموو ئەو ئیمکانیاتانەی هەردوولا هەیانە، ئەوا ئەو تێڕوانینە هەیە کە کات لە بەرژەوەندی بەغدایە. بێتوانایی لە پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ مانگ دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٧ی ئازاری ٢٠١٠وە، تەنیا بووەهۆی دواخستنی ئەم بارودۆخە. هەرچۆنێك بێت، کاتێك حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی مالیکی لە ٢٠١١دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوا هەڵوێستی عەرەب لە ئاست کوردەکان لە بەهێزبووندا دەبێت.[5]

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنە مەحەلیەکەی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩دا، کوردەکان زۆرینە دەستکردەکەیان لە ئیدارەی پارێزگای موسڵدا لە بەرژەوەندی لیستی ئەل حەدبا لەدەستدا، لەبەر ئەوەی سوونەکان بەشدارییان کرد، لەبری موقاتەعەکردن هەروەك ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کردبوویان. هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئازاری ساڵی ٢٠١٠ گرژی نێوان سیاسیەکانی هەردوولای بەرەو هەڵکشان برد، کاتێك هەردوولا سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە پاڵێوراوەکانیان دوچاری هەراسان کردن و پارتەکانیان دووچاری فشارو توندوتیژی دەبنەوە، ئەمە کاتێك وەك لایەنی ڕکابەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەکرد. پەرلەمانی داهاتوو ٣١ ئەندامی پارێزگای موسڵی لە خۆدەگرت و کوردەکانیش پێشبینی بردنەوەی ١٠ کورسییان دەکرد، ئەمجارە، ئەمەش

**زۆرێك (نەك هەموو) لەشیعەو سوونەکان لە ئێستادا هەوڵی ئەوە دەدەن هەلومەرجەکە بۆ دۆخی ڕابردوو بگەڕێننەوە- بە لایانەوە دۆخێکی ڕاست و دروست بووە-. ئەو دۆخەش بریتی بوو لە بوونی دەوڵەتێك کە مەرکەزیەتێکی زیاتری هەبوو**




ڕێژەی دانیشتووانی خەملێنراوی کوردەکانە لە موسڵدا. خەسرەو گۆران، کە بەرپرسێکی مەحەلی دیاری کوردە، بە پوختی و بە ڕوونی گوزارشتی لێکرد «یەکەم ئیتنیەت، دووەم پارتی سیاسی».(٦) لەم ڕوانگەیەوە، کەسانێك هەن لە هەرێمی کوردستاندا باوەڕیان وایە باشترە زووتر ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ بەغدا بکەن نەك ئەو کاتەی هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوولادا کەمتر لە بەرژەوەندی کوردەکان دەبێت.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا مالیکی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی ناو بەناو لەسەر بارودۆخەکە لێدوانی توندیان لە بەرامبەر یەکتر داوە. بۆ نموونە لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە بەغدا کە بارگرژی باڵی کێشابوو بەسەریدا، بارزانی بە مالیکی وت «تۆ بۆنی دیکتاتۆرت لێدێت»(٧) هەروەها لە ئابی ٢٠٠٨دا ڕایگەیاند کە سەرۆك وەزیران «یاری بە ئاگر دەکات» (٨) ئەم لێدوانانە خەریك بوو لە دەرئەنجامدا ڕووبەڕووبوونەوەی بەربڵاوی لێبکەوێتەوە ئەوەش لە شاری خانەقینەوە کە یەکێکە لەشارەکانی جێی ناکۆکی سەر بە پارێزگاری دیالەیەو ٩٠ میل لە باکوری بەغداوە دوورەو بەسەر سنووری ناوخۆیی -ئەمری واقیعی- نێوان هەردوولا دەڕوانێت و بە زۆری «هێڵی گرژی و ئاڵۆزی»(٩) تێدایە، پێشمەرگە هۆشدارییەکی هێزە ئەمنیەکانی عێراقیان بۆ کشانەوە فەرامۆش کرد. دوای چەند هەوڵێکی چڕی پیادەکردنی سیاسەتی لێواری هەڵدێر، هەردوولا بۆ مەسافەی ١٥ میل بۆ باکوور باشووری شارەکە پاشەکشەیان کرد، ئیدارەدانی ئەمنیەتی شاری خانەقینیان بۆ هێزەکانی پۆلیس بەجێهێشت.

**دەرچواندنی فەرمانی تەقەکردن لەلایەن سوپای عێراقەوە**

هەردوولا لە چەندین بۆنەی یەك بە دوا یەکدا نزیك بوونەوە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا. زۆرجار لە دەرەوەی شارەکاندا فەرماندە سەربازییەکانی دەرەوەی شارەکان مەیلی ئەوەیان هەیە سەربەخۆ ڕەفتار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ٢٠٠٩دا سەربازەکانی بەغدا چوونە ناو شاری ئاڵتون کۆپریەوە کە شارێکی ناکۆکی لەسەرەو زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، کاتێك دانیشتووانی شارەکە بە پشتیوانی پێشمەرگە خۆپیشاندانیان کرد، ئەوا فەرمانی تەقەکردن و کوشتنیان پێدرا. تەنیا بوونی هێزە ئەمەریکیەکان کە لەو نزیکانە جێگیرکرا بوون ڕێگرییان لە خوێنڕشتن کرد.(١٠)

هەر لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠وە، بە ڕای ئۆدێرنۆ کە ئەوسا فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو، لەگەڵ جێگرەوەکەی جەنەراڵ لیود ئۆستن، هەوڵیانداوە متمانە لە نێوان هەردوولایەندا دروست بکەن، ئەویش بە پێکهێنانی دەوریەی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا (کە پێی دەوترێت میکانیزمە ئەمنیە هاوبەشەکان) کە سەربازە ئەمریکیەکانیشیان لەگەڵدایە، هەروەها بە بەڕێوەبردنی ٢٦خاڵی پشکنین پێکەوە. لە هەندێ جێدا تەنانەت شوێنی خەوتن و خواردنیشیان پێکەوەیە، ئەم پرۆسەیە لە سێ پارێزگادا بەڕێوەدەچێت، کەرکوك و موسڵ و دیالە.

بەرهەم ساڵح، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم ڕێو شوێنانە دەڵێت «هاوکاری فریاگوزارییە بۆ بنیاتنانی

**ڕەنگە تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەهێزە چەکدارەکانی فیدراڵییەکان بدات بۆ ئەوەی بێنە هەرێمەکەوە، ئەویش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەمەرجێك ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان دیاری کرابێت**

**ئایا عێراق بە ڕاستی وەك وڵاتێکی فیدراڵی دەمێنێتەوە هەروەك ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دەکات، یاخود هەر تەنیا بە ناو وڵاتێکی فیدراڵی دەبێت لە کاتێکدا عەرەبەکان لە کۆشش بە مەرکەزیکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدان؟**

**هەندێ کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە دوای ئەوەی ئەمەریکا بە ڕەسمی و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا لە عێراق دەکشێتەوە، ئەوا ئەمەریکا هەندێ لە هێزە تایبەتیەکانی وەزارەتی دەرەوە جێدەهێڵێت، یان هەندێ بەڵێندەری مەدەنی بۆ هاوکاری کردن لە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕاگوزاری دەهێڵێتەوە**

متمانەو هێنانەئارای سەقامگیری».(١١)

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەم پرسیارە بکەین ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چی ڕوودەدات؟ ساڵح ئەوەی درکاند «کاتێك بیر لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەمەوە، ئەوا زۆر زۆر نیگەران دەبم» کەسانێکی دیکە زۆر توندتر گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان کرد. بۆ نموونە جەنەراڵ تۆڕهان یوسف عەبدولڕەحمان، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك ڕایگەیاند «کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە، دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆیی ڕوودەدات»(١٢) فەرماندەیەکی پۆلیسی کەرکوك کە کوردە ڕایگەیاند«من قەناعەتی تەواوم هەیە بەوەی لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا کەرکوك دووچاری شەڕی ناوخۆیی دەبێتەوە، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە. من زەمانەتی ئەوە دەکەم»(١٣) تەنانەت لەکاتی ئامادەبوونی هێزەکانی ئەمەریکاشدا هەردوولا ناکۆکییان هەیە لەسەر ئەوەی دەبێت چ لایەك فەرماندەی دەوریەتە هاوبەشەکان بکات. لەوەش زیاتر، ئەوە ئەگەرێکی دوورە کە سەنگەر قایمکردن بەدەوری کەلارو کفری و باکووری ڕۆژئاوای خانەقیندا هەڵبوەشێنرێتەوەو کێڵگەکانی مین پاکبکرێنەوە. (١٤)

### گەرمبوونی کێشەکان بەسەرسنوورە ناوخۆییەکانەوە

ئەم نیگەرانیەش لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە نیگەرانیەکی بەهێزە، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەگەرێکی دوورە کە ئەمەریکا بنکەیەك لە کوردستاندا بهێڵێتەوە. هەرگیز بەغدا بەمە ڕازی نابێت و ئەمەریکاش خوازیاری ئەوەنییە خۆی تەواو گۆشەگیر بکات، بەوەی ئەو دەوڵەتە ناوچەییانە دەوری بدەن کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە دوژمنی کوردستان.

هەرچۆنێك بێت، هەندێ کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە دوای ئەوەی ئەمەریکا بە ڕەسمی و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا لە عێراق دەکشێتەوە، ئەوا ئەمەریکا هەندێ لە هێزە تایبەتیەکانی وەزارەتی دەرەوە جێدەهێڵێت، یان هەندێ بەڵێندەری مەدەنی بۆ هاوکاری کردن لە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕاگوزاری دەهێڵێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ببێتەهۆی قەناعەت پێهێنانی هەولێرو بەغدا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی دابەشکردنی ناوخۆیی دەسەڵاتەوە، لە نێویاندا کێشانی سنووری ناوخۆیی.

لە شوباتی ساڵی ٢٠١٠دا، پێش هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکە کە ململانێیەکی توندی تێدابوو، خەریك بوو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە لە شارۆچکەی تەلکێف، کە شارێکە لەلایەن کوردەکانەوە کۆنترۆڵکراوە لە پارێزگای موسڵ، ڕوویدات (١٥). هێزەکانی ئەمەریکا یاوەری ئەسیل نوجەیفیان کرد بۆ تەلکێف، ئەو پارێزگاری موسڵ کە کەسێکە مشتومڕێکی

**پێدەچێت یەکە کوردییەکانی سوپای عێراق دڵسۆزییەکی زیاتریان بۆ عێراق پیشاندابێت بەهۆی کردارەکانیانەوە بەبەراورد بە هاوشانە عەرەبەکانیان**

زۆری لەسەرە، دوای ئەوەی بارزانی وەك تاوانکار ئاماژەی بە نوجەیفی کرد داوای کرد فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەربچێت لەبەر ئەو کردارانەی لە ڕابردوودا کردویانە. ئەنجامەکە ئەوەبوو پارێزگار بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەوڵی ئیغتیالکردنی دراوە، چەکدارەکانی سەربازە کوردییەکانیان دەستگیرکرد، ئەویش وەك تۆڵەکردنەوەیەك بۆ دەستگیرکردنی سەربازە عێراقییەکان لەلایەن کوردەکانەوە، لەگەڵ هەڵپەساردنی کاتی دەوریەتە هاوبەشەکانەوە خاڵی پشکنین لە تەواوی پارێزگاکەدا. ئەمەریکا توانی ئارامی بگێڕێتەوە، بەڵام دەبێت چەندین جار ئەم ڕووداوانە ڕووبدات بێ ئەوەی دۆخەکە بتەقێتەوە بۆ توندوتیژیەکی ڕاستەقینە؟

### ئایندە

کەواتە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا چۆن دەکەوێتەوە؟ (١٦) ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئایندەی سیاسی نێوانیان مایەی گومانە. ئایا عێراق بە ڕاستی وەك وڵاتێکی فیدراڵی دەمێنێتەوە هەروەك ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دەکات، یاخود هەر تەنیا بە ناو وڵاتێکی فیدراڵی دەبێت لە کاتێکدا عەرەبەکان لە کۆششی بە مەرکەزیکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدان، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت چاوەڕێ بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بنەبڕانە هۆشداری ئەوەیدا: «ڕێگا نادەین دەستکەوتەکانی کورد لەلایەن پەرلەمانی بەغداوە لەناوببردرێن. عێراق لەبەریەکهەڵدەوەشێت ئەگەر دەستوری عێراق پێشێلبکرێت. »(١٧)

لەوە زیاتر، هەروەك ستانسفیلد و ئەندەرسۆن، کە دوو لێکۆڵەرەوەی دیاری ڕۆژئاوایین، لە ئەنجامدا پێیەگەیشتوون: «حکومەتێك لەسەر بناغەی ناسیونالیزمی عەرەبی پێکهێنرابێت، خاڵی بێت لە نوێنەرایەتیکردنی کوردو کۆششەکانی تەرخان بکات بۆ لەناوبردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە کوردیەی لە باکووردا هەیە، ئەوا پەیامی سەرەتای کۆتایی یەکپارچەیی خاکی عێراق بڵاو دەکاتەوە».(١٨) هەندێ کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە –کە سەرەڕای ئەو بە بنبەست گەیشتنە درێژخایەنەی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئازاری ٢٠١٠وە دروست بوو-پێدەچێت کات لە بەرژەوەندی بەغدا بێت. ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کوردەکان گورزی خۆیان دەوەشێنن پێش ئەوەی کاتەکە زۆر درەنگ بێت؟ تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ژیرانە و کامڵانە ڕەفتاری کردووە کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کارێکی بەپەلەی لەم چەشنە ناکەن. ئەگەر توندوتیژی یان شەڕێکی ناوخۆیی ڕوویدات، ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ڕێکەوتەوە ڕوویدات(نەك بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و بڕیارلەسەردراو).

### ناکۆکیی دەستووری

خاڵی ناکۆکی بەردەوامی نێوان هەولێر و بەغدا بریتیە لە مافی بەغدا بۆ ڕەوانەکردنی سوپاو ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕابردووە تاڵەی هەیانە لەگەڵ سوپای عێراق، ئەوا هەرێمی کوردستان

**ڕێگا نادەین دەستکەوتەکانی کورد لەلایەن پەرلەمانی بەغداوە لەناوببردرێن. عێراق لەبەریەکهەڵدەوەشێت ئەگەر دەستوری عێراق پێشێلبکرێت**

## حکومەتێك لەسەر بناغەی ناسیونالیزمی عەرەبی پێکهێنرابێت، خاڵی بێت لە نوێنەرایەتیکردنی کوردو کۆششەکانی تەرخان بکات بۆ لەناوبردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە کوردییە لە باکووردا هەیە. ئەوا پەیامی سەرەتای کۆتایی یەکپارچەیی خاکی عێراق بڵاو دەکاتەوە

پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی بڕیاری مۆڵەتپێدان یان ڕێگرتن لە بڵاوپێکردنی سوپای بەغدا لە دەستی خۆیدا بێت. لە ڕاستیدا، ماددەی ١٢/١٠٤ لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات ڕەنگە تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان «ڕێگە بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵیەکان بدات بۆ ئەوەی بێنە هەرێمەکەوە، ئەویش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەمەرجێك ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان دیاری کرابێت.» بە دڵنیاییەوە، بەغدا هەڵوێستێکی پێچەوانەی هەیە، ئەوە دوویات دەکاتەوە ماددەی ٢/١١٠ لە دەستووری عێراق کە باس لە دەسەڵاتە فیدراڵیە حەسرییەکان دەکات ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی عێراق دەدات لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت «دامەزراندنی هێزە چەکدارەکان بۆ پاراستن و دابینکردنی ئاسایش بۆ سنوورەکانی عێراق و بۆ بەرگری کردنە لە عێراق.»

ئەگەرچی ناکۆکی دەستووریی بەردەوامە، ئەوا ڕوونە کە هەر هەوڵێکی بەغدا بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستاندا وەك ڕاگەیاندنی شەڕ لێی دەڕوانرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

هەرچۆنێك بێت، پەیوەندی سوودبەخشی دوولایەنە لە نێوان هەولێرو سوپای بەغدا وەك فاکتەرێکی گرنگ دەمێنێتەوە کە ڕێگە لەوە دەگرێت هەردوولا بکەونە ناکۆکییەکی ڕاستەقینەوە. بۆ نموونە، «هێزەکانی پێشمەرگە گۆڕاون بۆ یەکەکانی بەرگری میللی عێراق، پاسەوانی نیشتمانی عێراق و یەکەکانی سوپای عێراق، پۆلیسی ژینگە و دارستان، پۆلیس و یەکەکانی پاراستنی سنوور... ڕەنگە گەورەترین بەرنامەی گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بریتی بووبێت لە ئاوێتەکردنی ژمارەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو سوپای عێراقدا.»[١٩] تەنانەت بەغدا «لە ڕووی مەبدەئییەوە دابینکردنی داراییی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە قبوڵ کردووە، هەروەك لە یاساکانی بودجەی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨»[٢٠] ئاماژەی پێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەردوولا نەگەیشتونەتە سیغەیەك بۆ دابینکردنی ئەو داراییە. ئەمە هەولێری سارد نەکردۆتەوە، بەڵکو هەولێر داوا لە بەغدا دەکات مووچەی خانەنشینی بۆ ٩٠،٠٠٠ پێشمەرگەی خانەنشین دابین بکات.


هەرچەندە «گومانێکی زۆر هەیە لە نێو غەیرە کوردەکان لە ئاست نیازو نیەتی کوردەکاندا. پێدەچێت یەکە کوردییەکانی سوپای عێراق دڵسۆزییەکی زیاتریان بۆ عێراق پیشاندابێت بەهۆی کردارەکانیانەوە بەبەراورد بە هاوشانە عەرەبەکانیان.»[٢١] لە ڕاستیدا دوای دیراسەت کردنێکی وردی هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان لە نێویاندا پێشمەرگە (سوپای ڕێکخراو)، کۆلۆنێلێك دەنیس چاپمان بەو دەرئەنجامە دەگات «کە هێشتا پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە فیدراڵیەکان ڕوویندەداوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ڕادەیەك هەردوولا دانیان بەخۆیاندا گرتووە نەرمییان نواندووە.»[٢٢] لە ڕاستیدا، «حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستان توانایەکی سەرسوڕهێنەریان پیشانداوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو (یان بۆ پەراوێزخستنی) ئەو مەسەلانەی ئەگەری تەقینەوەیان لێدەکرێت، هەروەها بۆ هاوکاری کردن لە چەندین مەسەلەی گرنگدا.»[٢٣]

### سەرچاوە:

1. بۆ بەدەستهێنانی شیکردنەوەیەکی ڕوون لەم بارەیەوە، بڕوانە گاریس ستانسفیلد و ولیەم ئەندرسۆن» کوردەکان لە عێراقدا: ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر» Middle East Policy .16 (Spring 2009) pp 134-45. ئەم وتارە تیژبینە زۆر بەباشی تەنگژەی ئێستا پوخت دەکاتەوە.
2. Ibid.، لا 135
3. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی »عێراق و کوردەکان: ڕووبەڕبوونەوەی مەترسییەکانی کشانەوە.» Middle East Report No.103، March 28، 2011، p، ii.
4. ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعە لە عێراق لەگەڵ کوردەکاندا ڕازی بوون لەسەر بەردەوامیدان بە فیدراڵیەتی ڕاستەقینە لە عێراق. هەرچەندە ئەم ئەنجوومەنە دەستڕۆیشت و بوو لە بەسرە، بەڵام پشتیوانییەکی بەرچاوی لەدەستدا لە کاتی هەڵبژاردنە محەلیەکەی عێراقدا کە لە کانوونی دووەمی 2009دا ئەنجامدرا. بووە سێیەم لیستی بەهێز لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئازاری 2010دا، کە 70 کورسی بەدەستهێنا. لیستی ئەل عێراقیەی ئەیاد عەللاوی (کە بەزۆری لەلایەن سوننەکانەوە پشتگیری لێدەکرا) یەکەمی هەڵبژاردنەکە بوو بە بردنەوەی 91 کورسی، لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری ئەل مالیکی (شیعە) ئەنجامێکی نزیکی بەدەستهێنا بە 89 کورسی. لیستی کوردستانی (هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی) لە پلەی چوارەم هات بە 43 کورسی. کاتێك گۆڕان و لیستی ئیسلامیەکان بخرێنەسەر ئەم ڕێژەیە، ئەوا کوردەکان کۆی 57 کورسییان دەبێت لە پەرلەمانی عێراق کە لە 7ی ئازاری ساڵی 2010دا هەڵبژێردرا.
5. هەروەك لە تەمموزی 2011دا، لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەتە نوێیەکەی ئەل مالیکی تا ڕادەیەکی گەورە ئیفلیجە)بەهۆی دابەشبوونی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانەوە. بڕوانە مایکڵ شمیدت و تیم ئەرانگۆ « «ناکۆکی توندی نێوان سەرکردە باڵاکانی عێراق حکومەت سست دەکات». New York Times. June 25 2011
6. ستیڤت لی مایەرز» لە باکووری عێراقدا، پێدەچێت دەنگدان بە پێی دابەشبوونە باوەکان بێت.» نیویۆرك تایمز 8ی شوباتی 2010
7. « عێراق: ئایا بە ڕاستی بارودۆخەکە ڕاست دەبێتەوە؟» زە ئیکۆنۆمیست 27ی تشرینی دووەمی 2008
8. ئێرنستۆ لۆندۆنۆ،» کوردەکان لە باکووری عێراق چەکیان لە بولگاریاوە پێدەگات،» واشنتۆن پۆست، 23 تشرینی دووەم، 2008
9. ئەم هێڵە ئەو ناوچانەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق جیادەکاتەوە کە دەکەونە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، کە کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن لە ڕووی مێژووییەوە ناوچەی خۆیانە، بەو پێیە بە نیازن بیکەنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. کەواتە ئەم هێڵە جیایە لە هێڵی سەوز کە لە ساڵی 1991دا دامەزراوە کە درێژدەبێتەوە بەرەو باکوور، کە وەك سنوورێکی دەستووری ناوخۆیی لە نێوان بەغدا و هەولێر دادەنرێت و خاکێکی کەمتر بە کوردەکان دەدرێت بەم پێی ئەم هێڵە بێت.
10. ئەم زانیاریانە لە «زۆر درەنگە بۆ پاراستنی ئاشتی؟» وەرگیراوە دووبارە ئەمەریکیەکان هەوڵی پاراستنی ئاشتی لە نێوان کوردو عەرەبدا دەدەن.» زە ئیکۆنۆمیست، 11ی شوباتی 2010.
11. ئەم لێدوانانەو لێدوانەکانی دواتر لە سام داگەر «هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕوانینێك لە کوردستانەوە» نیویۆرك تایمز، 10ی شوباتی 2010.
12. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، « عێراق و کوردەکان، ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی کشانەوە،» لا 18.
13. لە Ibid وەرگیراوە.
14. بۆ بەدەستهێنانی شیکردنەوەی باشتر بڕواننە Ibid، لا 19-15 لە نیسانی 2009، ئەرکی هاوکاریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق (یۆنامی) کە پیشانی لایەنەکان درا کە ڕاپۆرتێکی درێژ لەبارەی سنوورە ناوخۆییە کێشەلەسەرەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە بڵاونەکرایەوە، بڕواننە بەیاننامەی ڕۆژنامەگەری یۆنامی، 15 حوزەیرانی 2009. Http:// www.unirq.org.
15. ئەم زانیارییانەی خوارەوە وەرگیراوە لە جەین ئەراف «پێش هەڵبژاردنی عێراق، گرژی نێوان عەرەب و کورد لە باکوور هەڵدەکشێت،» کریستیان ساینس مۆنیتەر، 1ی ئازاری 2010. Http://www.csmonitor.com/world/middle-east/2010/0310 لە 4ی ئازاری 2010.
16. بۆ شیکردنەوەی زیاتر، بڕواننە ئامۆژگای ڕاند بۆ لێکۆڵینەوەی بەرگری، ئاسایش لە عێراق: شیکردنەوەی ئەو هەڕەشانەی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەونەوە) سانتا مۆنیکا، ڕاند، 2010) و مایکڵ ئیسێنستاد (ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك)» پاراستنی بەرەوپێشچوون: دەسەڵاتی ئینیتقالی و جێبەجێکردنی چوارچێوەی ستراتیژی لە عێراق، بەشی 2، « شایەتیدان لەبەردەم لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، 25 ی حوزەیرانی 2011.
17. حکومەتی هەرێمی کوردستان» سەرۆك بارزانی: عێراق پارچە پارچە دەبێت ئەگەر دەستور پێشێل بکرێت» بەیاننامەی ڕۆژنامەگەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، 7ی ئابی 2008. Http: //www.krg.org/articles/detail.aspsmap=02010100&lngr=12&anr=25113&rnr=223، لە 7ی ئازاری 2010.
18. ستانسفیلد و ئەندرسۆن، « کوردەکان لە عێراق: ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر،» لا 144
19. چاپمان، هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لا 166.
20. Ibid لا 138.
21. Ibid لا 173 و لا 175.
22. Ibid لا 176.
23. Ibid لا 294.

باڵیۆز جەیمس دۆبینز بەڕێوەبەری ئامۆژگای ڕەند بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەمریکا بوونێکی سەربازی بەردەوامی نەبێت عێراق ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکیش دەبێتەوە



**دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا ڕەنگە کاریگەری ڕاستەوخۆی تەنیا بۆ سەر سوریا هەبێت. بەڵام دەبێتە هۆکاری پاشەکشە بۆ هێزە میانڕەوە دیموکراتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا**

باڵیۆز جەمیس دۆبینز ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری ڕەند بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاسەتی بەرگری، پێشتر چەندین پۆستی لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبووە، لەوانە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ئەوروپا، یاریدەدەری سەرۆك و ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆك و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ناوچەی بەلکان، هەروەها باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە یەکێتی ئەوروپا، دۆبینز لەسەردەمی هەردوو ئیدارەی بیل کلینتۆن و جۆرج دەبلیو بۆشدا چارەسەری کۆمەڵێك تەنگژەی گەورەی پێ سپێردراوە و نوێنەری تایبەتی سەرۆك بوش بووە بۆ ئەفغانستان و کۆسۆڤۆ و بۆسنە و هایتی و سۆماڵ، یەکێك بووە لەو دیپلۆماتانەی کە سەرپەرشتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لەسۆماڵ کردووە، لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بۆ ڕێکخستنی ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانی لە بۆن، باڵیۆزخانەی ئەمریکای جارێکی دیکە لە کابول کردۆتەوە، ئێستاش لە ئامۆژگای بەناوبانگی ڕەند لەسەر ئەم پرسانە تایبەتمەندە و توێژینەوە دەکات (ئەفغانستان، بەلکان، ئەوروپا و ئاسایشی جیهانی، دیپلۆماتیەتی نێودەوڵەتی، عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست))



شایەنی باسە باڵیۆز دوبینز یەکێك بووە لەو پێنج تۆژەرەی کە پێش ئەوەی لیژنەیەك بەناوی گروپی دیراسەتی عێراق دابمەزرێت، دیراسەتی ئەوەیان کردووە چی بکرێت لەعێراقدا؟ ئەو پێنج تۆژەرەش بریتی بوون لە(لاری دایمۆند، جەیمس دۆبیز، چیم کۆفمان، ستیفن بیدل، لیسلی گلپ) کە ئەمانە هەرپێنجیان چەند جاریك گوڵان دیمانەی لەگەڵ کردون، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراقیش ئەم هەفتەیە پێوەندیمان بە باڵیۆز جەیمس دۆبینز کرد و چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کرد کە بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.

*** عێراق لەڕووی ئاسایش و سەقامگیریەوە لە دۆخێکی باشدانییە و هێزەکانی ئەمریکاش لە سەروبەندی کشانەوەدان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دووبارە ئاسایش و سەقامگیری عێراق دەخاتە مەترسیەوە؟**

- ئەگەر ئەمریکا بوونێکی سەربازیانەی بەردەوامی نەبێت، ئەوا مەترسیەکی گەورەی سەرهەڵدانی ناکۆکی عەرەب/کورد لە ئارادا دەبێت. هەروەها کەموکوڕی گەورە هەیە لە توانای هێزەکانی ئاسایشی عێراقدا. بۆ نموونە، لەهێزی ئاسمانیدا، کە ناتوانرێت بە خێرایی ئەو کەموکوڕیانە پڕبکرێنەوە، ئەمەش وا دەکات عێراق زیاتر ڕووبەڕووی دژایەتی دەرەکی و ناوخۆیی ببێتەوە.

*** سەرەڕای ناسەقامگیری دۆخی عێراق پرۆسە سیاسییەکەش بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، واتە پێوەندی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکان ئاڵۆز دەبێت، کە سەرۆك وەزیران هەنگاو بەرەو ئۆتۆکراتی دەنێت، هەر ئەمەش وایکردووە مەترسی بێتوانایی لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا سەرهەڵبدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مەترسی ئەوەی لێدەکرێت شەڕی ناوخۆ بەدوای خۆیدا بهێنێت؟**

- مەترسیدارترین دابەشبوون ئەو دابەشبوونەیە کە لەنێوان کورد و عەرەبەکاندا هەیە. لە غیابی هێزەکانی ئەمریکادا، ئەگەری ناکۆکی نێوان هەردوو سوپاکە لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان زیاد دەکات.

*** ئێمە دەزانین کە هێزە تیرۆریستیەکان دۆخی نائارام و ناسەقامگیری عێراق ئیستیغلال دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئەکەوێتە مەترسیەوە ئەگەر تیرۆریستەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق؟**

- ڕەنگە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بتوانن ڕووبەڕووی تەحددی تیرۆر ببنەوە. ئەوەی زیاتر مایەی مەترسیە ناکۆکی نێوان هێزە سەربازییەکانی کورد و عەرەبەکانە، هەروەها لەنێوان میلیشیا شیعە و سوننەکانە.

*** لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە کە هەڵمەتە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمریکا دەست پێدەکات، ئەگەر دووبارە دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون بچێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێتە کارتێکی بەهێز بەدەست کۆماریەکانەوە بۆ ئەوەی لە دژی دیموکراتەکان بەکاری بهێنن؟**

- ڕەنگە بەم شێوەیە نەبێت. ئەوە سەرۆك بۆش بوو کە ڕازی بوو لەسەر کشانەوەی تێکڕای هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا. سەرۆك ئۆباما پێشنیاری هێشتنەوەی هێزێکی بچووکی ئەمریکای کردووە ئەگەر حکومەتی عێراقی خواستی لەسەر بێت.

**ئەمریکا ئەگەر داوای لێبکرێت ئامادەیە بوونێکی سەربازی بچووکی لەعێراقدا هەبێت، بە پێچەوانەوە ئیلتیزامی خۆی جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بکشێتەوە لە کۆتایی ساڵدا**

*** شکستی ئەمریکا لە عێراقدا کاریگەری دەبێت لەسەر پێگە و بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئایا تا چەند ئەم شکستە کاریگەری و کاردانەوەی دەبێت لەسەر پێگەی ئەمریکا لە تەواوی ناوچەکەدا؟**

- ئەگەر عێراق دووبارە بگەڕێتەوە بۆ بازنەی ناکۆکی تائیفی، ئەوا ئەمە زیاتر دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە کە حاڵی حازر خۆی لە پشێویدایە. ئەمریکا پشتیوانی گۆڕانی دیموکراسی لە تونس، لیبیا، میسر و سوریا دەکات. دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا ڕەنگە کاریگەری ڕاستەوخۆی تەنیا بۆ سەر سوریا هەبێت، بەڵام دەبێتە پاشەکشە بۆ هێزە میانڕەوە دیموکراتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

*** تا چەند پێشبینی ئەوە دەکەیت کە ئەمریکا و عێراقیەکان گرنگی بارودۆخەکە لەبەرچاو دەگرن و ڕێگەیەك بۆ کێشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کێشەگەلێکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟**

- ئەمە بڕیارێکە تەنیا بەغدا دەتوانێت بیدات. ئەمریکا ئامادەیە بوونێکی سەربازی بچووکی هەبێت ئەگەر داوای لێبکرێت، بە پێچەوانەوە ئیلتیزامی خۆی جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی بەتەواوەتی بکشێتەوە لە کۆتایی ساڵدا.







## کاریگەری میدیا لە قۆناخی ئینتیقالیدا

**لەقۆناخی ئینتیقالیدا، هاووڵاتیان تەنیا پێویستیان بەوەیە میدیا هەواڵ و زانیاری ناڕاست بڵاو نەکاتەوە**

((ڕۆژنامەگەری
پرۆفیشناڵ باوەڕی بە ستانداردەکانی
ڕۆژنامەگەری هەیە، کە بریتین لە وردبینی و
ڕاستگۆیی، هەروەها ڕاگەیاندنی پرۆفیشناڵ خۆی ناوەڕۆکی
هەواڵ و ڕاستیەکان دروست ناکات، بەڵکو کاری سەرەکی ئەوەیە کە
ڕاستیەکان لە چوارچێوەی خۆیدا بگوازێتەوە، نەك ڕاستیەکان بخاتە دەرەوەی
چوارچێوەی خۆیەوە، ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ هەوڵدەدات ئەو بەڵگانەی
لەسەر سەرپێچی و پێشێلکاری، یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات هەیەتی، بە باشی
تەوسیقکرابێتن، نەك هەر لەلایەن خەڵکانێکەوە وترابن، بەڵکو دەبێت زانیاریەکانی بەهۆی
بەڵگەکانی دیکەی پشتڕاستکرابێتنەوە. کەواتە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری بەرپرسانە
ئەوەیە کە لەسەر ئەساسی بەڵگە و زانیاری نووسراو بێت.. بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە
متمانەی ڕۆژنامەگەری لەناو دەبات، کەواتە ئەگەر ڕاپۆرتە هەواڵێك
بڵاوبکەیتەوە کە ڕەچاوی وردەکاری و بەرپرسیاریەتی تێدانەکەیت،
ئەوا متمانە لەدەست دەدەیت و چیتر خەڵك باوەڕ بەوە ناکەن
کە دەینووسیت)).

پرۆفیسۆر شیلا کۆرنیل بۆ گوڵان







پرافدا و ئزفیستیا کە مانای (ڕاستی و هەواڵە)، ناوی دوو ڕۆژنامەی دێرینی ڕوسیان، یەکەمیان لەساڵی ١٩١٢ دامەزراوە کە لینین یەکێکە لە دامەزرێنەرانی، دووەهەمیشیان ساڵی ١٩١٧ دامەزراوە و هەردووکیشیان تائێستا بەردەوامن، لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا پرافدا زمانحاڵی حزبی شیوعی سۆڤیەتی بووە و ئزفیستیا وەك ڕۆژنامەی دەوڵەتی سۆڤیەت بووە، ئەمەش واتە لەساڵی ١٩١٧ تا ساڵی ١٩٩١ کەدەکاتە ماوەی ٧٤ ساڵ ئەم دوو ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی کۆمەڵگەیەکی کومونیستی بوون کە تێیدا بروایان بە ڕاگەیاندنی ئازاد نەبووە، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١ـەوە هەتا ئێستا شێوازی ئەم دوو ڕۆژنامەیە گۆڕاوە و بە ڕەوتێك کاردەکەن کە خۆیان لەگەڵ ڕۆژنامەگەری ئازاد بگونجێنن، پرۆفیسۆر دۆسان ریلجیك کە تۆژەری باڵای ئامۆژگای ئەوروپایە بۆ میدیا(ئی ئای ئێم)، لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (کۆمەڵگەی مەدەنی، ماس میدیا و دیموکراتی لەوڵاتانی پۆست کۆمونیست)، سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە قۆناخی ڕاگواستندا و تایبەتمەندیەکانی قۆناخی ڕاگواستن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پرۆسەی قۆناخی ڕاگواستن کۆتاییەکی کراوەی هەیە، ناتوانین بزانین هەیکەلی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەژێر سایەی ئەقڵیەتی کۆنی سەردەمی کۆمونیستی بەرەو کوێیان دەبەن و شێوازی گۆڕانکارییەکان چۆن دەبن، بەڵام ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە بەشی زۆری کۆمەڵگە بوار نادات کە بارودۆخی داخراوی پێشوو لە ژێر ناوێکی دیکە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، سەبارەت بەرۆڵ و کاریگەری میدیا لەم بارودۆخە ناسکەدا پرۆفیسۆر دۆسان ئاماژە بەوە دەکات، ڕاستە زۆربەی خەڵك نایەوێت میدیای قۆناخی ڕاگواستن (سی ئێن ئێن) بێت، بەڵام ناشیەوێت پرافدا و ئیزفیستا هەمان دوو ڕۆژنامەی سەردەمی سۆڤیەتی پێشان بن، پرۆفیسۆر دۆسان هەڵوەستە لەسەر ناوی هەردوو ڕۆژنامەکە دەکات، پرافدا (ڕاستی) و ئیزفیستیا (هەواڵ)، لەمبارەوە نوسیویەتی خەڵکی ڕوسیا پرافدای بێ ئیزفیستیا ناوێت و ئیزفیستیای بێ پرافدا ناوێت، ئەمەش واتە خەڵکی ڕوسیا ڕاستی بێ هەواڵ و هەواڵی بێ ڕاستی ناوێت، بۆیە لەنێو توێژینەوەکەیدا دەڵێت هاووڵاتیانی وڵاتانی قۆناخی ڕاگواستن داوا لە میدیا ناکەن ڕۆشنبیریان بکات، بەڵکو داوا لە میدیا دەکات زانیاری ناڕاست و هەواڵی بێ بنەما بڵاو نەکەنەوە. کەواتە ئەم دیراسەتە پێمان دەڵێت ئیشکالیەتی سەرەکی لە بونیادی دیموکراتی وڵاتانی پۆست کۆمونیست و ئەمریکای لاتینی کە بۆتە هۆکاری ئەوەی شێوازی جیاوازی دیموکراتی بەرهەم بێت، شێوازی کاری جیاوازی ڕۆژنامەگەری و ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەگەرییە بە ستاندەرەکانی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵەوە.

**لە قۆناخی ڕاگواستندا زۆربەی خەڵك نایەوێت میدیای ئەو قۆناخە (سی ئێن ئێن) بێت، بەڵام ناشیەوێت پرافدا و ئیزفیستا وەك دوو ڕۆژنامەی سەردەمی سۆڤیەتی پێشان بەردەوام بن**

**پێشمەرجەکانی بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ڕۆڵی میدیا ئەو کۆڵەگە چەسپاوەیە کە هیچ دیموکراتیەك ناتوانێت فەرامۆشی بکات**

### مەترسی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی

کاتێك باسی دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری دەکرێت، بۆچوونێکی هاوبەش لەنێوان تۆژەران و پسپۆڕانی سیاسی و کۆمەڵناسەکان هەیە کە دەڵێن، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ژیاری گرنگ لەدیاریکردنی چارەنووسی دیموکراتی لەهەموو پرۆسەیەکی دیموکراتی لەهەموو بەشێکی جیهاندا دەگێڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێشمەرجەکانی دیکە بۆ بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و



لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ڕۆڵی میدیا لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی ئەو کۆڵەگە چەسپاوەیە کە هیچ دیموکراتیەك ناتوانێت فەرامۆشی بکات، کەواتە قسەی ئێمە لێرەوە لەسەر کاریگەری ڕۆژنامەوانی نییە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و چەسپاندنی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە ڕۆژنامەگەری چۆن ئەم ڕۆڵە گرنگە لەو قۆناخە مێژووییە هەستیارە دەگێڕێت؟، سەبارەت بەم لایەنە تۆژەرانی بواری سیاسەت و کۆمەڵناسی و تەنانەت کۆلێژەکانی ڕۆژنامەگەریش، تارادەیەکی زۆر هەست دەکەن بایەخدان بەرۆڵی ڕۆژنامەگەری لەبونیادی دیموکراتی هەتا ئێستاش بایەخێکی گرنگی پێنەدراوە و ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی بایەخ بە گرنگی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری دەدەن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەو ئاستە نین، یان هەتا ئێستا وەك پێویست ئەم لایەنە لای لێ نەکراوەتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەموو ئەو پارەیەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا بۆ هاریکاری میدیا لەوڵاتانی پۆست کۆمونیست و

**هاووڵاتیان تەمویلی «بی بی سی» دەکەن، نەك حکومەت، لەبەر ئەوەی «بی بی سی» بە پارەی باجی هاووڵاتیان پەخش دەکات و هاووڵاتیان سەرچاوەی سەرەکین بۆ ڕۆژنامەگەری، ئەوا ناچارە ئازادانە کاری خۆی بکات**

وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو ئاکامانە بەدەست ناهێنن کە پێویستە ڕۆژنامەگەری پرفیشنال لەو قۆناخە گرنگەدا بەدەستی بهێنێت، پرۆفیسۆر دۆسان سەبارەت بەو ئاکامەی ڕۆژنامەگەری لەو کۆمەڵگەیانە بەدەستی هێناوە ئاماژە بەوە دەکات، لەو وڵاتانە میدیا و دیموکراتی وەك ئەوە وایە سەرنشینی دوو شەفەمەندەفەر بن کە بەدوو ئاراستەی پێچەوانەوەی یەکتری بڕۆن و لەهیچ خاڵێکدا بەیەك نەگەن، سەبارەت بە کاریگەری ڕاستگۆیی میدیا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئیمیلی بیل کرد کە بەرێوەبەری سەنتەری گاردیان دیجیتاڵ لەبەریتانیا و ئوستادی ڕۆژنامەگەری پراکتیکە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، سەبارەت بەم پرسە لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (میدیا لە هەر دیموکراسییەتێکدا ڕۆڵێکی زیندووی هەیە و بەردەوامی بە چۆنییەتی کارکردنی دیموکراسییەت دەبەخشێت، بۆیە ئەگەر هات و میدیا هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە یان هەواڵەکە باس نەکات و تەنیا باس لە بەشێکی بکات، ئەوکات دیموکراسییەت بەشێوەیەکی تەواو کارناکات. بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ڕۆژنامەگەری پرۆفێشناڵ چییە؟ بەڕای من مەودایەکی فراوان هەیە بۆ تێڕوانین لەم بارەیەوە و ئێستا تەنیا چەند خاڵێك دێتە مێشکم لەسەر ئەم مەسەلەیە کە پێناسەکردنیان ئاسانە لەوانە: پێویستە میدیای پرۆفێشناڵ بەرپرسیاری هەبێت، بەواتایەکی دیکە پێویستە بەرپرسیار بێت لەو بابەتانەی کە بۆ خەڵکی بڵاودەکاتەوە بەو ئاستەی کە بابەتەکان ورد و دروست بن و ڕێگەچارەی نایاسایی بەکارنەهێنابێت بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکان، هەروەها تەمومژیی تێنەکەوێت، مەبەستم شەفافیەت هەبێت و بزانرێت نووسەر و خاوەنی میدیاکە کێن و لەگەڵ چۆنییەتی کارکردنی میدیاکە، بەڕای من ئەم لایەنانە زۆر گرنگن لە میدیای پرۆفێشناڵ، ئەمانە و وێڕای تێگەیشتن لە سنوورەکان لە هەردوو ڕووەکانەوە یاسایی و ئەخلاقی لە بڵاوکردنەوەوە، هەروەها لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی بەرژەوەندییە گشتییەکان لەدژ ئەو یاسایانەی کە لەوانەیە بەستنەوەیان لەمبارەیەوە هەبێت، لەگەڵ بیرکردنەوە بە وردی و بەرپرسیارێتی لەبارەی ئەو شتانەی دەیانەوێ بڵاوی بکەنەوە، بەواتایەکی دیکە پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کە بابەت و ڕاپۆرتەکانیان کە بڵاوی دەکەنەوە زیان

**هاووڵاتیانی وڵاتانی قۆناخی ڕاگواستن داوا لە میدیا ناکەن ڕۆشنبیریان بکات، بەڵکو داوا لە میدیا دەکات زانیاری ناڕاست و هەواڵی بێ بنەما بڵاو نەکەنەوە**



بەخش و مایەی تەشهیرکردن نەبێت بە ژیانی خەڵکی جیاواز و هەروەها پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هێرش نەکرێتە سەر ژیانی تایبەتیی خەڵك بەتایبەتی کاتێك مەسەلەکە پێوەندیی لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکان نەبێت، بۆیە بەڕای من میدیای پرۆ فێشناڵ بەو شێوەیەیە کە پێویستە شەففاف و ڕیالیست بێت، بەواتایەکی دیکە پێویستە بەرپرسیاربێت)).

کەواتە ئەو هەموو مەرجانەی بۆ کاری میدیا دانراون و لەئەمریکا کاریان پێدەکرێت، هەموویان بریتین لە کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری ڕۆژنامەنووسانی



ئیمیلی بیل بۆ گوڵان:

## پێویستە میدیای پرۆفێشناڵ بەرپرسیار بیت، لەو بابەتانەی کە بۆ خەڵکی بڵاودەکاتەوە و ڕێگەی نایاسایی بەکارنەهێنابێت بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکان و شەفاف و واقیعیانە بێت

پرۆ فیشناڵ ئەو کۆدە ئەخلاقییەیان بۆ کاری ڕۆژنامەگەری دیاری کردووە، دەربارەی ئەم پرسە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر ئان کۆپەر کرد کە ماوەی ٢٥ ساڵ کاری پەیامنێری بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەمریکا کردووە و ئێستاش ئوستادی ڕۆژنامەوانییە لەزانکۆی کۆلۆمبیا و لەلێدوانێکی تایبەت بە گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (دەبێت ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتی بنیاتنانی کەلتورێك هەڵبگرێت کە برەو بە کردار و ڕەفتاری ئیتیکیانە بدات. ئەمەش واتە گرنگترین شتێك کە دەزگای ڕاگەیاندن هەیبێت بریتییە لە ڕاستگۆیی، بە ئەنقەست بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە دەبێتەهۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا کارەکەت لەدەست بدەیت. بێ بوونی میسداقیەت ڕاگەیاندن ناتوانێت بەردەوام بێت لە ڕاکێشانی ئەو کەسانەی موتابەعەی دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك هەڵەیەك دەکەیت، کە ئێمە هەمووماندەڵەدەکەین لە ساتێکدا، ئەوا دەبێت ڕۆژنامەنووسەکە بە زوویی و بە ئاشکرا ئیعتیراف بەو هەڵەیە بکات، ئەگەر ئەم کارە نەکەیت، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات خەڵکانێك نامێنن موتابەعەت بکەن، چونکە خەڵك درك بەوە دەکەن کە ئەمە دەزگایەکی ڕاگەیاندن نییە بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ ئەوەی ڕاستییەکانمان پێ بڵێت. هەر ئەمەش وایکردووە ئەو کەسانەی دارایی دابین دەکەن هەوڵدەدەن ڕاگەیاندنێکی ئازاد بنیات بنێن لەو وڵاتانەی بە قۆناغی ئینیتقالیدا دەڕۆن، هەوڵی فێرکردنی مۆدیلێکی ئیتیکی دەدەن و هانی دروستبوونی دەزگای ڕاگەیاندنی تاکەکەسی دەدەن کە ئیتیکی خۆیان تەبەنی بکەن. لەو وڵاتانەی بە قۆناغی ئینیتیقالیدا دەڕۆن. ملیارەها دۆلار لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە خەرجکراوە بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی دوای ڕووخانی کۆمۆنیستی و وڵاتانی دیکە کە بە شێوەیەك لە شێوەکانی وەرەچەخان بەرەو دیموکراسیدا گوزەریان دەکرد. لە ڕاستیدا بەرزەفڕییەك یان ساویلکەیەکی زۆر هەبوو لەسەرەتادا، ڕاهێنەران سەرنجێکی زۆریان لەو ڕاستیە نەدا کە تۆ دەتوانیت ڕۆژنامەنووسی مەزن ڕابهێنێت، بەڵام ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی داراییەوە بەردەوامی بە خۆیان نەدەن، ئەوا هەموو ئەم هەوڵانە شکست دەهێنن. کەواتە ڕاهێنانێکی زۆر کراوە لەبارەی ئەوەی چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن قازانج بەدەست بهێنن، یاخود بەلای کەمەوە ئەوەندە داهات بەدەست بهێن بۆ ئەوەی بتوانن مووچەیەکی باش بە ڕۆژنامەنووسەکانیان بدات. ئەمەش دژوارە، ڕاگەیاندن لە وڵاتە دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوادا لە ڕووی داراییەوە دووچاری دژواری بۆتەوە. لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، یاخود ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی کۆمۆنیستی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، چەندین کەس هەبوون بانگەشەی بازرگانیان دەکرد، ئەمە بڕبڕەی پشتی پشتیوانی دارایی بوو بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا و چەندین وڵات، کەواتە بانگەشەکردن گەشەی کردووە و ئێستا بۆتە سەرچاوەی داهات لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا. دووبارە ئەمە پرۆسەیە و دەبێت هەوڵبدەین ئەوە بدۆزینەوە کە چۆن بتوانن لە ڕووی داراییەوە بەردەوام بن، بۆ ئەوەی دۆخێك دروست نەبێت ڕاگەیاندن بە تەواوەتی پشت بە پارتێکی سیاسی دیاریکراو ببەستێت یاخود بە ملیاردێرێك، ئەمەش شتێکە دەبێت خۆمانی لێ لادەین، مۆدیلێکی دارایی بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن لەلایەن کەسانێکی کەمەوە کۆنترۆڵ نەکرێت و بۆ برەودان بە تێڕوانینی سیاسی خۆیان بەکاری بهێنن)).

### (بی بی سی) کەناڵێك بە باجی هاووڵاتیان

زۆرجار لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان وڵاتانی پۆست کۆمونیست، ئاماژە بە دامەزراوەی بی بی سی وەك دامەزراوەیەکی پەخشی حکومەتی دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوەیە لەلایەن حکومەتەوە تەمویل دەکرێت لەم ڕوانگەیەشەوە باس لەوە دەکرێت کە دەتوانرێت کەناڵێکی ڕاگەیاندنی هاوشێوەی بی بی سی بوونی هەبێت و حکومەت خەرجیەکانی دابین بکات و بەشێوەیەکی ئازادانە کاری خۆی بکات، بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا دەبێتە ئەوەی ئایا دەکرێت دەزگایەکی ڕاگەیاندن



ئان کۆپەر بۆ گوڵان:

# گرنگترین شتێک کە دەزگای ڕاگەیاندن هەیبێت بریتییە لە ڕاستگۆیی، ڕاستە ڕۆژنامەنووس هەڵە دەکات و هەمووشمان هەڵەمان کردووە، بەڵام گرنگە ڕۆژنامەنووس دان بەهەڵەکەیدا بنێت و ڕاستی بکاتەوە

حکومەت خەرجیەکانی دابین بکات و سەربەخۆش بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە هەندێك پێیانوایە لەوڵاتێك بتوانرێت ئازادی ڕاگەیاندن فەراهەم بکرێت، ئەوا هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناچار دەبن ئازادانە کار بکەن، ئەگەر بەئازادانە کار نەکەن، ئەوا موسداقیەتی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆ ئەمەش نموونەی ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتانە ئاماژە پێدەکەن کە لە قۆناخی ڕاگواستن بەحساب بەشێوەیەکی ئازادانە کاریان کردووە، بەڵام بوونە هۆکاری ئەوەی متمانەی خەڵك لەدەست بدەن یان بگاتە ئەو ئاستەی هاووڵاتیان بڵێن پێویستمان بە میدیا نییە، لەمبارەوە و سەبارەت بەشێواندنی میدیا لەوڵاتانە، پرۆفیسۆر شیلا کۆرنیل بەڕێوەبەری سەنتەری تۆنی ستابیل بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بەم پرسە وتی: (ئاشکرایە، دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت یاخود ڕژێمێکی خۆسەپێن هەموو شتێك بۆ هەمووان ئازاد دەبێت، هەمو کەسێك قسەی هەیە و هەموو کەسێك ئەیەوێت ڕۆژنامە دەرکات، وێستگەیەکی ڕادیو دانێت و سایتێك بکاتەوە، ئەمە بەشێك لەو شتانەیە کە دیموکراسی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، لایەنە سلبیەکە ئەوەیە کە بابەتی ڕۆژنامەگەری وروژێنەر بڵاودەکرێتەوە، خەڵکانێکی زیاتر بیروبۆچوونەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە بێ ئەوەی ئەساسێکیان هەبێت، خەڵکی تۆوی دابەشبوون دەچێنن نەك کۆدەنگی لە کۆمەڵگەدا. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا تۆ پێویستت بە کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پیشەوەرەکانە کە ستانداردی ڕۆژنامەگەری پیشەوەر دابنێت، کە تەئکید لە پێویستبوونی ئەم جۆری ڕۆژنامەگەریە بکاتەوە لە کۆمەڵگەدا. ڕۆژنامە بە تەنیا ناتوانێت ئەم کارە بکات، تۆ پێویستت بە کۆمەڵگەیە کە پشتیوانی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد بکات، پێویستت بە ڕێکخستن و بە سەروەریی یاسا هەیە. تۆ پێویستت بەو یاسا دادوەرانە هەیە کە لە بەرژەوەندی ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا حوکم بدەن کە بەرپرسیارن. دەبێت ئەو کەسانەی خاوەنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەخش و بڵاوکردنەوەن کاری بەرپرسیارانە بکەن، ئەوانەی تەفزیلی ڕۆژنامەگەری بەرپرس دەکەن و پەرە بەو ڕۆژنامەگەریە دەدەن کە باشە بۆ کۆمەڵگە و ئەوانەی هەوڵی هێنانەدی کۆدەنگی دەدەن لە کۆمەڵگەدا نەك دابەشبوون. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پەرە بە مشتومڕ دەدەن نەك بە ڕق و قین، نەك گفتوگۆیەکی بێمانا، هەوڵئەدات ڕەنگدانەوەی ئەو بەها و تێڕوانینانە بێت کە لە کۆمەڵگەدا هەن.. هەروەها ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ باوەڕی بە ستانداردەکانی ڕۆژنامەگەری هەیە، کە بریتین لە وردبینی و ڕاستگۆیی، هەروەها ڕاگەیاندنی پرۆفیشناڵ خۆی ناوەڕۆکی هەواڵ و ڕاستیەکان دروست ناکات، بەڵکو کاری سەرەکی ئەوەیە کە ڕاستیەکان لە چوارچێوەی خۆیدا بگوازێتەوە، نەك ڕاستیەکان بخاتە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیەوە، ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ هەوڵدەدات ئەو بەڵگانەی لەسەر سەرپێچی و پێشێلکاری، یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات هەیەتی، بەباشی تەوسیقکرابێتن، نەك هەر لەلایەن خەڵکانێکەوە وترابن، بەڵکو دەبێت زانیاریەکانی بەهۆی بەڵگەکانی دیکەی پشتڕاستکرابێتنەوە. کەواتە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری بەرپرسانە ئەوەیە کە لەسەر ئەساسی بەڵگە و زانیاری نووسراو بێت.. بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە متمانەی ڕۆژنامەگەری لەناو دەبات، کەواتە ئەگەر ڕاپۆرتە هەواڵێك بڵاوبکەیتەوە کە ڕەچاوی وردەکاری و بەرپرسیاریەتی تێدانەکەیت، ئەوا متمانە لەدەست دەدەیت و چیتر خەڵك باوەڕ بەوە ناکەن کە دەینووسیت)).

پرۆفیسۆر کۆرنیل جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە کرانەوەی قۆناخی ئینتیقالی لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە، بەڵام ئەوەی لایەنە سلبیەکە زاڵ دەکات، ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان پابەند نین بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە یان بنەماکانی پیشەی ڕۆژنامەگەری فەرامۆش دەکەن، بۆ زیاتر ڕۆچوون بەم لایەنە گرنگە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دارین براهام ئوستادی ڕۆژنامەوانی لەزانکۆی ئۆتا کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ژمارەیەکی زۆر بنەما ڕۆژنامەوانییەکان هەن لە هەندێ لە کۆمەڵە ڕۆژنامەوانییە گەورەکاندا، من هاوڕام لەگەڵتاندا کە دەبێت دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری بەردەوامی بە خۆی بدات و پشت بە خۆی ببەستێت بۆ ئەوەی بە ڕاستگۆیی بمێنێتەوە و باشترین کاری ڕۆژنامەوانەی بکات، جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەو ڕۆژنامەگەریە سەربەخۆییەی کە ئازادە کە لەسەر ئەساسی قازانج نەویستی کار دەکات، یاخود پابەندە بە بنەماکانی ڕۆژنامەگەری باشەوە، لەگەڵ ئەو دامەزراوە گەورە و زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندندا کە زیاتر کاری تەرفیهی



شیلا کۆرنێل بۆ گوڵان:

## لە قۆناخی ڕاگواستن پێویستمان بە ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانە کە ستانداردی ڕۆژنامەگەری پیشەوەر دابنێت و تەئکید لە پێویستبوونی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە


دەکەن. لە ڕاستیدا نموونەی باشی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی هەواڵ هەن، بەڵام پێموایە کەناڵی فۆکس نیوز نموونەیەکی خراپە، یاخود هەر دامەزراوەیەکی هەواڵی دیکەی گەورەی ئەمریکا. زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کاری ڕاپۆرتنووسی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن و ئەو دەزگایانە بەڕێوە دەبەن، قەناعەتێکی شەخسی بەهێزیان هەبێت بە هەواڵەکان و پابەندبن بە بنەما ئیتیکیەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، لەبەر ئەوەی تۆ دووچاری گرفت دەبیت کاتێك کەسێك کاری تەحریر لە ڕۆژنامەیەکدا دەکات ئەزموونی ڕۆژنامەگەری نییە زیاتر کاری بازرگانی دەکات. تۆ کاری بەڕێوەبردن لە لوتکەی ئەم دەزگایانە دەبینیت کە شۆڕدەبێتەوە بۆ هەڵسوڕانی ڕۆژانەی کاری ڕۆژنامەنووسەکان، تۆ ئەتوانی ئەم کارە چالاکانە بە سستی بکەیت، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی کەمت هەبێت، ئەوا فشارێکی زۆریان لەسەر دەکەیت کە کاتی تەواویان نابێت بۆ ئەوەی کاری ڕۆژنامەگەری باش بکەن. هەربۆیە کاتێك دەزگایەکی ڕاگەیاندن زانیاری هەڵە بڵاودەکاتەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەوا تا ڕاددەیەکی گەورە میسداقیەتی ئەو دەزگایە لاواز دەکات و بنەمای ڕاگەیاندنی ئازادیش لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەخاتە مەترسیەوە. هێڵێك هەیە لەنێوان لایەنگیرکردن و زانیاری چەواشە، پێموایە هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سروشتی خۆیاندا لایەنگیری دەکەن، چونکە لە سروشتدا ئینسانەکان لایەنگیری دەکەن، بەڵام ئەگەر سەیری کەناڵێکی وەك فۆکس نیوز بکەین، ئەوا ئەوەندە لایەنگیری دەکات کە بۆچوونی لایەنەکەی دیکە بڵاوناکاتەوە یاخود ئەوە دەشێوێنێت کە لایەنەکەی دیکە دەیڵێت، ئەمەش زیان بە وێنەی تێکرای ڕاگەیاندن لە ئەمریکا دەگەیەنێت، متمانەی خەڵکیش بە ڕۆژنامەگەری باش لەق دەکات و میسداقیەتی دەزگاکانی دیکەش لاواز دەکات)).

ئەوەی پرۆفیسۆر دارین ئاماژەی پێکرد شێواندنی کاری ڕۆژنامەگەر و پیشاننەدانی هەموو لایەنەکانی هەواڵە، سەبارەت بەوەی ئەی چۆن بی بی سی کەناڵێکی حکومەتییە و سەربەرخۆش کاردەکات، پرۆفیسۆر ئیملی بیل کە خۆی لەبەریتانیایە و لەنزیکەوە ئاگاداری کارکردنی (بی بی سی)یە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ڕاستە خەرجی (بی بی سی) لەلایەن دەوڵەتەوە سەرف دەکرێت، بەڵام ئەو خەرجیە باجی خەڵکە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ کەناڵی (بی بی سی) و حکومەت ئەو پشکە جیادەکاتەوە و دەیداتە (بی بی سی) و لەمبارەوە وتی: (ئەگەر بێت و میدیا بکەوێتە ژێر دەستی حکومەت و پارتە سیاسییەکان ئەوکات میدیا لەبارەی هەندێك مەسەلەی گرنگی نێو پرۆسە دیموکراسیەکە شەفاف نابێت، من لە وڵاتێکم کە تیایدا هاووڵاتیان تەمویلی «بی بی سی» دەکەن، نەك حکومەت، لەبەر ئەوەی «بی بی سی» بە پارەی باجی هاووڵاتیان پەخش دەکات و هاووڵاتیان سەرچاوەی



دارین براهام بۆ گوڵان:

## زۆر گرنگە ئەو کەسانەی کاری ڕاپۆرتنووسی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن و ئەو دەزگایانە بەڕێوە دەبەن، بڕوایەکی بەهێزیان بە هەواڵەکان هەبێت و پابەندبن بە بنەما ئیتیکیەکانی ڕۆژنامەوانییەوە




**میدیا و دیموكراتی، لەو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو وەك ئەوەیە سەرنشینی دوو شەفەمەندەفەر بن كە بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانەوەی یەكتری بڕۆن و لەهیچ خاڵێكدا بەیەك نەگەن**

سەرەكین بۆ ڕۆژنامەگەری، لەكاتێكدا لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا گومانێكی زۆر هەیە و دڵنیام زۆربەی ڕۆژنامەنووسەكان بەو بیرۆكەیە هەست بە نائارامی دەكەن گەر بڵێین «بی بی سی» بە پارەی باجی هاووڵاتیان پەخش دەكرێت، بەڵام لە بەریتانیا ڕاستە كە تەمویلی «بی بی سی» بە پارەی باجە، بەڵام ئەو پارەیە لە گەنجینەی باجەكانی وڵات جیا كراوەتەوە، هەرچەندە هەندێك قسە دەكرێ لەوبارەیەی كە «بی بی سی» لەژێر كۆنترۆڵی حكومەتە، بەڵام «بی بی سی» بەشێوەیەكی سەربەخۆ و ئازادنە كاردەكات و هەندێك جار سنوور و یاساكان دەشكێنێت، ئەوە شتێكی لۆژیكە لەبەرئەوەی هاووڵاتیان باج دەدەن بۆ تەمویلكردنی «بی بی سی» بۆیە پێویستە میدیایەكی سەربەخۆ بێت، پرسیارەكەتان پەیوەستە بە چۆنییەتی كردنی میدیا بە میدیایەكی كارا كە جیا بێت لە حكومەت و پشت بە خۆی ببەستێت، بەڕای من ئەمە كارێكی زۆر زەحمەتە، بەڵام لە زۆربەی دیموكراسییەتە تازەپێگەیشتووەكان هەندێك جار كێشەیەك هەیە لەوبارەیەی كە هەندێك لە میدیاكان كە لەڕووی ڕیكلامی بازرگانییەوە تەمویل دەكرێن دەبینین زۆربەیان لەژێر كۆنترۆڵی دەسەڵاتن، بۆیە هەبوونی میدیایەكی ئازاد لەژێر فشاری بازرگانی و سیاسی كارێكی زۆر زەحمەتە)).

**ڕۆژنامە بە تەنیا ناتوانێت هەموو شتێك بكات، بۆیە پێویستە كۆمەڵگە پشتیوانی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد بكات، پێویستە یاسا و دادوەرەكان لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسانی بەرپرسیار بڕیار بدەن**

# بەردەوام بوونی سیاسەتی بە عەرەبکردن هەڕەشەیە بۆ لەناوبردنی کوردی پارێزگای دیالە



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

ژمارە (٨٤٨) ■ ٢٠١١/٩/٢٦



پارێزگای دیالە بەهۆی ئەوەی کە نزیکە لە سەرسنووری عێراق و ئێرانەوە پێگەیەکی ستراتیژی و گرنگی هەیە، بە درێژایی ٣٠٠ کیلۆمەتر ئەم سنوورە درێژ دەبێتەوە، هەروەها بارێکی جیوستراتیژی ئەم پێگەیەی پارێزگاکە گرنگتر دەکات، چونکە بەرزونزمایییەکانی لەسەر سنوورەوە تا قوڵایی ناو خاکی عیراق لە بەغدای پایتەختی عێراق نزیکی دەخاتەوە، هەروەها بەدرێژایی سەر ئەو سنوورە کۆمەڵێك سامانی نەوتی لەخۆ دەگرێت. هێڵی خوراسانی مێژوویی کە تا ئێستاش ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەگێڕێ، هەر بەو سنوورەدا تێدەپەڕێ و کاریگەرییەکەی لەسەر هەردوو ئاستی بازرگانی و سەربازییە، پارێزگای دیالە یەکێکە لەو چواردە لیوایەی کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروست بووە، پێشترچەند قەزایەکی لەخۆدەگرت، لەوانە: دلتاوا (خالّس)، خانەقین و مەندەلی و قەزای ناوەند کە بە قەزای خوراسان دەناسرا، بەڵام ئەم پێکهاتە کارگێڕییە بەپێی بارودۆخەکان زۆربەی جار گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دەهات، ئامانجی سەرەکیش لەم گۆڕانکارییانە چەسپاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردن بوو لەو پارێزگایەدا، کەواتە دەتوانین بڵێین پارێزگای دیالە لەهەردوو لایەنی سروشتی و مرۆییەوە نموونەیەکی بچووککراوەی عێراقە، لە پاڵ ئەو دۆڵ و دەشتاییانەی کە لەخۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای ئەو پارێزگایەوەن چەند زەوییەکی بەرزایی و شاخیشی تێدایە، کە تا بەرەو خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات سەربکەوێت چیاکان بەرزتر دەبنەوە، بارانێکی زۆریش دەشت و دۆڵەکانی پارێزگاکە دەگرێتەوە، دانیشتووانی کورد زیاتر لە خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی ئەم پارێزگایە کۆبوونەتەوە، بەڵام چڕی دانیشتووانی عەرەب لە ناوچەکانی خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوا هەن، بۆیە بەشێك لە جوگرافیاناسان ئەم پارێزگایە دەخەنە سەر باکووری عێراق، هەندێکیشیان بە بەشێك لە هەرێمی کوردستانی دەزانن، هەروەکو چۆن لە کتێبی (باکووری عێراق) ئاماژەی پێکراوە، کە لە نووسینی هادی دەفتەر و عەبدوڵلا حەسەنە، لە جێگەی تریش بە(ناوچەی ناوەندی عێراق) دەناسرێت، وەك لە کتێبی (باکووری عێراق) دیاریکراوە کە لەنووسینی شاکر خصباکە، لەبەر رۆشنایی بایەخی ئەم پێگە جوگرافی و جیۆستراتیژییەی پارێزگاکەدا، هەروەها لەبەر ئەو توانا زۆرەی لە ڕووی ئابووری و دیموگرافییەوە هەیەتی، دیالا پێگەیەکی بنەڕەتی پێکهێناوە لەناو تەوەرە سیاسییەکانی بە عەرەبکردندا کە سێ تەوەرن و دەسەڵاتدارانی عێراقی بە وردی پلانیان بۆ دارشتووە، لەپاڵ هەردوو تەوەری کەرکوك و موسڵدا، گرنگترین ئاماژە سیاسییەکانی بەعەرەب کردن لەم پارێزگایانەدا ئەمانەن:

١- جێبەجێکردنی یاسای رەگەزنامەی عێراقی، کە کۆمەڵگەی عێراقی کردە دوو بەشەوە، بەشێکیان پاشکۆی عوسمانییەکان و بەشێکی تریش پاشکۆی ئێرانین، ئەم یاسای رەگەزنامەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکانی دەرکردن و دوورخستنەوەیەکی بەرفراوانی کوردە فەیلییەکان لەپارێزگای دیالە دۆزرایەوە، تاکو دووریان بخەنەوە بۆ ئەو دیوی سنوور، بە هەنجەتی پێنەدانی رەگەزنامەی عێراقی، ئەم پرۆسانەش چڕ تر دەبوونەوە هەرکاتێك پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق وئێران تووشی قەیران دەهاتن.

٢- هەڵمەتەکانی کۆڕەو پێکردن کە دانیشتوانی کورد لەو پارێزگایەدا دووچاری دەبوونەوە بەتایبەتی لە سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، دوای ئەوەی بەرەو پارێزگاکانی ناوەند و باشووری عێراق دەگوازرانەوە، هەندێکیشیان دەخرانە ناو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە نزیك شارە گەورەکان، یان لە نزیك شەقامە گشتییەکانی هاتوچۆ، بۆ ئەوەی بەئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن.

٣- پشتگوێ خستنی بە ئەنقەستی ژێرخانی ئابووری شاروشارۆچکە کوردییەکان، بەتایبەتی فەرامۆشکردنی تەواوی شارۆچکەی مەندەلی و دەوروبەری کە خەڵکەکەی بەردەوام بەهۆی نەبوونی ئاوی خاوێنەوە، لە سکالا دابوون، رەز وباخ و ئاژەڵەکانیان بێ ئاو دەکران، بۆیە زۆربەیان ناچار بوون بەرەو بەعقوبە و بەلەتروز و بەغدا و میقدادیە کۆچ بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە جەنگی نێوان ئێران وعێراق کۆمەڵێك ئاکامی سلبی خستە سەر دانیشتوانی کورد لەوپارێزگایەدا کاتێك شاروگوندەکانیان بوونە گۆڕەپانی جەنگێکی هەشت ساڵە لەنێوان سالانی ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٨، ئەمەش حکومەتی عێراقی خستەسەر ئەو هەنجەتەی کە ناوەندی قەزای مەندەلی بگوازێتەوە بۆ بەلەتروز، بەوشێوەیە شارۆچکەی مەندەلی تەنیا وەك ناحیەیەکی بچکۆلەی لێهات، لەبەر رۆشنایی ئەمانەی کە روویدا پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکان بە درێژایی سەدەی رابردوو لە بەرژەوەندی عەرەبە نیشتەجێبووەکاندا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات، لە ساڵی ١٩٤٧ ڕێژەی کورد لە پارێزگاکەدا لە ٢٦،٦٪ بووە، کەچی لە ساڵی ١٩٧٧ ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ لە ١٠،٧٪ ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە ١٦٪ لەو ماوەیەدا دابەزیوە، بەڵام ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە ٧٦٪ تا ٨٨٪ لە کۆی دانیشتوانی ناوچەکە بەرز بۆتەوە، لە قەزای خانەقینیش ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە ساڵی ١٩٤٧ دەگەیشتە لە ٨٠٪، بەڵام لە

ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی کورد دابەزی بۆ ٢٧٪ هەروەها ڕێژەی کورد لە قەزای مەندەلی دابەزی بۆ کەمتر لە ١٪، نسبی شارۆچکەی سەعدیە لە سیاسەتی بەعەرەب کردن زۆر زیاتر بوو، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئاماژە دەدەن بەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی سەعدیە کورد بوون، بەرلەوەی دوچاری گۆڕینی نەتەوەیی و کۆچپێکردن ببنەوە، لە بەرژەوەندی دانیشتوانی عەرەبدا، لە لێکۆڵینەوەیەکی خوالێخۆشبوو محەمەدەمین زەکی هاتووە، کە شارۆچکەی قزلەر باخ «سەعدیە» دوو گەڕەکە، یەکەمیان بەناوی «چولك» کە کوردی تێدا دەژی، دووەمیان بە ناوی «خالیدی»کە کورد و تورکمانی تێدا نیشتەجێیە، ئەوەش لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە، دواتر لە کتێبی مێژوونووسی بەناوبانگ عەبدولرەزاق حەسەنی، کە لە ژێر ناوی عێراق لەکۆن و نوێدا هاتووە کە دەڵێت دانیشتوانی شارۆچکەی سەعدیە زۆربەی زۆریان بەکوردی قسە دەکەن، هەروەك شارۆچکەی خانەقین، گەڕیدیەکی بەناوی ریچ لە کتێبێکیدا بەناوی گەشتەکەی ریچ بۆ عێراق ساڵی ١٨٢٠ ئاماژە دەدات بەوەی کە دانیشتوانی شارۆچکەی سەعدیە بە زمانی تورکی و کوردی و فارسی دەدوێن، هیچ جۆرە زمانێکی عەرەبی لەو شارۆچکەیەدا نییە، لە درێژەی وتەکانیدا ریچ دەنووسێت دوای ئەوەی بەرزاییەکانی حەمرینی تێپەڕاندووە لە دەشتاییەکدا کە چوار دەوری تەپۆلکەی بەرزایی بووە نزیك شارۆچکەی «قزلر باك» کۆمەڵێك ڕەشماڵی سورەمیری و زرگوشی و خێڵەکانی دەلۆ و قەرەلوس و جافەکانی بینیوە، کە ئەمانە هەموویان هۆزەکانی کوردن، لە کتێبێکی تریش دا بەناوی «خەنجەرەکان و چیاکان» کەنووسەرەکەی مێژوونووسێکە بەناوی ئەحمەد فەوزی ئاماژە دراوە بەوەی ڕێژەی کورد لە ناحیەی «قزلر باك» تا دەگاتە جەلەولاش لە ٥٠٪ زیاترە ئەوەش بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە سەرژمێری دانیشتوواندا ساڵی ١٩٤٧تۆمار کراون، بەڵام سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧ دابەزینێکی زۆری لەو ڕێژەیە پێوە دیارە بە شێوەیەك دانیشتوانی کورد دابەزیون بۆ ٥٪ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە ڕاپۆرتەکەی «د میستۆرا» نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٩ بە تەواوی دانی ناوە بە گۆڕانکارییەکی دیموگرافی کە بەسەر پارێزگای دیالەدا هاتووە، هەروەها ئاماژەی داوە بە سیاسەتی بەعارەبکردنی هەردوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی، جەخت لەسەر ئەوەش کردووە کە لە ٩٠٪ ئەفسەرە کوردەکان لە جەلەولاوە بەرەو شوێنانی تر گواستراونەتەوە، هەروەها ئاماژەی بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە١٤٩٦ دا کە لە ساڵی ١٩٨١ دەرچووە تیایدا فەرمان دەرکراوە بۆ تەرحیل پێکردنی هەموو خێزانە کوردەکانی شارۆچکەی جەلەولا.

سەبارەت بە قەزای مەندەلیش کە لە قووڵایی مێژوودا بەشێك بووە لە میرنشینە کوردییەکانی «حەسنەوی و گاوانی و عیاری و بابانی» هەروەکو چۆن لە کتێبی شارە کوردییە کۆنەکان کەنووسەرەکەی خوالێخۆشبوو جەمیل ڕۆژبەیانییە ئەو ڕاستییە هاتووە کە مەندەلی شارێکی کوردییە دانیشتوانەکەشی بە کوردی قسەیان دەکرد، هەروەکو چۆن لە فەرهەنگی ئیعلامی تورکی ئاماژەی پێدراوە و تێیدا هاتووە «کورد نیوەی دانیشتووانی شاری مەندەلی پێکدەهێنن، هەر لەبارەی ئەم پرسەوە عەبدولرەزاق حەسەنی لە نووسینەکانیدا ئاماژەی داوە بەوەی کە دانیشتووانی مەندەلی بە زمانی کوردی و هەندێکیشیان بە فارسی و تورکی لەگەڵ یەکدا دەدوێن، هەندێك لە عەرەبیش تێدەگەن، بەڵام بە خوارەخێچی» کەچی سیاسەتی بە عەرەبکردن کە درێژەی کێشا بەرەو ناو قەزای مەندەلی بووە هۆی نەهێشتنی بوونی کورد لە پێناوی سەپاندنی بەرژەوەندی عەرەبە هاوردەکان، لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕاپۆرتەکەی «دیمیستۆرا» ئاماژە کراوە بە موعانات و ئازاری دانیشتوانی مەندەلی لە بەرامبەر سیاسەتی جیاکاری و ڕەگەزایەتی، ئەوەش بە ئامانجی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی کە لەسەر سنووری عێراق و ئێران درێژ دەبێتەوە ئەنجام دەدرێت، لە ئاکامی کۆچپێکردن و دەرپەڕاندنی دانیشتوانی کورد لەسەر زێد و ماڵی خۆیان، لەلایەکی تریشەوە ڕاپۆرتەکە جەختی لەسەر پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان هۆزەکانی دەوروبەری مەندەلی کردۆتەوە، کە لە ڕووی بازرگانی و زمانەوە بەستراونەتەوە بە هەرێمی کوردستان، هەروەها داخوازینامەی ئەنجومەنی ناحیەی مەندەلی لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ ئەوەی ناحیەکە بچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان سیاسەتی بە عەرەب کردن کە ئەمرۆ لە پارێزگای دیالە دەکرێت، سیاسەتێك نییە کە ئێستا پلانی بۆ داڕێژرابێ، بەڵکو درێژبوونەوەی سیاسەتی بەعسییە شۆڤێنییەکانی پێشووە، ڕەنگدانەوەی هەمان ئامانجی بەعسییەکانە، هەروەها لە ئامراز و کەلوپەلەکانیشدا هەمان ئامانجیان هەیە، چونکە گرفتی کورد لە عێراقدا لەسەر بناغەی جیاوازی بوون لە ڕووبەری جوگرافی نییە، هەروەها لەسەر نەخشەدانانی سنووری هەرێم نییە، بەڵکو گرفتەکەیان لەسەر بناغەی بوونی کوردە لە ناوچەکەدا، کوردستان لە تێڕوانینی حاکمدارانی عەرەبەوە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی، گەلی کوردیش بەشێکە لە گەلی عەرەبی، هەموو ئەو نەتەوانەی کە زمان و سیمای نەتەوەییانەی تایبەت بەخۆیان هەیە لەناو چوارچێوەی نەخشەکانی نیشتمانی عەرەبدا دەژین، وەك نەتەوەی کورد لە تێڕوانینی ئەیدۆلۆژیانەی عەرەبەوە بەشێکن لە درێژبوونەوەی دەوڵەتێکی عەرەبی، هەروەها ناسنامەی عەرەبیش بەسەر خاك و نیشتمانیاندا دەچەسپێنن، ئەمەش لە ڕێگەی داگیرکاری و زاڵبوونەوە نەهاتووە بەڵکو لەئاکامی واقیعێکی مێژوویی درێژبۆتەوە، بۆیە ئەو عەرەبانە چاویان بەرایی نادات کوردەکان ببینن زەوی و نیشتمانی خۆیان هەبێت، توانەوە و لەناوبردنی گەلی کورد تەنیا ئامانجی نەتەوەی عەرەبییە، هەر بەو ئامانجەشەوە حکومەتەکانی یەك لە دوای یەك لە عێراقدا سیاسەتی خۆیان دادەڕێژنەوە.

**ە فەرهەنگی ئیعلامی تورکی ئاماژەی پێدراوە و تێیدا هاتووە کورد نیوەی دانیشتووانی شاری مەندەلی پێکدەهێنن**

**سیاسەتی بە عەرەب کردن کە ئەمرۆ لە پارێزگای دیالە دەکرێت. سیاسەتێك نییە کە ئێستا پلانی بۆ داڕێژرابێ. بەڵکو درێژبوونەوەی سیاسەتی بەعسییە شۆڤێنییەکانی پێشووە**

# کفری.. مێژوویەکی دێرین

کفری ئەو شارۆچکە دێرینەی کوردستانە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك پێش ئێستا، شوێنەکەی کاروان سەرای نێوان (خانەقین و قەرەداغ و دەربەندیخان و کەرکووك و بەغدا و دەوروبەری شارباژێر و سلێمانی) بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی خانەکان و قەیسەریی و چەند شوێنەوارێکی ترە. کفری لە ساڵی ١٩٢١ بۆتە قەزاو ناحیەکانی ( قەرەتەپە- جەبارە- نەوجول - ئاوەسپی - سەر قەڵا - بەرکۆکس و ژمارەیەك گوند) لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە(٢٧) هەزار کەسەو خەڵکەکە بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن و ژمارەیەکی زۆریشیان لە دامودەزگاکانی حکومی دامەزراون. لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە کفری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بە بەرنامە هەندێ کار و پرۆژەی بۆ جێبەجێکراوە، بەڵام بەپێی خواســت و پێویستی دانیشـــتوانەکەی ئاوڕ لەم ناوچەیە نەدراوەتەوە، هەر بۆیە لێرە و لەوێ دانیشتوانی کفری گلەیی و گازندەیان بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە..

تیمی (گۆڤاری گـوڵان) قەزای کفری و ســنوورەکەی بەسەرکردەوەو چەند هاوولاتیەکی دواند، یەکێك لەم هاوولاتیانە ئافرەتێکی بە ساڵاچوو بوو گلەییەکی زۆری لەســـەر ئاوی خواردنەوە هەبوو وتی: جگە لەوەی رۆژانە بڕی ئاوەکەمان کەمە، تامەکەشـــی سوێرە و هۆکارێکە بۆ نەخۆشبوونمان، بڕیاریش بوو ئاوی شـــیرین بۆ ســـەنتەری قەزاکە رابکێشرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم کارە نەکراوە. هەروەها چەند هاووڵاتییەکی تر کە لە بەردەمی دوکانێك دانیشـــتبوون گلەیی و گازندەیان لە زۆربەی بوارەکانی خزمەتگوزاری ناو کفری هەبوو، بەتایبەتی لە خراپی ڕێگاوبانە سەرەکییەکانی دێت بۆ قەزاکە و قیرتاو و کۆنکرێت نەکردنی بەشـــی زۆری شـــەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکانیان و نەبوونی پزیشـــکی پسپۆر و ئافرەت و چەندین گرفتی تر ئەم گلەیی و داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرســـیارێکی ترمان ئاراســـتەی (شێرکۆ حوسێن) قایمقامی قەزای کفری کرد، ئەویش بەراشکاوانە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی داینەوە، کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.








# و خزمەتگـوزارییەکی کەم

- کێشەی کوژاندنەوەی زەوی هەیە.
- ڕێگای( کفری – دوز ) تێکچووەو هیچ پرۆژەیەکیش بۆ چاککردنەوەی نییە.
- بەپێی پێویست پزیشکی پسپۆڕ و نەشتەرگەری و ئافرەت لە نەخۆشخانەکان نییە.
- فەرمانگەکانی ئاو و ئاسایش و پۆلیس بینایەی تایبەتیان نییە.





شێرکۆ حوسێن قایمقامی قەزای کفری بۆ (گـــــوڵان):

# قەیسەری کفری لە بیرکراوە و وەکو بەشێکی گرنگی شوێنەواری وڵاتەکەمان کاری لەسەر ناکرێت

**لەبودجەدا ڕەچاوی دارمانی ژێرخانی پرۆژەکان نەکراوە**

سەبارەت بە بڕی بوودجەی تەرخانکراو بۆ سەنتەری قەزای کفری و سنوورەکە و چۆنیەتی تەرخانکردنی ئەم بوودجەیە قایمقامی قەزای کفری وتی: بوودجە بۆ هەموو شار و شارۆچکە و سنورێك بەپێی ژمارەی دانیشتوان تەرخان دەکرێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی کاولکاری و کەمی خزمەتگوزاری و دارمانی ژێرخانی پرۆژەکان بکرێت، بوودجە بە سێ جۆر بۆ کار و پرۆژەکانی قەزای کفری خەرج دەکرێت:(یەکەم لە بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگا-دووەم لە ڕێگای پترۆ دۆلار- سێیەم لە ڕێگای بوودجەی وەزارەتەکانەوە)، هەروەها لیژنەی باڵای بووژاندنەوەی گەرمیان لە ساڵانی ڕابردوو هەندێ پرۆژەی گرنگ و پێویستیان بۆ قەزای کفری جێبەجێکردووە، لەمانە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ١٨ پۆلی و چەندین پرۆژەی تر، سەرەڕای ئەوەش کەموکوڕی هەر هەیە، بۆیە کە خەڵك گلەیی لە کەمی و خراپی خزمەتگوزارییەکان دەکەن مافی خۆیانە، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانن ئەوەی لە ماوەی(٧٠) ساڵ حکومەتی عێراقی و حزبی بەعس بۆ قەزا و سنوورەکەی نەکردووە، ناتوانرێ و ئیمکانیات بەمجۆرە نییە کە لە ماوەی چوار تا پێنج ساڵ ئەم هەموو کار و پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، سەرەڕای ئەمەش هەر دەبێت بەپێی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و بوودجەکە واقیعانە تەماشای کار و ئیشەکان بکرێت،لەلایەکی تر سیستەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابینکردن و پێدانی بوودجە بە شێوەیەکە، پێویستە چاوپێخشاندنەوەیەك بەسەرجەم سیستەمەکەدا بکرێت و لەتەرخانکردنی بوودجەدا جگە لە ژمارەی دانیشتووان ڕەچاوی کەمی خزمەتگوزاری و دارمانی ژێرخانی خزمەتگوزاری و ئابووری بکرێت، هەروەها بۆ قەزای کفری و سنوورەکەی پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ زۆر کەم پرۆژەی بۆ کراوە، لەبەر ئەوەی ناوچە و سنوورەکە هێڵی تەماسی نێوان حکومەتی بەعس و هەرێمی کوردستان بووە.

**دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی و بوودجە سوودی نییە**

سەبارەت بەوەی دەسەڵاتی ئیداری بۆ یەکەی ئیدارەی قەزاکە دابەزیوە و تا چەند کار بەم دەسەڵاتانە دەکرێت و چەند کاریگەری لەسەر کار و پرۆژەکانیان هەیە قایمقامی قەزای کفری گوتی: کۆمەڵێك دەسەڵات لەگەڵ دەرچوونی بڕیارەکە بۆمان دابەزیووە و دەتوانین کاری پێ بکەین، بۆ نموونە یەکێك لەم دەسەڵاتانە ئەوەیە کە دەتوانین لە ناو کۆگادا بە بڕی سێ ملیۆن دینار کەلوپەلی لە کارکەوتوو کە ناتوانرێ سوودی لێ وەربگرین لە ناوی ببەین و فڕێی بدەین و دەتوانین فەرمانبەر و کارمەندانمان کە لە پلەی(٤و ٥ و ٦) دان پلەکانیان بەپێی خزمەت و مافەکانیان بەرز بکەینەوە، بەڵام تا ئێستا ئەمەمان نەکردووە و دەتوانین بەبێ پرس کردن بە سەرووی خۆمان کارمەندەکانمان بەپێی ڕێنمای لە(١٠ -١٥) ڕۆژ مۆڵەتیان پێ بدەین، بەڵام دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری لە هەموو ڕوویەکەوە بە

تەواوی بەبێ دەسەڵاتی دارایی و یەکەی ژمێریاری و بوودجە سوودی نییە، لەلایەکی تر لەو بوودجەیەی کە بۆ خەرجی ناو یەکە ئیدارییەکەمان دانراوە دەبێ بەپێی پێویست و ڕێنمایی و وسولات پارەکە خەرج بکرێت، چونکە لەمبارەوەش چاودێری دارایی چاودێری و لێپێچینەوە دەکات و لەم پارەیەدا مانگانە تەنیا دەتوانین بە بڕێکی دیاریکراو لە(١٠٠ بۆ ١٥٠) هەزار دینار بەدەین بە دوو کەس واتە دەتوانین لە مانگێکدا تەنیا دوو کەسی بەسەر بکەینەوە و هاوکارییان بکەین.

### زەوییەکانی کفری کۆڕاندنەوەیان بۆ نەکراوە

سەبارەت بە ماستەرپلانی کفری و کێشەی کۆڕاندنەوەی زەوی قایمقامی قەزای کفری وتی: قەزای کفری ماستەرپلانی نییە، بەڵام لەسەر نەخشەیەکی بنەڕەتی زانستی کار دەکەین، بۆ ماستەرپلانەکەش ماوەیەکە کۆمپانیایەکی لوبنانی خەریکی

> **پێویستە لەتەرخانکردنی بوودجەدا جگە لە ژمارەی دانیشتووان ڕەچاوی کەمی خزمەتگوزاری و دارمانی ژێرخانی خزمەتگوزاری بکرێت**

داتا کۆکردنەوەیە، کۆبوونەوەیەکیشمان لەگەڵ کۆمپانیاکە ئەنجامدا و ئێستاکە خەریکی وێنەگرتن و سەرژمێری و ئامارن لە ناو سەنتەری قەزاکە، پاش تەواوبوونی ئەم کارانە دەست دەکەن بە دروستکردنی ماستەرپلانەکە، چونکە ئێستاکە کێشەی زەوی و زار بەتایبەتی کۆڕاندنەوەی زەویمان هەیە کە کێشەیەکی ئاڵۆز و زەحمەتە، هەر بۆ نموونە چەندین خانو و بینایە هەیە زۆر کۆنن، بەڵام ئەو زەویانەی لەسەری دروستکراون تا ئێستاکە کۆڕاندنەوەی بۆ نەکراوە بەناوی خەڵکی ترەوەن، هەروەها پارکێکی بەرفراوانی ٣٧ دۆنمی لەناو سەنتەری کفری هەیە کە چوار پارچە زەوی یە، یەك لەسەر چواری ئەم ڕووبەرە زەوی یە بەناوی ئاغاکانە هەر بۆیە کەس ناتوانێ شارێکی یاری لە ناو ئەم پارکە دروست بکات، لەبەر ئەوەی کە سەردانی شارەوانییەکانی سلێمانی دەکەن دەبینی ئەم زەوییە بەناوی ئاغاکانە و کێشەی لەسەرە و تا ئێستاکەش چارەسەری بۆ نەکراوە، هاوکات کە دەتوێت پارچە زەوییەك بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ نموونە بۆ یاریگایەك دەستنیشان بکەیت، ئەوە تووشی زەحمەتی و کێشە دەبیت، چونکە زەوییەکانی قەزای کفری بەتایبەتی سەنتەری قەزاکە تا ئێستاکە کۆڕاندنەوەیان بۆ نەکراوە، گەرچی ماوەیەکە کێشەیی ئەم زەویانە لە دادگایە لە ژێر پرۆسەی چارەسەرکردنە، بەڵام ئەم کارەش ماوەی ئیجراتاتی درێژخایەنی دەوێت.

### قەیسەری کفری تا ئێستا نۆژەن نەکراوەتەوە

سەبارەت بە شوێنەوار بەتایبەتی قەیسەری ناو سەنتەری کفری کە تا ئێستا لەسەر شێوە و دیزاینی خۆی نۆژەن نەکراوەتەوە و لە دارمان نەپارێزراوە قایمقامی قەزای کفری وتی: شوێنەوار لە ڕووی مێژووی و ڕەسەنایەتی بۆ هەموو نەتەوە و وڵاتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و کوردیش وەکو هەموو میللەتێك شوێنەواری زۆرە کە هەر یەکەیان بۆ سەردەم و مێژوو و قۆناغێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لەم شوێنەوارانە کە لە شارۆچکەی کفری هەیە و پێی دەناسرێتەوە قەیسەریەکەیەتی،ئەم قەیسەریە بۆمان دەسەلمێنێت کە کورد خاوەنی دیزاین و کاری بیناسازی تایبەتی خۆیەتی لە هەموو کات و قۆناغێکدا، هاوکات نیشانمان دەدات کە لەم قۆناغ و سەردەمانەدا لە کفری و سنوورەکەی جوولە و کاری بازرگانی بەهێز هەبووە هەموو میللەتانی دنیا و کوردیش بەهەمان شێوە هەوڵیداوە شوێنەوارەکانی بپارێزێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو خاکی کوردستان لە ژێر دەستی دوژمنان بووە و لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی بەعسی نەتوانراوە ئەم شوێنەوارانە بپارێزرێت و زۆر جار لەناوچوون. لە دوای ساڵی ١٩٩١یش تا ئێستاش لەبەر بارودۆخی ناوچەکە و زۆر بواری تر نەتوانراوە کار بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی قەیسەرییەکەی کفری بکرێت ئەم قەیسەریەش زۆر کۆنە و لە کاتی باران بارین سەری قورس دەبێت و دادەڕمێت و ئێستاکە لە چەندین شوێن دارماوە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریش تا ئێستاکە هیچ کاری بۆ نەکردووە و هەوڵیشی بۆ نەداوە بخرێتە ناو لیستی یونسکۆ بۆ نۆژەنکردنەوە چاککردنی و پاراستنی، بەڵام هەندێ خەڵك و کەس لەم قەیسەریە کاردەکەن و بژێوی ژیانیان تێدا دابین دەکەن، هەر بۆیە لەبەر دارمانی قەیسەریەکە ئەو بەشی کە کاری تێدا دەکەن لەسەر شێوە و دیزاینی خۆی بە ئاگاداری ئێمە و لایەنی پەیوەندار چاکیان کردۆتەوە لە دارمان پاراستوویانە، لێرەدا پێویستە بڵێین ناتوانین و ناکرێت ئەم شوێنەوارە گرنگە بروخێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانرێت هەر هەمووشی نۆژەن بکرێتەوە، بەڵکو بە تێڕوانینی من دەکرێت بۆ پاراستنی کەلتور و شوێنەوارەکە و مێژووی شارۆچکە و سنوور و خەڵك و نەتەوەکەمان بەشێك لە قەیسەریەکە نۆژەن بکرێتەوە و پارێزگاریشی لێ بکرێت و بەرووی گەشتیارانیش بکرێتەوە بۆ ئاشنا بوون بە مێژووی بیناسازی وکار و دیزاینی نەتەوەکەمان، هەروەها دەتوانین بڵێین بۆچی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قەیسەری کفری لە بیرکردووە و بەرنامە و پلانێکی بۆ دانانێت تا لە لەناوچوون بپارێزێت و وەکو بەشێکی گرنگی شوێنەواری وڵاتەکەمان کاری لەسەر ناکات.

### بەشی زۆری ماڵەکان تانکی ئاویان نییە

باس لەوە دەکرێت ئاوی خواردنەوە لە کفری بەپێی پێویست نییە، هاوکات ئاوەکەیان

> **لیژنەی باڵای بووژاندنەوەی گەرمیان هەندێ پرۆژەی گرنگ و پێویستیان بۆ قەزای کفری جێبەجێکردووە. لەمانە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ١٨ پۆلی**

سوێرە و بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، بەڵام قایمقامی قەزای کفری ڕاو بۆچوونێکی پێچەوانەی هەبوو لەمبارەیەوە وتی: لە کفری(٤٤) بیری ئاوی خواردنەوە هەیە کە قووڵی هەر یەکەیان لە نێوان (٦٠-٨٠) مەترە، ئەو بیرانە زۆربەیان ڕۆژانە لە کاتژمێر حەوتی بەیانی تا حەوتی ئێوارە ئیش دەکەن، ڕۆژانە هەر کەسێك پێویستی بە ١٠٠لیتر ئاو هەیە، بەڵام ئێمە ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠لیتر ئاو بۆ هەر یەکێك هەڵدەهێنجین، گرفتەکە لەوەدایە بەشی زۆری ماڵەکان تانکی ئاویان نییە تاوەکو ئاو بۆ خۆیان گلبدەنەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی پێوەر و بەفیڕۆ دانی ئاو، ئەم هۆکارانە وایکردووە ژمارەیەك لە هاووڵاتیان بڵێن کەمئاوین، بۆیە لێرەدا داواکاریین خەڵکەکە تانکی ئاو بۆخۆیان دابنێن و ڕۆژانە ئاو گلبدەنەوە و پێویستە زۆر بە پەلە حکومەت و لایەنی بەرپرس پێوەری ئاو لە ماڵەکان دابنێن،سەبارەت بە سوێری ئاوەکە بەڵێ ئەمە لە هەندێ لە

## لە گەڕەکی ئیمام حەمە باخی ڕەزا گومانی ئەوە هەیە ئاوی خواردنەوە تێکەڵی ئاوەڕۆ بووە

بیرەکانی ناو کفری هەستی پێ دەکرێت، بەڵام خەڵکەکە لەگەڵ ئەم سوریە ڕاهاتوون و هەندێ کەسیش ئەوانەی لە توانایان هەیە ئامێرێك هەیە بە ٢٥٠ دۆلار کڕیویانە و ئاوەکەیان بۆ شیرین دەکات، ئێمەش ئەو ئامێرەمان لە قایمقامیەت داناوە.

لەبارەی ئاوەڕۆشەوە قایمقامی کفری وتی : لە ناو سەنتەری کفری ١٣ گەڕەك هەیە، تەنیا سێ گەڕەك ماوە ئاوەڕۆیان بۆ دروست بکرێت، لەم سێ گەڕەکەش ئەمساڵ ئاوەڕۆی دوو گەڕەکیان لە بەرنامەدایە، هەروەها هەندێ کێشە و گرفتی تر هەیە خەریکی چارەسەرکردنیانین، لەمانە لە گەڕەکی ئیمام حەمە باخی ڕەزا بیرێکی ئاوی خواردنەوە هەیە ئاوەڕۆی بە تەنیشتیەوە دەڕوات و گومانی ئەوە هەیە ئاوی خواردنەوەکە تێکەڵی ئاوەڕۆیەکە بووە.

### ساڵی ٢٠١٢ بڕیارە کار لەسەر ڕێگای کفری-کەلار و کەلار- دەربەندیخان بکرێت

سەبارەت بە ڕێگاوبانی دەرەوە و سەرەکیەکانی دێتە ناو قەزای کفری و کۆنکرێت و قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری قەزاکە قایمقامی قەزای کفری وتی: ڕێگای سەرەکی نێوان کفری-کەلار و کەلار- دەربەندیخان قەرەباڵغ و زۆر ناخۆشە، لە ساڵی ڕابردوو داوامانکرد ئەم ڕێگایە چاك بکرێتەوە، تاوەکو خەڵك بتوانی بە دڵنیایی و بەبێ کێشە هاتوچۆی لێ بکەن، بڕیاردراوە و دیزاینەکەشی لە تەواوبوونە کە لە ساڵی ٢٠١٢لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە قۆناخ بە قۆناخ کار لەسەر ئەم ڕێگایە سەرەکییە بکرێ، بەڵام ئەو ڕێگایەی لەکفری بۆ دوز دەچێت تا بازگەکە سەر بەئێمەیە، ئەوەی تر دەکەوێتە سەر سنووری ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەو ڕێگایەش خراپ و بێ سەروبەرە و دەبێت حکومەتی ناوەندی کاری بۆ بکات، باوەڕ ناکەم لە لای خۆمانەوە کاروپڕۆژە بۆ ئەم ڕێگایە ئەنجامبدرێت.

هەروەها شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکەکانی ناو سەنتەری قەزاکەش بەشێکی قیرتاو و کۆنکرێت کراوە، شەقام و کۆڵانەکانی ناو چەند گەڕەکێکیش ماوە کۆنکرێت و قیرتاو بکرێن، بۆ ئەو شوێنانەش بەرنامە دانراوە ساڵ لە دوای ساڵ کاریان بۆ ئەنجام دەدرێت.

### لە ناو سەنتەری قەزاکەدا تەنیا سێ قوتابخانەی دوو دەوامی هەیە

سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن و کەمی بینایەی قوتابخانە و قەرەباڵغی ناو پۆلەکانی خوێندن و کەمی میلاکات قایمقامی قەزای کفری وتی: لە بواری پەروەردە کەمترین کێشە و گرفت لە سەنتەری قەزای کفری و ناحیەکان و سنوورەکە هەیە، لە ناو سەنتەری قەزاکەدا تەنیا سێ قوتابخانەی دوو دەوامی هەیە، هەموو قوتابخانەکانی تر یەك دەوامیە و زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو سیستەمە تازەیەی هەرێمی کوردستان،، هەر بۆیەش ئەمساڵ بینایەی قوتابخانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە لە کفری دروست نەکرا، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە قوتابخانەی تر نییە و زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە ئەوانەی بە تەواوی ئاوەدانن قوتابخانەیان هەیە، سەرەڕای ئەمە من لەگەڵ ئەوەم و سیستەمەکەشی ئەوە دەخوازێت کە هەر پۆلێك لە (٢٤) قوتابی زیاتر نەبێت، چونکە مامۆستا دەتوانێ بە تەواوی وانەکەی خۆی بڵێتەوە، بەڵام ئێستاکە لەلای ئێمە بۆتە ئاسایی کە(٤٠-٥٠) قوتابی لە پۆلێکدا بێت، لەلایەنی میلاکاتیشەوە تەنیا لە چەند وانەیەکی زانستی کێشە و گرفتمان هەیە وانەکانیش وەکو(فیزیا و کیمیا و بیرکاری و ئینگلیزی) و لە دامەزراندنی ئەمساڵیش نەمانتوانی ئەم میلاکاتانە چارەسەر بکەین، لەبەر نەبوونی ئەم پسپۆڕیانە.

### لەهەندێك حاڵەتدا نەخۆش سەردانی کەلار دەکات

سەبارەت بە بواری تەندروستی و کێشە و گرفتەکانی قایمقامی قەزای کفری گوتی: لە سەنتەری قەزای کفری نەخۆشخانە هەیە و لە ناحیەکان بنکەی تەندروستی هەیە، بەڵام بەپێی پێویست پزیشك لە نەخۆشخانەکە نییە، بەتایبەتی پزیشکی پسپۆڕ و نەشتەرگەری و ئافرەت، تەنیا ڕۆژانی پێنج شەممە لە نەخۆشخانەکەدا نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت، لە هەندێ حاڵەتی نەخۆشی و پێویست خەڵکەکە سەردانی نەخۆشخانەی کەلار دەکەن.

**تەنیا ڕۆژانی پێنج شەممە لە نەخۆشخانەکەدا نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت**

### بەم قەبارەیە پەرتوکخانە پێویست نییە

سەبارەت بە کەموکوڕی هەندێ بینایەی فەرمانگە و پێویست نەبوونی هەندێ بینایەی تر لە قۆناغەدا قایمقامی قەزای کفری گوتی: ئایا دروستکردنی پەرتوکخانە لەم قۆناغەی ئێستادا بەم قەبارە بەرفراوانە پێویستە و ئەوانەی سوودی لێوەردەگرن ژمارەیان چەندە، بێگومان بەڕاشکاوانە بە دیدی من دڵێم ئەم پەرتوکخانانە ئێستاکە کە لە قەزا و ناحیەکان دروست دەکرێت پێویست نییە، هەروەها سەنتەری ڕۆشنبیری منداڵان و پاراستنی منداڵان لە کفری دروستکراوە کە (٦٠) ژوورە و تەنیا سێ تا چوار کارمەندی تێدایە، دەپرسم ئایا داهاتوو و موراجیعەکانیان چەندە، ئەم بینایەو سەنتەرانە بەم ڕووبەڕووو و قەبارە پێویست نییە، لەکاتێکدا چەند فەرمانگە و بەشی تر لە کفری وەکو فەرمانگەی ئاو و ئاسایشی و پۆلیس.. تاد. بینایەیان نییە.

### دامەزراندنی کارگەی ڕیسایکلین خەونە ئەگەر بێتەدی

سەبارەت بە کۆکردنەوەی و خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك قایمقامی قەزای کفری گوتی: هەروەکو هەموو شار و شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان لەلایەن شارەوانییەوە لە ڕێگای تیم و تراکتور و ئامێرەکانیان



زبڵوخاشاکەکە بەشێوەیەکی تەقلید و کۆن لە ناو کۆڵان و گەڕەکەکان کۆ دەکەنەوە و لە پاشان دەیگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار، هاوکات بۆ خۆ زرگارکردن لە زبڵوخاشاکەکە هەر لەلایەن شارەوانییەوە چاڵ هەڵدەکوڵن و زبڵوخاشاکەکەی دەخەنە ناوی و بەخۆڵ سەری دادەپۆشن، دامەزراندنی کارگەی ریسایکلینی زۆر پێویست و گرنگە و خەونە ئەگەر بێتەدی.

## کارگەی رستن لەکفری

سەبارەت بەو کارگەی رستن کە لە کفری هەیە تاوەکو ئێستا لە کار کەوتووە و بۆچی بەکاری ناخەنەوە قایمقامی قەزای کفری گوتی: ئەو کاتەی کە ئەم کارگەی رستنە لە کفری دانرا لە سنوورەکە مەڕ و ماڵاتێکی زۆر بەخێو دەکرا و ساڵان خوریەکی زۆر دەهێنرا بۆ رستن، ئەو کاتە کەلوپەلی وەکو بەرە و مافور و بەتانی زۆر بەدەگمەن لە دەرەوە دەهاتە کوردستان، بەڵام ئێستاکە بەهۆی بازاڕی ئازاد و بازرگانی بەتانیەکی تورکی بە (١٥ تا٢٠) هەزار دینار دەکرێت، بەڵام ئەم پارچە بەتانیە بۆی هەیە لەلای خۆمان ئەگەر دروست بکرێت زیاتر لە (٥٠) هەزار دینار بکەوێت، واتە ئێستاکە ناتوانرێ کێبڕکێ لە نرخ و کوالێتی لەگەڵ کەلوپەلی بیانی بکرێت، بۆیە ناتوانرێ ئێستاکە ئەم کارگەیە بکەوێتە ئیش، بەڵام لە کاتێك رێگا لە بەرهەمی بیانی بگیرێت و کوالیتی بەرهەمی خۆماڵیشی بەرز و باشتر بکرێت ئەوە دەتوانرێ کار بەم کارگەیە بکرێت، گەرچی لەمن بپرسی و یەك ملیار دیناریشم بە یانسیب دەستکەوتبێت ئەوە یەك فلس لەم کارگەیە خەرج ناکەم، چونکە ناتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بکات.

## کەرتی گەشتوگوزاری فەرامۆشکراوە

سەبارەت بەوەی کەلە سنووری قەزای کفری ساڵانە بوار لە بارە گەشتیاری بەهاری دروست بکرێت، لەمبارەوە لەلایەن کەرتی تایبەت یا حکومەت چی کراوە قایمقامی قەزای کفری گوتی: لە بواری گەشتیاری سیاسەتی حکومەت ئەوەیە کە کەرتی تایبەت کار و پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدات، تا ئێستاکە کەرتی تایبەت و دەستەی وەبەرهێنان بۆ کەرتی گەشتیاری هیچ کار و پرۆژەیەکیان نەکردووە.

## بەنداوی باوەشاسوار. پرۆژەیەکی گەورە

قەزای کفری و سنوورەکەی دەشتێکی پان و فراوانی کشتوکاڵی و باخ و بێستانی هەیە، بۆ بەروبوودان و هاندانی ئەم کەرتە وەزارەتی کشتوکاڵ چی کردووە قایمقامی قەزای کفری گوتی: جگە لەم بەنداوە و جۆگەلەکانی ئاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هیچ جۆرە کار و پرۆژەی تری لە سنووری قەزای کفری نەکردووە، ئەم بەنداوە نزیکەی(٩) ملیار دیناری تێچووە و (٦) ملیۆن سێ جار ئاو دەگرێت، ئاوی چەمی کفری و ئاوی باران بارینی زستانان گلدەداتەوە، ئەم جۆرە بەنداوانە بۆ بەخێوکردنی ماسی و گەشتیاری و ئاودێری سوودی هەیە، هەر ئێستاکە ماسیمان لە هەولێر هێناوە و خراوەتە ناو بەنداوەکە و هەروەها دوو بەنداوی تری(تورابی) لە چەمی ئاوەسپی سەری خۆرنەوازان و چەمی لایخان دروست دەکرێت.

## سیستەمی ئیداری پێویستی بە گۆڕانکارییە

لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای کفری گوتی: کفری لە کەموکوڕی خزمەتگوزاری بەدەرنییە، چارەسەری کێشە و گرفتەکانی کفری بەدەر لە چاککردنی سیستەمی ئیداری لە هەرێمی کوردستان ناکرێت. هەروەها هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکان هەر لە پەروەردە و رێگاوبان تا دەگاتە تەندروستی و ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و ....تا، پێویستی بە کار و پرۆژەی زیاتر هەیە.



## بە بۆنەی کۆچی دوایی مەحمود زامداری ئەدیبەوە

# فرمێسکێکی خەمبارانە بۆ هاوڕێیەکانم لەو کاتەدا کە ژیان جێدێڵن



دکتۆر شێرزاد نەجار

لەگەڵ بیستنی کۆچی ناوادەی ئەدیب و ڕۆشنبیرو هاوڕێ و کەسێتی وجوودیی مامۆستا مەحمودی مەلا عەبدوڵڵای زامدار، خەم و نیگەرانی دایگرتم، دیارە هەر وا لە چارەمان نووسرا کە بە ماوەیەکی پێوانەیی دوا ماڵئاوایی لە پۆلێك براو هاوڕێ و دۆستی ئازیزمان بکەین، بە تایبەتی براو برادەرو هاوڕێم، خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵاحەدادی بە ڕەسەن هەولێری، کە تا ئاستی عیشقی خوایی شارە دێرینەکەی خۆی خۆشدەویست، هەروەها ئەدیب و شاعیرو تێکۆشەرو هاوڕێم مەهدی خۆشناو؛ پشت و پەنای چەوساوەو هەژاران، لەگەڵ هاوڕێم نەوزاد بۆتانی ئابووریناس و پسپۆری کارگێڕی، هەروەها سۆفیگەرو تێکۆشەر نەوزادی محەمەد عەلی موختارو جەلال خۆشناوی قەشەنگ و هەمیشە ڕۆح گەنج و بۆ دواجاریش مەحمود زامدار..

هەموو ئەمانە لەو ئەڵقەیەدا بوون شایەن وجێگەی ئەوەن مرۆڤ شانازییان پێوە بکات، چونکە هەڵگری بەهاو ڕێبازگەلێك بوون کە لەم ڕۆژگارەدا پابەندێ صی بەو بەهاو ڕێبازەوە کەم و دەگمەنن، خودان ڕێکەوتیش هەموویان پێشتر لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا ئەندام بوون، هەندێکیان لەو یەکێتییەدا گەیشتنە ئاست و پلەی سەرکردایەتی، لەوانە نەوزاد محەمەد عەلی و جەلال خۆشناو و مەحمود زامدار.

لە زەمەنێکدا مەحموودم ناسیوە، بە تەواوەتی ناسینی وی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چل ساڵی بەر لە ئێستا، بەهۆی توندو تۆڵی ئینتیماو لایەنگیریمانەوە بۆ شارە دێرینەکەمان و بۆ ڕێبازە فیکرییەکانی کە لەو سەردەمانەدا سەریان هەڵدابوو، خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵاحەداد پێوەندی نێوانمانی تۆکمەتر کردبوو، گەرچیش لەو ساتەوەختانەدا نزیك بووین لە وجودییەت و هەندێك جاریش نزیك بە پوچگەرایی (عەبەسییەت)، مەحمود زامدار لە ژیانیدا پێڕەوکاری ئەم ڕەوتانەش بوو( لێرەوە ڕەفتاروکردەوەکانی مەحمود بەراورد دەکەمەوە بە کردەوەکانی هەندێك لە شاعیرە مەزنەکانی عیراقی بە نموونەی عەبدولئەمیرحصێری و حوسێن مەردان) ئەمیش وەك ئەوان کاتێك دەچووە یانەکانەوە، سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانەی کە تایبەت بوون بە موعانات و خەمی ڕۆشنبیرەوە دەدواو بەوپەڕی چێژیشەوە وشەکانی وەك دوڕو یاقووت لە زار دەردەچوون، بەڵام کەس گوێی پێ نەدەدا و کەسیش لێی تێنەدەگەیشت( ئەمە حاڵی هەر ڕۆشنبیرێکی ژیاوی ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە کە لە ئازارو قەهردا دەسووتێن)

مەحمود لە تێکۆشاندا پێشەنگ بووە، بە هاوشانی هەڤاڵانی خۆی لە بەغداو لە ناو یەکێتی قوتابیاندا لەوانەش تێکۆشەران (قادرحەمەد ئەمین و ئەنوەر ڕەئیس) سەر سەختانە بەرپرسیارێتی لە ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆ دەگرت، لە یادمە کۆتایی ساڵانی شەستەکان بوو کە پێکەوە سەردانی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵاحەدادمان کرد، حەدادمان لەو ژوورەی خۆیدا بینی کە بە دینارێك یان کەمتر بەکرێی گرتبوو، ژوورەکەی زۆر سادەو هاکەزایی بوو، دەکەوتە ئەو کۆڵانەی تەنیشت مزگەوتی گەورەی حەیدەرخانەوە، لەوێ هەندێك پارچەی بچکۆلانەی بڵاوکراوەو چاپەمەنی تەنزیمی پێ نیشان داین، جێی وەبیرهێنانەوەیە کە شانەو ڕێکخستنەکانی تەنزیمات لەو قەرەوێڵەیەدا شاردرابوونەوە کە حەداد لەسەری دەخەوت، لاقەکانی قەرەوێڵەکە لە لوولە بۆری ناوبۆش پێکهاتبوو، بەڵام ئەو پڕی کردبوون لەو پارچە کاغەزانەی کە مەترسیدار بوون بۆ ژیانی خۆی لەو سەردەمەدا، لە ژیانی ئەو تێکۆشەرانەی بێ ئەوەی چاوەڕوانی پارەو پوول بکەن سەردەمێکی بەهەرمێن بوو، بێ چاوەڕوانی هیچ بەرانبەرێك تێدەکۆشان و خەباتیان دەکرد.

هەمیشە مەحمود بەخوێندنەوەوە سەرقاڵ بوو، کاتێك لە قاوەخانەی پەرلەمان کە قاوەخانەکە دەکەوتە حەیدەرخانە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا دادەنیشت، سەبارەت بە خەمەکانی گەنجان و ڕۆشنبیران و تێکۆشەران بەدوورو درێژی گفتوگۆی ساز دەدا..

کاتێکیش لەساڵی ١٩٧١خوێندنی زانکۆیی لە بەغدا تەواو کرد، بەهەمان سەمت و شێوازی ڕێکخستن و ستایلی ژیانیەوە کە لە بەغدا گرتبویە بەر، گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی و یانەکانی بەسەردەکردەوە، لە هەر شوێنێك چ لە چایخانەکان یان یانەکاندا دانیشتبا هەر خۆی سەرپەرشتیارو کۆڕگێڕی یەکەمین و سەردەستە دەبوو(حەلاج وتەنی: لەکوێ دانیشتبایە هەرخۆی پێشەنگی دانیشتنەکەیە) کۆڕەکانی یانەی ئیعلام و یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەوانی تریشی هەرهەموویان شایەتحاڵی ئەو داهێنان و هەرا ڕۆشنبیریانەین، بۆیە وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەی سمینارو کۆڕەکان، ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە ژیانی ڕۆشنگەری و ئەدەبیدا دەگێڕا، هاوکات خاوەنی هەڵوێست و ڕای تایبەت بەخۆی بوو..

شوێنەکەی مەحمود پڕ نابێتەوە هەر وەك چۆن شوێنی پیربال مەحمودی دڵساف و دوور لە ڕق و کینە بە هیچ کەس پڕ نەبۆتەوە، بە ڕۆیشتنی زامداریش ئەدەب و شیعری کوردی یەکێك لە دینگەکانی خۆی لە دەست دا، مخابن کە ئێمەیش برادەرێکی ئازیزمان لە دەست چوو.

دوای ئەو هاوڕێ ئازیزو خۆشەویستانەو بۆ ئەوانەشی کە لەدواتردا پێیان دەگەنەوەو ژیان بە جێدەهێڵن، پێویستە ڕۆندکێ لە چاومان دابکەوێت..

# هەڵگرتنی "3" سفر لە سەر دراوی عێراقی

سیاسەتی هەڵگرتنی (سفر) لە سەر دراو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کاری پێکراوە، ئەم بابەتەش لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراق و بەرپرسانی بانکی ناوەندییەوە باس دەکرێت و لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە. ئەگەر بەرووکەشی سەرنج بدەینە ئەم بابەتە هەستیارە ئەوا کاریگەرییەکانی لە ماوەیەکی درێژخایەندا لەسەر ئابووری وڵات بە ئەرێنی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە دووبارە ناو لێنانەوەی چەشنەکانی دراو گرفت نییە و ئاساییە، وەك زەنگێك بە گوێی هاووڵاتییانی بەتەمەن دەزرینگێتەوە، توانای پێشتری دراوی عێراقیان دێتەوە بەرچاو کە یەك دینار سێ دۆلار زیاتر بوو، لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوت و دوور لە بنەما ئابوورییەکانەوەو دواتر سەپاندنی سزا نێو دەوڵەتییەکان هەمووی دۆخێکی وای لێکەوتەوە ئەم دراوە بە توانایە بێ هێز کرا و زیانی یەکەمیش بەر هاووڵاتی و گەلانی عێراق کەوت. ئامانج لە کرداری هەڵگرتنی سفرەکان بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی دراوی بەردەستە لە ئابووری وڵات دا، چونکە تەنها دەبێتە مایەی لابردنی وەهمی نەختینەیی.

دوای ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییانە دراوی عێراقی نوێ تایبەتمەندییەکانی سەردەم لە خۆ دەگرێت و دراوی کۆنی سویسری زیندوو دەکاتەوە، ئەمەش لە بەر چەشنی بچووکی دراوەکە، بڕوا وایە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش کاریگەری ئەرێنی یا نەرێی بە سەر ئابووری عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەبێت، چونکە ئەم گۆڕانکارییە بارودۆخێکی نوێ لە ژیانی ئابووری هاوڵاتیان دێنێتە کایەوە. بۆیە دەتوانین بەگشتی لایەنە ئەرێنی چاوەڕێکراو لە ئەنجامی هەڵگرتنی سفرەکانی سەردراو بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەم مەرجانەی سەرەوە کورتبکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١) بە شێوەیەکی گشتی باوەڕو متمانە لە لایەن هاووڵاتییان زیاد دەبێت.

٢) سانایی لە ئاڵوێرکردن و هەڵگرتن و گواستنەوە.

٣) پاڵپشتیکردن و زیادکردنی توانای دامودەزگا دارایی و بانکییەکان.

٤) جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بە ژیری بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە مایەی گەشەپێدان و چاکبوونی ئابووری وڵات و مایەی کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

٥) گرنگە وڵاتێکی وەك عێراق ئەمڕۆ دراوێك دەربکات زیاتر لە زمانێکی لەسەر بێت.

بڕیاری هەڵگرتنی سفرەکان دەبێ لە ژێر بارودۆخێکی ئارامدا بێت، سەرەڕای ئەوەی پێویستە بەهای دراو هاوسەنگ بێت بەم شێوەیەی ئێستا لە هەڵبەزین و دابەزین نەبێت، بەڵام لێرەدا ئەم تایبەتمەندیانە بەدی ناکرێت، هەروەها ماوەیەکی زۆرە و بە بەردەوامی بارودۆخی ئابووری شپرزەیی لێ بەدی دەکرێت، بۆیە هەڵگرتنی سفرەکان پێوەندی و کاریگەری لە سەر هەڵاوسان نابێت، بەڵکو جێبەجێ کردنی ئەم پرۆسەیە تەنها لە سەر لایەنی دەروونی هاووڵاتییان ڕەنگ دەداتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بڕوا وایە جێبەجێکردنی پێشنیاری هەڵگرتنی سفرەکان لایەنی نەرێی زیاتر بێت لە لایەنی ئەرێنی وە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بەهای دراوی نوێ وەك لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری کراوە:

١) لە بەر ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵگرتنی سفرەکانی دراو دووبارە هەڵسەنگاندنی بەهاکەی، بۆیە لە کاتی هەڵگرتنی سفرەکان هاوڵاتیان زەرەرمەند دەبن بە تایبەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

٢) ترس هەیە کە دراوی بیانی بەرەو دەرەوە ڕەوانەبکرێت.

٣) دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی دراو بەرزکردنەوەی بەهاکەی لە میانەی چاککردنی نرخی خەرجیەکان لە بەرژەوەندی ئابووری وڵات نابێت، ئەمەش لەکاتی جێبەجێ کردنی بەکردەیی دەردەکەوێت کە زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە، گەر هاتوو بەچاککردنی نرخی خەرجییەکان لەم ڕووەوە لە چەند لایەك زیانی لێدەکەوێت بۆ نموونە:

أ- بەهای کڕینی دراوی نیشتیمانی کەم دەبێتەوە، بەم شێوەیە دەبێت زیاتر لە پێشتر پارە تەرخان بکات بۆ مووچەخۆرانی دەوڵەت.

ب- نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕی نێوخۆیی روو لە بەرزبوونەوە دەکات.

ت- بانکەکانی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی هاوسێ هەڵدەستن بە ناردنەوەی ئەم دینارە عێراقیەی کە هەیانە بۆ عێراق.

٤) هەڵگرتنی سفرەکانی سەر دراو دەرگایەك لە دەرگاکانی گەندەڵی دەکاتەوە لە بەردەم دام و دەزگاکانی میریدا، چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی خەرجییەکان.


٥) لە ئەنجامی گۆڕینی شێوەو بەهای دراو لایەنی دەروونی زۆر لە هاوڵاتیان تێك دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری زیادبوونی داواکاریان لە سەر کاڵا و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتی (زەوی و خانوو بەرە و زێڕ)، ڕاستەو خۆ کار دەکاتە سەر زیادبوونی نرخیان بە چەند جار.

٦) کاتێ گۆڕانکاری سەر هەڵدەدات لە سەر دراوی نیشتیمانی، ڕەنگدانەوەی پێچەوانەیی دەبێت لە سەر پارێزگاریکردن لە سەر دراوی بیانی، چونکە تاك وای دەبینێ دۆلار هەرزان بووە کە پێشتر بە ١٢٠٠ دینار دۆلارێکی بەدەست دەهێنا بەڵام دوای ئەم پرۆسەیە بە( ١) دینار و (٢٠٠) فلس بە دەستی دەهێنی، بۆیە دیسان روو لە دۆلار دەکرێت.

٧) لە ئەنجامی دابەزینی بەهای دراوی بیانی لە ١٢٠٠ دینار بۆ دۆلارێك بۆ ( ١) دینار و (٢٠٠) فلس، لێرەد دەبینین کاڵا و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بە دۆلار نرخیان بەرز دەبێتەوە.

٨) هەڵگرتنی سفرەکانی سەر دراو جارێکی تر هاووڵاتییانی کوردستان تووشی زیان دەکات، لە بەر ئەوەی پێش هاتنی چاپی نوێ لە دراوی (برێمەر) بانکەکان و هاووڵاتییانی کوردستان خاوەنی دیناری سویسری بوون و مامەڵەیان پێ دەکرد، لە کاتی گۆڕینەوەی دراو (١ دیناری سویسری) بە (١٥٠ دیناری بریمەر) گۆڕدرایەوە، بە مانای بۆ (١٠٠٠ دینار) (٦،٦٦٧دینار) تەرخانکرا، وە ئێستا لە کاتێ ئەم (٣ سفر هەڵبگیرێت (١٠٠٠ دینار) دەبێتەوە (١ دینار) کەواتە (٦،٦٦٧دینار) بۆ هاوڵاتیانی کوردستان تەنها بوو بە (دینارێك) بە مانای (٥،٦٦٧ دینار) زەرەر کرا لە هەر (١٠٠٠ دینار).

لە ڕاستیدا هاووڵاتیانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) لە کاتی گۆڕینەوەی دراو زیانیان بەرکەوت گەر بێت و بەراورد بکەین لەگەڵ هاووڵاتییانی شارەکانی تری عێراق. ئەرکی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەکەوێتە ئەستۆی بانکی ناوەندی عێراقی کە پێش وەرگیرانی ئەم بڕیارە پێویستە ئامادەکاریی تەواو هەبێت سەبارەت بە ئەرکەکانی بانکەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئەم گۆڕانکارییە بۆ هاووڵاتییان، پێویستە ئەم پرۆسەیە بە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.



غازی عوسمان

**لابردنی سفرەکانی دینار پرۆسەیەکی هەستیارە و ئامادەکارییەکی کەمی بۆ کراوە**